WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12 22ی گوڵانی 2714 (750) دینار

## یەکێتی داوای لادانی پشووی لەدایکبوونی بارزانی دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

13 پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە ڕێگەی پڕۆژە یاساکەوە دەیانەوێت چیدیکە 3/14 نەکرێتە پشوو لە کوردستان، کە ڕۆژی لەدایکبوونی مەلا مستەفا بارزانییە. گەشە دارا پەرلەمانتاری ئەو حیزبە لەبارەی نەهێشتنی ئەو پشووە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی بکەینە پشوو، دەبێت ڕۆژی لەدایکبوونی شێخ مەحمود و قازی محەممەد و شێخ سەعیدی پیرانیش بکەینە پشوو". بەڵام مەردان خدر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "هەر دەبێت ئەو ڕۆژە وەک پشوو بمێنێتەوە، چونکە بارزانی نەمر سەرکردەی هەموو کوردە، نەدەبوو یەکێتی دەست بۆ ئەو بابەتە ببات".

هەروەها سۆران عومەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە نەدەبوو یەکێتی لەم وەختەدا ئەو بابەتە بجوڵێنێ "کورد پێویستی بە یەکهەڵوێستی و سازانی نیشتمانی هەیە". سۆران عومەر گوتیشی "پێموایە یەکێتی تەنیا یەک ئامانجی هەیە، ئەویش ئیستفزازکردنی پارتییە".

6 »

ئارام شێخ محەممەد:

### بڕیاری جەنابی پارێزگاری داهاتووی سلێمانی دەبێ جێبەجێ بکرێ

3

### بەغدا کوردی هاندا نەوتی خۆی هەناردە بکات؟

18

### گەورەترین شاعیری ئیسرائیل شیعر بۆ پێشمەرگە دەنووسێت

20

بەرپرسە باڵاکانی هۆشداری دەدەن:

# یەکگرتوو لەناودەچێ

4 »






ڕووداو

ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12

## "کاتی دابەشکردنی مووچەی مانگی نیسان دیار نییە"

**ڕووداو- هەولێر**

چێنەر خەفاف، بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی ئەنجوومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تاوەکو ئێستا کاتی دابەشکردنی مووچەی مانگی نیسان دیار نییە، بەڵام گوتی "بەڵام بە دڵنیاییەوە بەمنزیکانە دەست بە دابەشکردنی مووچەی مانگی نیسان دەکرێت". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە بەغدا مووچەی دوو مانگی ڕابردووی نەناردووە، بۆیە پشت بە داهاتی ناوخۆ دەبەستن و گوتی "هەر کاتێک داهاتی ناوخۆ گەیشتە ئەو ئاستەی مووچەی فەرمانبەرانی پێ بدرێت، دەست بە دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران دەکەین".



### بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی مەترسیدار لە سعودیە

# ئەگەرێکی بەهێز هەیە گەشتی عەمرە ڕابگیرێ

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

ساڵانە هەزاران کەس لە هەرێمی کوردستانەوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی فەریزەی حەج و سوننەتی عەمرە، ڕوو لە سعودیە دەکەن کە ئێستا ڤایرۆسێکی مەترسیدار و بکوژی تێدا بڵاوبووەتەوە بەناوی "کۆرۆنا".

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ترسی هەیە لە گواستنەوەی ئەو ڤایرۆسە لە سعودیەوە بۆ کوردستان لە ڕێگەی عەمرەکاران کە ئێستا وەرزی عەمرەیە، بۆیە ڕۆژی سێشەممە بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات لەبارەی گەشتی عەمرە.

### "دەترسێین بگاتە کوردستان"

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هۆشداری دەداتە ئەو وڵاتانەی کە ئەو ڤایرۆسەیان تێدا بڵاوە، بەتایبەتی سعودیە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ ڤاکسینێک بۆ ڕێگەگرتن و لەناوبردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەدۆزراوەتەوە، وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانیش مەترسی بڵاوبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی تیمێکیان ئامادەکردووە بۆ ڕێنماییکردنی عەمرەکاران تاوەکو خۆیان لە مەترسی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بپارێزن، هەروەها بە چەند ڤاکسینێک دەکوترێن دژی نەخۆشییەکانی دیکە.

د. خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕێنمایی تەواوی عەمرەکاران دەکەین بۆ خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە کوشندەیە، بەڵام ترسی تووشبوونمان هەیە بەهۆی نەبوونی چارەسەری ئەو ڤایرۆسە".

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتی "لە کاتی گەڕانەوەی عەمرەکارەکان، تەواوی پشکنینەکانیان بۆ دەکرێت، بە تایبەت ئەو کەسانەی نیشانەکانی تووشبوون بە کۆرۆنایان لێدەردەکەوێ".

ڤایرۆسی (کۆرۆنا) کە پەتای (سارس) تووشی مرۆڤ دەکات، دەبێتە هۆی ئاوسانێکی توندی سییەکان و ڕشانەوەی لەگەڵدایە، هەناسەش توند دەبێت، هەروەها گورچیلەکانیش بەباشی کارناکەن و هەرەس بە سیستەمی بەرگری لەش دێنێ و دواجار تووشبوو دەکوژێت.




(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

### لە سعودیە 133 کەسی کوشتووە

تەنیا لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە نزیکەی 70 هەزار کەس بۆ گەشتی حەج و عەمرە ڕوو لە سعودیە دەکەن کە ئێستا ئەو ڤایرۆسەی تێدا بڵاوبووەتەوە.

وەزارەتی تەندروستی سعودیە، ڕۆژی 10ی ئەم مانگە حەوت حاڵەتی مردنی تازەی ڕاگەیاند. هەروەها لە ساڵی 2012ەوە تاوەکو ئێستا 473 کەس لە سعودیە تووشی ئەو پەتایە بوونە کە 133 کەسیان بەوهۆیەوە مردوون و مەترسیی ئەوە هەیە 50%ی تووشبووانی ئەو ڤایرۆسە بمرن.

### لە حوشتردا بینراوە

چەند زانایەکی ئەمریکی، لێکۆڵینەوەیان لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە کردووە لە سعودیە، لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوتووە شوێنەواری ڤایرۆسی کۆرۆنا بە لەشی حوشترەوە دیار بووە. دواتر بۆیان دەرکەوتووە کە 74%ی حوشترەکانی سعودیە تووشی ئەو ڤایرۆسە بوونە، بۆیە هۆشداری دەدەنە خەڵک کە نزیکی حوشتر نەبنەوە و دەستی لێنەدەن، چونکە ڤایرۆسەکە بەهۆی بەرکەوتن دەگوازرێتەوە.

کۆرۆنا ڤایرۆسێکی کوشندەیە و نزیکەی دوو ساڵە لە چەند ناوچەیەکی جیهان بڵاوبووەتەوە. یەکەم حاڵەتی مردنیش بەو ڤایرۆسە لە حوزەیرانی 2012 لە سعودیە تۆمارکراوە.

ئەو ڤایرۆسە زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبووەتەوە، بە تایبەت وڵاتە عەرەبییەکان، بەڵام چەند نموونەیەکیش لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا تۆمارکراون. ئەم نەخۆشییە لە ئەوروپا بە MERS ناسراوە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕایگەیاند "سەرجەم ئەو کەسانەی لە ئەوروپا تووشی ئەو نەخۆشییە بوون، پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، بۆ نموونە دوو کەس بەم دواییە سەفەری ئیماراتیان کردووەو تووشی ئەو ڤایرۆسە بوون".

لەلایەکی دیکەوە سەنتەری خۆپاراستن و قەڵاچۆکردنی نەخۆشییەکان لە ئەمریکا یەکەم حاڵەتی تووشبوون بەو نەخۆشییەی ڕاگەیاند "ئەو کەسەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە کارمەندی کەرتی تەندروستییە و پێشتر سەردانی شاری ڕیازی سعودیەی کردووە".

### پیاوێک بە دەستی کوڕەکەی و ژنەکەی دەکوژرێ

# "تەرمی مێردەکەی لە ژوورەوە بوو ئەویش حەوشەی دەشووشت"

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

پیاوێک لە نیوەشەودا لە نێو ماڵی خۆی دەخنکێنرێت، دیمەنە سەرنجڕاکێشەکە لای دراوسێکانی ئەوە بوو کە "تەرمەکە لە ژوورەوە بوو، کەچی ژنەکە ئاسایی دەردەکەوت و حەوشەی دەشووشت". برای ئەو پیاوە دەڵێت "کێشەکە ئەوە بوو، ئەو ژنە دەیویست بەسەر براکەمدا زاڵ بێت و بیکاتە کۆیلەی خۆی، بەستەزمانە بوو بە کۆیلەی ژنەکەشی، بەڵام هەر کوشتی".

ڕۆژی 2014/5/8 لە گەڕەکی 12ی گوڵان لە شاری هەولێر، پۆلیس تەرمی پیاوێکی لە نێو ماڵەکەی خۆی هێنایە دەرەوە، ئەو پیاوە تەمەن 49 ساڵە کە ناوی بورهان عوسمان بوو، لە نیوە شەودا خنکێندرابوو. پۆلیس بە تۆمەتی خنکاندنی ئەو پیاوە دوو کەسی زۆر نزیکی دەستگیرکردووە، ئەوانیش ژن و کوڕێکی بورهانن.

بورهان 25 ساڵە ژنی هێناوە و باوکی 5 منداڵ بوو (3 کچ و 2 کوڕ) ئەو کوڕەی تۆمەتبارە، ناوی (م)ە و تەمەنی 16 ساڵە، قوتابی پۆلی 10ی بنەڕەتییە.

کەمال عوسمان، برای بورهان بەرلەوەی باسی ڕووداوەکە بکات، باسی سزادانی بکوژی براکەی کرد و داوای کرد "تۆمەتباران سزا بدرێن، بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە جورئەتی ئەنجامدانی تاوانی وا نەکات".

وەک کەمال باسی کرد، ئەوان بەنیازبوون دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی بورهانی تێدا کوژرا، لەگەڵ ماڵی بورهان و چەند خزمێکی دیکەیان بچنە سەیران، بۆیە کاژێر 9ی شەو قسەی لەگەڵ بورهانی برای کردبوو، باسی گەشتەکەیان کردبوو، بەڵام داخستنی مۆبایلی بورهان، هەمووانی خستە گومان و دوو دڵی، گومانێک کە ئەنجامەکەی کارەسات بوو "برایەکی دیکەم لە ژینگەیە، ئەویش گوتی ئەمڕۆ کۆبوونەوەمان هەبووە، کاکم نەهاتبوو، بۆیە تەلەفۆنمان بۆ ژنەکەی کرد، گوتی لە شەوەوە چووەتە دەرەوە".

### "بە چەقۆوە بۆمان هات"

کەمال کە ئەو قسانەی پێ سەیر دەبێت، ڕوو لە ماڵی براکەی دەکات "کە چووینە ماڵیان وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، لە کوڕەکەیم پرسی کاکم لە کوێیە، گوتی باوکم شەو ڕۆیشتووە، چووەتە گەشتکردن، کچە بچوکەکەشی گوتی ئەم بەیانییە ڕۆیشتووە، بۆیە زیاتر گومانمان کرد، ئۆتۆمبێلەکەیشی لەبەر دەرگا بوو، ویستمان بچینە ژوورەوە ڕێگەیان نەدا بچینە ژوورەوە، کوڕەکەی دەستی دایە دوو چەقۆ، بۆمان دەهات تا نەچینە ژوورەوە، بەڵام گومانی ئەوەم نەکرد خنکێنرابێت، کێ لەو بڕوایەدایە ژن و کوڕ بیکوژن".

کەمال ئەوێ بەجێدێڵێ و بە مەفرەزەیەکی پۆلیسەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام تاوەکو ئەوان دەگەنە ئەوێ ژنەکە و منداڵەکان ماڵەکە بەجێدێڵن، کەمال دەڵێت "چووینە ژوورەوە، بینیمان دەست و پێی بورهان بەستراوەتەوە، لەناو بەتانییەکیان ئاڵاندبوو، مل و پشتی شین و مۆر هەڵگەڕابوو، خوێن لە گوێیەکانی هاتبوو، دیاربوو ئامادەیان کردبوو شەو فڕێی بدەن و ئێمە تاوانبار بکەن".

پۆلیسی هەولێر دوای سێ کاژێر توانییان تۆمەتبارەکان دەستگیر بکەن کە ژن و کوڕی کوژراوەکەن. بەقسەی پۆلیس "تاوانەکە کاژێر 1:30 خولەکی شەو ڕوویداوە، کوڕەکەی دانی بەوەدا نا کە لەگەڵ دایکی هەوڵی کوشتنی باوکی داوە، پاشان کوڕەکە باوکی خۆی خنکاندووە، تا ئێستا ژنەکە دانی بە کوشتنی مێردەکەیدا نەناوە".

بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانی پۆلیسی هەولێر، هیچ نیشانەیەکی چەقۆ و فیشەک بە جەستەی بورهانەوە نەبووە "ئەو پیاوە سەرەتا ئەشکەنجە دراوە، پاشان خنکێنراوە".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی بورهان دەیگوت "ئەو ژن و پیاوە بەردەوام کێشەیان هەبوو، بەڵام کەس نەیدەزانی کێشەکە چییە، سێ ڕۆژ زووتر دیسان ویستیان لەو پیاوە بدەن، بەڵام ئەو پیاوە هی ئەوە نەبوو تاوانێکی وای کردبێت تا بکوژرێت، هەموو دراوسێکان تووشی شۆک بووین، بورهان بەستەزمان بوو، وەکو پەرەسێلکە وابوو، بەردەوام منداڵەکانی دەبردە قوتابخانە و نەیدەهێشت 100 مەتر بەپێ بڕۆن".

ئەو دراوسێیەیان ئەوەی بەلاوە سەیرە ژنەکە دوای ڕووداوەکە خۆی وا نیشانداوە کە هیچ ڕووینەدابێت "ئەو ژنەم بینی حەوشەی دەشووشت، تەرمی مێردەکەشی لەژوورەوە بوو، بەخوا زۆر سەیرە، ژیانی خۆی بە ئاسایی دەبردە سەر".

### "کێشەکە کۆیلایەتی بوو"

کەمال، هۆکاری کێشەی براکەی و ژنەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "ژنەکە دەیویست زاڵ بێت بەسەر مێردەکەیدا، دەیویست ئەو چۆنی بوێت ئەوها بێت، وەکو کۆیلەی ئەو بێت، بۆیە براکەم هەر تەنازولی دەکرد، هەتا دراوسێکان دەیانگوت چەندینجار ئەو پیاوەمان لەبەر دەستی ژنەکەی دەرهێناوە ویستوویەتی بیخنکێنێت، دەیویست ببێتە کۆیلە، بەستەزمانە بووە کۆیلەش، بەڵام هەر کوشتی".

کەمال دڵنیایە لەوەی ژنی براکەی و کوڕەکەی ئەو کارەیان کردووە "ئێمە گومان دەکەین کەسی دیکەشی لەگەڵ بێت، بەڵام تا ئێستا هیچ تێناگەین بۆ وایان کردووە، دەڵێن 3- 4 ڕۆژ پێشتر لێیان دابوو، زۆرجاری دیکە لەگەڵ کوڕەکەی لێیانداوە، بەڵام براکەم هەرگیز باسی نەدەکرد".

کەمال گوتیشی "براکەم ئەگەر فەقیر نەبا، چەندین ساڵە ئەشکەنجەی دەدەن، بە ئێمەی نەدەگوت، ئەو ژنەش بەردەوام دەڕۆیشت، دوو مانگ سێ مانگ جارێک دەڕۆیشتەوەو دەچووە ماڵی براکەی زیز دەبوو".

### ئۆتۆمبێلەکانی بۆ قاعیدە ناردووە

# بکوژی سەرەکی 16 شوفێرەکە کوردە

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

تەرمەکان تێکچووبوون، خەڵکێکی زۆر لە چاوەڕوانیی دەرهێنانیاندا بوون، لەوانەیە هەرگیز بە بیری کەسوکارەکەیاندا نەهاتبێت لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا شاردرابنەوە.

نزیکەی 11 مانگ لەمەوبەر 16 شۆفێری تاکسی لە نێوان کەرکووک و سلێمانی بێسەرشوێن بوون، بەڵام دواتر لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا تەرمەکان دۆزرانەوە.

بەپێی لێدوانی ئەوانەی تەرمەکانیان بینیوە، شۆفێرەکان پێش لە چاڵنانیان بە تالیبەر کوژراون، هەڵکەندنی چاڵێکیش بە حەفارە بۆیان زیاتر تاوانەکەی وەک تاوانێکی ڕێکخراو دەرخست، هەروەها چەندین پرسیاریشی دروستکرد.

خەلیل قاسم، مامی یەکێک لە قوربانییەکان، لەنێو ئاپۆڕای خەڵک و حەفارەکاندا وەستابوو، چاوی لەسەر چاڵەکان بوو تا شوێنەواری شێرکۆ محەممەدی برازای لە سوچێکەوە دەربکەوێت. خەلیل بە (ڕووداو)ی گوت "برازاکەم پۆلیسی فریاکەوتن بوو، دوای دەوام ئیشی تاکسی دەکرد".

دیارنەمانی شوفێرانی نێوان هێڵی کەرکووک – سلێمانی وەکو مەتەڵێکی لێهاتبوو، جگە لەوەش ترسی خستبووە دڵی شۆفێرانی ئەو هێڵەوە. دوای 4 مانگ تەرمی 4 لەو شۆفێرانە لە شوێنی کۆکردنەوەی زبڵ و پیسی لە نزیک تەکیە دۆزرانەوە. 12 تەرمەکەی دیکەش ڕۆژی 2014/5/10 لە نێو باخێک لە نزیک شارۆچکەی بازیان دۆزرانەوە.

ئەو باخەی تەرمەکانی تێدا حەشاردرابوو، دەکەوێتە نزیک گوندی کانی شەیتانی سەر بە ناحیەی بازیان، پاسەوانی ئەو باخە بە ڕەگەز عەرەب بووە و هاوکار بووە لە ڕێکخستنی تاوانەکەدا، هەر ئەویش گۆڕهەڵکەنیان بووە.

شێرکۆ محەممەد، 29 ساڵ، دانیشتووی شاری کەرکووک بوو، باوکی 3 منداڵە، لە ڕۆژی 2013/10/16 دیار نامێنێت، خەلیلی مامی دەڵێ "ماوەی 25 ڕۆژ بوو ئەو ئۆتۆمبێلەی کڕیبوو، پێش ونبوونی تەلەفۆنی بۆ کوڕە پووری خۆی کردبوو، پێیگوتبوو ئێستا نەفەرێکم پێیە دەیبەمە سلێمانی و زۆرم پێناچێت دەگەڕێمەوە، لەسەر 120 هەزار ڕێکەوتووین بۆ ڕۆیشتن و گەڕانەوە".

شێرکۆ هیچ زانیاری دەربارەی ئەو کەسە نەدابوو، تەنیا گوتبووی خێزانەکەی لە نزیک باخێکی سلێمانییە و دەیهێنێتەوە بۆ کەرکووک.

تەرمەکان ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیبوو، هەر بۆیە ناسینەوەیان ئاسان نەبوو، بەڵام مامی شێرکۆ زۆر بە ئاسانی تەرمی شێرکۆی ناسییەوە، خەلیل گوتی "شێرکۆ ئەڵقەی لەدەستدابوو، لەسەر قۆڵی ڕاستیشی ناوی خۆی نووسیبوو، هەرچەندە کەمێک نووسینەکەی ڕوشابوو، بەڵام هەر ناسیمەوە".

ڕەفعەت فاتیح، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند نزیکەی ساڵێکە 16 شۆفێری تاکسی لە نێوان سلێمانی و کەرکووک دیارنەمان "شۆفێرەکان بە تالیبەر کوژراون و دواتر لەنێو ئەو باخەدا بە حەفارە چاڵیان بۆ هەڵکەنراوەو شاردراونەتەوە". هەروەها گوتیشی "تەرمی هیچ یەکێک لەو شۆفێرانە ناناسرێنەوە چونکە جەستەیان ڕزیوە و بەبێ جلوبەرگیش شاردراونەتەوە".

### بکوژی سەرەکی کوردە

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێک لە تۆمەتبارەکان پێشتر دەستگیر کرا، ماوەی دوو مانگ بوو لە پۆلیسی سلێمانی بوو، دانی بە تاوانەکەدا نەدەنا، بەڵام دوای ئەوەی گواسترایەوە بۆ کەرکووک، لە ماوەی 24 کاژێردا دانی بە تاوانەکەدا ناو ئاشکراشی کرد کە 3 کەسی دیکەی بە ڕەگەز عەرەبی لەگەڵدایە".




گوتیشی "بکوژی سەرەکی ئەو شوفێرانە کوردە".

بەڵام سەرچاوەیەک لە ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوانبارەکان زۆرن و تاوەکو ئێستا سێ لەوانە دەستگیر کراون و دانیان بەتاوانەکەدا ناوە، بەڵام هێشتا کەسی دیکە ماوە دەستگیر بکرێن".

### خاوەن باخەکە هەڵاتووە

ئەو باخەی کە تەرمی شۆفێرەکانی تێدا حەشاردراوە، خاوەنەکەی کوردە. بەگوتەی ئاسایش بکەری سەرەکی تاوانەکەیە و بەمەبەستی هاوکاریکردنی ڕێکخراوی قاعیدە شۆفێری تاکسییەکانی کوشتووە و ئۆتۆمبێلەکانیشی بۆ ڕێکخراوەکە ناردووە.

بەپێی قسەی سەرچاوەکەی ئاسایش، خاوەن باخەکە کە ناوی (س)ە پێشتر لە یۆنان بووە و ئەو ماوەیە گەڕاوەتەوە کوردستان و باخێکی کڕیوە "بە مەبەستی هاوکاریکردنی ڕێکخراوی قاعیدە گەڕابووەوە کوردستان، لێرە باخێکی کڕیوە، پەیوەندیشی بە کۆمەڵێک تیرۆریستەوە کردووە کە ئۆتۆمبێلی بۆ بهێنن، بۆ ئەوەی بیاندات بە قاعیدە، ئەوانیش لەو ماوەیەدا 16 ئۆتۆمبێلیان بۆ هێناوە". بەپێی زانیاریی ئاسایش ئەو کەسە هەڵاتووە و گەڕاوەتەوە یۆنان.



## بارزانی پیرۆزبایی لە یەکێتی دەکات

**رووداو-سلێمانی**

ڕۆژی 2014/5/11 لە سەلاحەدین، مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی باڵای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کۆبووەوە. جگە لەوەی باس لە ڕەوشی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی کراوە. هەروەها پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی 30ـی نیسانی 2014ـی عێراق و هەرێمی کوردستان و داهاتووی سیاسیی عێراق دوای هەڵبژاردنەکان خراوەتە بەر باس و گفتوگۆ. وەک لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، بارزانی پیرۆزبایی لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کردووە و خۆشحاڵیی خۆی بەرامبەر پێشکەوتنی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکاندا دەربڕیوە.

# یەکێتی لە ڕێگەی نێردراوی تایبەتەوە داوای کۆبوونەوە لە گۆڕان دەکات



### نەوشیروان مستەفا بۆ یەکێتی:

### سەبرتان هەبێ بۆ کۆبوونەوە تاوەکو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن

### سەفین مەلا قەرە، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان:

### کۆبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی لەسەر داوای یەکێتییە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بزووتنەوەی گۆڕان بە شاندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی گوتووە "سەبرتان هەبێ بۆ کۆبوونەوە تاوەکو ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە فەرمی ڕادەگەیێنرێ".

دوای تەواوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی هێڵی سێیەم دانوستاندنی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دەستپێکرد، یەکێتی خوازیارە هەرچی زووە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆببێتەوە.

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر داوای یەکێتییە.

سەفین مەلا قەرە، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت "یەکێتی جوابی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ناردووە کە لەسەر مەسەلەی ئیدارەدانی پارێزگای سلێمانی و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دۆخی عێراق پێکەوە کۆببینەوە".

دەربارەی ئەوەی ئەگەر یەکێتی سووربێت لەسەر هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە لابردنی هەڤاڵ ئەبوبەکر وەک کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پۆستی پارێزگار، مەلا قەرە گوتی "یەکێتی هیچ حەقێکی نییە ئەو داوایە لە گۆڕان بکات و شتی وا لەسەر ئێمە بسەپێنێ، گۆڕان ئەو مەرجانە قبووڵ ناکات".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانیش لە ڕێگەی مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە ڕایگەیاند "بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەین گۆڕان هەڤاڵ ئەبوبەکر بۆ پۆستی پارێزگار دابنێ، ئەگەر هەر دایاننا، یەکێتی پابەندی بڕیارەکانی ئەو پارێزگارە نابێ".

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی ئەو داوایەی یەکێتی دەڵێ "ناکرێ ئێمە 250 هەزار دەنگ نادیدە بگرین و بێین داوای یەکێتی جێبەجێ بکەین". گوتیشی "ئەگەر یەکێتی بیەوێ کێشەکە چارەسەر بکرێ و پێکەوە دابنیشین، دەبێ واز لەو قسە و هەڵوێستانە بهێنن".

(رووداو) زانیویەتی کە یەکێتی لە ڕێگەی مولازم عومەرەوە داوای لە نەوشیروان مستەفا کردووە لەگەڵ یەکێتی دەست بە کۆبوونەوە بکەن. سەرچاوەیەکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت "کاک نەوشیروان بە نێردراوی یەکێتی گوت ئامادەین بۆ کۆبوونەوە نەک تەنیا لەگەڵ یەکێتی، بەڵکو لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش، بەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکێتی دابنیشین باشتر وایە چاوەڕێی ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردن بکەین".

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاندووە کە لە 2014/5/25 ئەنجامە فەرمییەکان هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیێنێ.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی بە دەنگێکی زۆر لە پێش یەکێتییە و دەڵێن تاوەکو چوار ساڵی دیکە ئەوە بزووتنەوەی گۆڕانە حوکمی سلێمانی دەکات.

2012/9/24 شاندێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ژمارەیەک لە سەرکردە باڵاکانی یەکێتی لە دەباشانی شاری سلێمانی کۆبوونەوە، یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە ڕێککەوتن بوو لەسەر هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەربارەی کۆبوونەوەی داهاتووی حیزبەکەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت "ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر حیسابی پارتی نییە و تەنیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ گۆڕان، چونکە دەبێ ئیدارەی نوێی سلێمانی پێکبهێنرێ".

### ئارام شێخ محەممەد، ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# بڕیاری جەنابی پارێزگاری داهاتووی سلێمانی دەبێ جێبەجێ بکرێ



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

لە هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی ڕابردوودا بۆ پەرلەمانی عێراق زیاتر لە 140 هەزار دەنگی هێنا. بەردەوام پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ دێت و پیرۆزبایی لێدەکرێ. خۆی ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕانە. ئارام شێخ محەممەد، سەرۆکی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ "گۆڕان دەنگی زیادی کردووەو زیاتر لە نیو ملیۆن دەنگی هێناوە و هەڤاڵ ئەبوبەکریش دەبێتە پارێزگار و دەبێ بڕیارەکانی جێبەجێ بکرێن". لەبارەی زیادبوونی دەنگەکانی یەکێتیش دەڵێ "یەکێتی تەزویرێکی زۆری کردووە و مردووەکانیش دەنگیان بۆ یەکێتی داوە"

هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد

- بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە نیو ملیۆن دەنگی هێناوە
- دکتۆر هەڤاڵ بە شەرعیەتی هەڵبژاردن دەبێتە پارێزگار
- خەڵکمان لەگەڵە و مەرج لە هیچ کەسێک قبووڵ ناکەین

**رووداو: یەکێتی دەڵێ گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا شکستی هێنا، بەڕاست بزووتنەوەی گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا دۆڕا؟**

**ئارام شێخ:** هەرکەس چی دەڵێت با بیڵێت، ئەگەر بە داتا قسەبکەین، ئێمە لە هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی 2013دا بۆ پەرلەمانی کوردستان 476396 دەنگمان هێنا و ئێستا بێجگە لە دەنگدانی تایبەت ئەو دەنگەمان بە زیادەوە هێناوەتەوە، ئەگەر دەنگدانی تایبەتی بچێتە سەر دەبێتە نیو ملیون و زیاتریش، کەواتە دەنگمان زیادی کردووە و لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیدا 13 کورسی دەبەین و لە هەولێر بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی گۆڕان 4 کورسی دەبێ و لە دهۆکیش یەک کورسی، ئەمە بۆ گۆڕان گرنگیی خۆی هەیە، بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئێمە کورسیەکانمان زیاد دەکات و لە 8 کورسییەوە دەبێ بە 9 کورسی، ئیتر کەمکردنی چی؟

**رووداو: دەنگی گۆڕان بە گشتی لە هەموو عێراق نزیکەی چەندە؟**

**ئارام شێخ:** لە هەموو ناوچەکان بە دەنگی تایبەتەوە نزیک دەبین لە 520 هەزار دەنگ بە کەرکووکەوە، بێ کەرکووک خاوەنی نیو ملیۆن دەنگین، چونکە ئێمە تەنیا لە هەرێمی کوردستان و کەرکووک بەشداریمان کردووە لە هەڵبژاردن.

**رووداو: مەلا بەختیار دەڵێ بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەین هەڤاڵ ئەبوبەکر ببێتە پارێزگاری سلێمانی، ئەگەر گۆڕان سووربێ لەسەر ئەوە، ئێمە بڕیارەکانی ئەو پارێزگارە جێبەجێ ناکەین، گۆڕان هەڤاڵ ئەبوبەکر دەکاتە پارێزگاری سلێمانی؟**

**ئارام شێخ:** دکتۆر هەڤاڵ بە شەرعیەتی هەڵبژاردن دەبێتە پارێزگار لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی ئەو لیستە و یاسایەکیش هەیە ڕێگە بەوە دەدات کە یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، هەر لایەنێک بتوانێ بۆ کاندیدی پارێزگار دەنگی پێویست بهێنێ دەبێتە پارێزگار و یاسا و ڕێگای لێپرسینەوەش زۆرە بۆ کەسێک نەیەوێ بڕیار جێبەجێ بکات، ئەو کاتە جەنابی پارێزگار و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دادگا و لێپرسینەوەی یاسایی بڕیار دەدەن و دەبێ لە فەوزاو موزایەدەی ئەم و ئەو و دەسەڵاتی حیزب ڕزگارمان بێت.

**رووداو: هۆی کەمبوونەوەی دەنگەکانی گۆڕان لە هەولێر چییە؟**

**ئارام شێخ:** لە هەولێر بەشێکی کەمی دەنگەکان کەمی کردووە و ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین دوای هەڵبژاردن لەوە بکۆڵینەوە کە بۆچی وایە، جا ئێمە هەمیشە خانەیەکی بەتاڵ بۆ تەزویر جێدەهێڵین لە لێکۆڵینەوەکانماندا، واتە بێجگە لە تەزویر ئینجا بۆچی و ئەوەش دوای هەڵبژاردن دەیکەین.

**رووداو: دەگوترێ لەبەر ئەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی ڕێککەوتنی کرد لەسەر پێکهێنانی حکومەت بۆیە دەنگەکانی کەم بوونەوە، وایە؟**

**ئارام شێخ:** ئێمە لەگەڵ پارتی وەک حیزبێک کە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی 9/21 بوو ڕێککەوتین لەسەر پێکهێنانی حکومەت و هەوڵێک هەبووە و هەیە هەمیشە خەڵکی پێ بگەوجێنرێ لەلایەن لایەنێکەوە کە هەموو ڕۆژ بۆ خۆیان حەڵاڵە چ بە تاک و چ بە کۆ لای پارتی بن، بەڵام ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەت وا تەفسیر بکەن.

**رووداو: ڕاستە یەکێتی ساختەکاری کردووە لەم هەڵبژاردنە؟ ئەگەر کراوە لە کام شوێن کردوویانە و بەڵگە چییە؟**

**ئارام شێخ:** بەڵێ ساختەکارییان کردووە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و دەنگەکانیان هەڵاوسانی پێوە دیارە و تەنیا دەنگی یەکێتی بەرز بووەتەوە و دەنگی لایەنەکان کەمیان نەکردووە، تەزویرەکەش بریتی بووە لە بەکارهێنانی کارتی ئەلیکترۆنی دووبارە و هەندەران و مردووەکان بە ناسنامەی تەزویر، شتی وا نییە لە هیچ شوێنێکی دنیا تۆ دەنگت زیاد بکات و کەس دەنگی کەم نەکات، بە تایبەتی دەنگی گەورە هێزەکان.

**رووداو: ئەی گۆڕانیش ساختەکاری نەکردووە؟**

**ئارام شێخ:** نەخێر، چونکە گۆڕان بە چی ساختەکاری بکات، خۆ نە حکومەت و نە دائیرەی نفوس و نە بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ و نە پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و کۆمیسیۆن و دارایی گشتی بەدەستەوەیە تا تەزویری پێبکات و تەزویریش بەو شتانە دەکرێ.

**رووداو: ئامادەن لەگەڵ یەکێتی هاوپەیمانێتی ببەستن بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی، ئەگەر بەڵێ مەرجی گۆڕان بۆ یەکێتی چییە؟**

**ئارام شێخ:** ئەگەرەکانی هاوپەیمانێتی لە دوای هەڵبژاردن کراوە دەبن و ئێمە بۆ گفتوگۆ هەمیشە دەرگامان کراوەیە لە پێناوی ئەوەی کە نەک هەر سلێمانی بەڵکو کوردستان ئارامی بەخۆوە ببینێت و پێشتریش هەر وامان کردووە، لەم ڕووەوە ئێمە هەمیشە لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارانەتر مامەڵەمان کردووە.

**رووداو: ئەگەر یەکێتی مەرجی قورسی هەبوو، گۆڕان لەسەر بەڕێوەبردنی سلێمانی لەگەڵی ڕێکدەکەون؟**

**ئارام شێخ:** ئێمە مەرج لە هیچ کەسێک قبووڵ ناکەین و ڕای خۆمان هەیە و دەنگمان هەیە و خەڵکمان لەگەڵە و بۆ ڕێککەوتنیش بەرنامەمان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی و لەسەر ئەو بنەمایە بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی قسە دەکەین.

**رووداو: پارتی لە سلێمانی نزیکەی 90 هەزار دەنگی هەیە، ئەگەر یەکێتی بە مەرجەکانی گۆڕان ڕازی نەبوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی دەکات؟**

**ئارام شێخ:** وەک گوتمان ئەگەرەکانی هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو لایەنەکان کراوەیە و لە کوێدا قازانجی گشتی تێدا بێ ئەوە بۆ سلێمانی دەکەین لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا.

**رووداو: پارتی دەڵێ لە سلێمانی لەلایەن یەکێتییەوە پەراوێزخراوین، ئێستا بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن لە سلێمانی پۆستی دەدرێتێ؟**

**ئارام شێخ:** ئێمە دەمانەوێ لەهەموو شوێنێک پەراوێزخستن نەمێنێ و لەهەر شوێنێک ئێمە دەسەڵاتمان هەبێ دەمانەوێ هەموو لایەن و هێزێک بەپێی ئیستیحقاقی خۆی پشکی هەبێ و بەشداری بکات ئەگەر ئارەزوی بەشداریکردنی هەبێ.

**رووداو: گۆڕان لە هەولێر داوای پۆست دەکات؟**

**ئارام شێخ:** بەڵێ بۆ نا، بەپێی ئیستیحقاقی خۆمان داوای دەکەین و مافی خۆشمانە.

**رووداو: داوای چ پۆست دەکەن لە هەولێر؟**

**ئارام شێخ:** ئەوە بۆ دوایی و بۆ هەموو باسێ خواسێ.

**رووداو: گۆڕان چەند کورسی دەهێنێ بۆ پەرلەمانی عێراق؟**

**ئارام شێخ:** تا ئێستا 9 کورسی دەهێنێت.

**رووداو: چۆن بەشداری دەکەن لە حکومەتی عێراقدا؟**

**ئارام شێخ:** بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی دیکە بە گوێرەی سەنگی خۆمان بەشداری دەکەین.

**رووداو: ئەگەر داوا بکرێ یەک لیستی کوردی بەرامبەر بەغدا دروست بکرێ، گۆڕان دەچێتە نێو ئەو لیستە؟**

**ئارام شێخ:** گەر ئەو لیستە دروستکرا قسەی خۆمان دەبێت، گرنگ ئەوەیە کورد یەکدەنگ بێت ئەگەر یەک لیستیش نەبێ، ئێمە پێمان باشە کورد ئەجێندایەکی نیشتمانی هەبێ بۆ گفتوگۆکردن لە بەغدا لەبری ئەجێندایەکی حیزبی.

**رووداو: یەکێتی دەڵێ پۆستی سەرۆکی عێراق بۆ کوردە و لەنێو کوردیش تەحسیل حاسڵە کە بۆ یەکێتییە، ئەمە یەکلا بووەتەوە کە ئەو پۆستە بۆ یەکێتی بێت؟**

**ئارام شێخ:** ئێمەش پێمان باشە بۆ کورد بێت، پاشان ڕێککەوتنی هێزە کوردییەکان و پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکات بۆ کێ دەبێ.

**رووداو: گۆڕان داوای پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق دەکات؟**

**ئارام شێخ:** بۆ نا، لە سیاسەتدا هیچ ئەگەرێک دوور نییە، هەر کەسێکی شیاومان بۆ ئەو پۆستە بشێ لە گفتوگۆکاندا باسی دەکەین.

**رووداو: گۆڕان پاڵپشتی مالیکی دەکات بۆئەوەی ببێتەوە سەرۆک وەزیران؟**

**ئارام شێخ:** گۆڕان پاڵپشتی و هاودەنگی کورد دەکات ئەگەر هەموو لایەنەکان پێکەوە بگەینە ئەنجامێک لە گفتوگۆکانی ناوخۆمان وەک کورد، ئینجا پێمان باشە لەسەر ئەم پرسە کورد هەمووی هاوڕابێت و کەس ساتوسەودا بە هیچ پرسێکەوە نەکات وەک لە ڕابردوودا کراوە و پاشان باجەکەی خەڵکی کوردستان بیدات و لە ئێستاوە هیچ لایەنێک ئینفراد نەکات بە بڕیارەوە و پاشان داوای ئیجماع لە هەموو لایەنەکان بکرێ.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12





## گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا دەکرێت

**رووداو- هەولێر**

بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو لە ئەگەری بەشداری کردنی یەکێتی لە حکومەت، گۆڕانکاری بەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا دێت و جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتە یەکێتی و پۆستی سکرتێری پەرلەمان دەدرێتە پارتی. هەر بەپێی زانیارییەکان یەکێتی هەر یەک لە سالار مەحمود و گۆران ئازادی کاندید کردووە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە. پارتیش د.فرسەت سۆفی کاندید کردووە بۆ سکرتێری پەرلەمان.

# بەرپرسە باڵاکانی یەکگرتوو هۆشداری لەناوچوونی حیزبەکەیان دەدەن

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

## ئەمینداری گشتی بەرپرسی یەکەمی کەمبوونەوەی دەنگی یەکگرتووە

هادی عەلی، بەرپرسی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

## وەکو دایناسۆر چارەنووسیان پووکانەوە و لەناوچوون دەبێت




(فۆتۆ: AFP)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

هەموو رەخنە و تێبینییەکانی کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی رابردوو رووی لە ئەمینداری گشتی و کەسی یەکەمی ئەو حیزبەیە. بەرپرسێکی باڵای یەکگرتوو کە ئێستا دانیشتووە، حیزبەکەی و سەرکردایەتییەکەی بە "دایناسۆر و سەری دایناسۆر" دەچوێنێ و دەڵێ "ئەگەر وا بڕوا لەناو دەچن". رەنگە ئەمە مەترسیدارترین قسەبێت تاوەکو ئێستا لەسەر ئەو حیزبە کرابێت.

بەرپرسانی یەکگرتوو دەڵێن هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەکو "گورزێک" بووە بۆ سەرکردایەتی ئەو حیزبە کە دەمێکە "خەوتوون" تاوەکو هۆشیار ببنەوە.

### ئەمیندار بەرپرسی یەکەمە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی رەخنەی توند لە کەسە یەکەمەکانی نێو یەکگرتوو دەگرێت و بە هۆکاری "شکست"ی یەکگرتوویان دەزانێ.

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەبارەی کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوو بە (رووداو)ی گوت "هۆکاری مەوزوعی و دەرەکی هەن لە پشت کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوو" بەبڕوای ئەو، ئەوەی پەیوەندی بە ناوخۆی یەکگرتوو هەبێ "کەسی یەکەمی نێو حیزب کە ئەمینداری یەکگرتووە بەرپرسیاری یەکەمە لە شکست و کەمبوونەوەی دەنگی یەکگرتوو".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە زۆر نارەحەتە بەو ئەنجامانەی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێناون، نەک رەخنە تەنیا لە ئەمینداری گشتی دەگرێ، بگرە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بە "بەرپرسیار" دەزانێ و دەڵێ "مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکگرتووش وەکو ئۆرگان بەرپرسیارن لەوە".

یەکگرتووی ئیسلامی نزیکەی نیوەی دەنگەکانی لە پارێزگای هەولێر کەم کردووەو لە سلێمانیش هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن دەنگەکانی یەکگرتوو روو لە کەمی دەکات.

بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی رابردوو لە پارێزگای هەولێر 50 هەزار دەنگی هێناو لە پارێزگای سلێمانیش نزیکەی 90 هەزار دەنگی هەبووە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی 2014/4/30 دەنگەکانی لە هەولێر لە 25 هەزار تێناپەڕێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمینداری یەکگرتوو، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو حیزبە هەموو لە هەولێرن.

### کێ تەحەمولی بەرپرسیارێتی دەکات؟

ئەبوبەکر عەلی لە رەخنەکانی لە سەرکردایەتی یەکگرتوو بەردەوامە "سەرکردایەتی یەکگرتوو نەیتوانی بڕوا بە خەڵک بهێنێ کە دەنگ بە یەکگرتوو بدەن و نەیانتوانی ئیدارەی یەکگرتوو بکەن".

جگە لەو بەرپرسە باڵایە، کادیری دیکەش هەن لەنێو ئەو حیزبەدا کە رەخنەی توندیان لە سەرکردایەتی یەکگرتوو هەیە.

سەمیر سەلیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی ئەو حیزبە بوو لە کاتی بانگەشەی هڵبژاردنەکاندا، بە (رووداو)ی گوتبوو کە "ئەمینداری گشتی یەکگرتوو سەرپەرشتی لیژنەی باڵای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی یەکگرتووە".

عومەر عەبدولعەزیز، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو کە ئێستا لە ماڵ دانیشتووە، لە وتارێکدا لەژێر ناوی "داکشانی دەنگەکانی یەکگرتوو.. چەند پێشنیازێک" روو لە ئەمینداری یەکگرتوو دەکات و دەڵێ "بەدڵنیاییەوە دەبێ سەرکردایەتی حیزب تەحەمولی مەسئولیەت بکات، دەبێ دان بەهەڵەکاندا بنرێت، چونکە نەخشەڕێژ هەرکەس بێت، ئەو بەرپرسیاری یەکەمە لە نەخشە و پلان".

### هەزار کەس قسە بکات کاریگەری نابێ

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو وەڵامی هەموو ئەو رەخنانە دەداتەوە و دەڵێ "هەرکەس قسەی خۆی دەکات و لە ماڵی خۆی دانیشتووە و قسە بۆ خۆی دەکات، بۆچوونێکە و دەریدەبڕێ".

محەممەد رەئووف بە (رووداو)ی گوت "ئێستا ئێمە دوای ئەوەی هەموو شتێک تەواو، کۆمیسیۆن ئەنجامی فەرمی راگەیاند، کۆبوونەوەیەک دەکەین، دوای کۆبوونەوەکەش بەسەر مەڵبەند و دەزگاکاندا دەگەڕێین، سەرکردایەتی لەم پەلەپەل و کەفوکوڵەدا هیچ بڕیارێک نادات".

محەممەد رەئوف پێیوایە هەر کەس سەبارەت بەو ئەنجامانە قسە بکات قسەی خۆیەتی و دەڵێت "لە ئاستی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی تاوەکو ئێستا کەس قسەی نەکردووە و هەر کەس قسە دەکات بۆ خۆی دەیکات و گوزارشت لە رای یەکگرتوو ناکات، سەرکردایەتی یەکگرتوو خاوەنی بڕیارە، چۆن دان بەشتێکدا دەنێت و گوزارشت لە حاڵەتی خۆی چۆن دەکات، ئەوە دادەبەزێت بۆ ناو رێکخستنەکان، دواجار بڕیار لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، هەزار کەس قسە بکات کاریگەری لەسەر سەرکردایەتی دانانێ".

بەڵام عومەر عەبدولعەزیز لە وتارەکەیدا دەڵێ "خۆدزینەوە لەم راستییە زۆر مەترسیداترە لە خۆدزینەوە لە داننان بە پاشەکشێدا، بگرە شێواندنێکیشە بۆ وێنا و تابلۆ حەقیقییەکەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان".

### وەکو دایناسۆر لەناو دەچن

هادی عەلی، بەرپرسی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، کە ئێستا لە ماڵ دانیشتووە، بۆ هەستانەوەی یەکگرتوو پڕۆژەیەکی پێشکەش کردووە و کۆپییەکی بۆ (رووداو) ناردووە. هادی عەلی پێیوایە ئەگەر یەکگرتوو فریای خۆی نەکەوێ ئەوا "وەکو گیانەوەری ئەفسوناوی دێرینی وەک دایناسۆر پەراوێز دەبن و چیدی ناتوانن رۆڵێکی کاراو سوودبەخشیان هەبێ و چارەنووسیان پووکانەوە و لەناوچوون دەبێت".

هادی عەلی پڕۆژەکەی بەناوی "رەوتی ئیسلامی کوردستان لەنێوان پاشەکشە و نوێبوونەوەدا (پرۆژەیەک بۆچاکسازی ناوخۆیی)" پێشکەش کردووە، نەک تەنیا هۆشداری دەداتە یەکگرتووی ئیسلامی، بەڵکو هۆشداری دەداتە لایەنە ئیسلامییەکانی دیکەش ئەگەر فریای خۆیان نەکەون مەترسی زۆریان لەسەرەو دەڵێ "لایەنەکانی رەوتی ئیسلامی کوردستانی سەقفی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونیان لەحاڵەتی چەقبەستن و راوەستاندایە و تائێستا کەمینەیەکی لاوازن و مانەوەیان بەم مۆدێلەی ئێستا، چاوەڕێی پاشەکشێی زیاتریشیان لێدەکرێت، ئەگەر نەتوانن گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی ریشەیی و جیددی لە فیکر و هەیکەلیەتی حیزبی و میکانیزمی کار و گوتاری سیاسی خۆیاندا ئەنجام بدەن".

درێژەی پێدەدات و دەڵێت "پاشەکشەو راوەستان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2013/9/20 و 2014/4/30دا بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر ئەو راستیە تاڵەی سەرەوە".

### قاچێکیان لە سیاسەتدا و ئەوی دیکە لە بانگەوازیدا

هەر لەو پرۆژەیەدا هادی عەلی داوا لە یەکگرتوو دەکات بانگخواز و سیاسییەکان لێکجیابکاتەوە "ئەم حاڵەتەی ئێستای لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان کە زیاتر سەرگەرمی کاری حیزبی و ململانێی سیاسین، بەڵام بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ دەیانەوێت قاچی راستیان لە مەیدانی سیاسەت بێت و قاچی چەپیان لە بواری بانگەوازدا بێت، لەم حاڵەتە نا تەندروستەدا -بەداخەوە- لەبری ئەوەی سیاسەت لەخزمەتی بانگەواز و بەها باڵاکانی ئیسلامدا بێت، تاڕادەیەکی زۆر ئاراستەکە پێچەوانە بووەتەوە و بانگەواز و کادرەکانی لە خزمەت سیاسەت و ململانێ حیزبیەکەدان. دیارە لەم حاڵەتەدا متمانەی جەماوەر بەدڵسۆزی و ئامادەیی کادیرە دەعەوییەکان روو لەکزبوون دەڕوات و سەرەنجام کاری بانگەواز بەتەواوەتی لاواز دەبێت".

بەڵام عومەر عەبدولعەزیز پێیوانییە تێکەڵبوونی بانگخواز و سیاسەت هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی یەکگرتوو بێت و دەڵێ "مەگەر هەر یەکگرتوو نییە کە لە هەولێر پاشەکشێ دەکات، لە دهۆک هەڵدەکشێ؟ مەگەر لیستەکانی یەکگرتوو تێکەڵەیەک نەبوون لە (مەلا) و (بانگخواز) و (سیاسی)؟ کەواتە ئەگەر ئەو دوو ئەرکییەش (ئەرکی بانگەواز و سیاسەت) بشکرێنە خەتا و هۆکار، دەبێ بەڕادەی خۆی رێژەی بۆ دابنرێ و نەکرێتە قازانە گەورەکە و هەموو بەچکە قابلەمەکانی بخرێنە ژێر".

یەکگرتووی ئیسلامی لە 1994/2/6 وەکو ئیمتیدادی مەدرەسەی ئیخوان موسلمین لە هەرێمی کوردستان راگەیێنرا، تاوەکو پێش هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25 و پێش دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو هێزی سێیەم لە هەرێمی کوردستان دەردەکەوت.

### داوای کۆنگرەی پێشوەختە دەکرێ

ئەبوبەکر عەلی دەڵێ "خەڵک هەبووە لەنێو یەکگرتوودا پێش هەڵبژاردن پێشبینی کردووە دەنگەکانی یەکگرتوو کەم ببنەوە، بەڵام سەرکردایەتی یەکگرتوو پێیانوابوو ئەو خوێندنەوەیە راست نییە، تەنیا خوێندنەوەی خۆیان پێ راست بوو، کەسە یەکەمەکانی حیزبیش تەنیا لێکدانەوەی قووڵی خۆیان پێ قبووڵ بوو".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ دوو لە هاوڕێیانی (هیوا میرزا سابیر، بەیان ئەحمەد نووری) لە دواکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوودا کە لە 2014/5/10 لەسەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوو بەڕێوەچوو، داوای "هەڵوەشاندنەوەی" مەکتەبی سیاسی یەکگرتوویان کرد، بەڵام پێشنیازەکەیان رەتکرایەوە.

ئەبوبەکر عەلی دەڵێ "دەبێ کەمبوونەوەی دەنگی یەکگرتوو ببێتە بابەتێکی جددی لەنێو یەکگرتوودا و دەبێ کۆنفرانس لە سەرەتای مانگی داهاتوو ببەسترێ".

سەبارەت بەو دەنگانەی داوای بەستنی کۆنگرەی بەپەلە دەکەن، ئەبوبەکر عەلی گوتی "راستە ئێستا هەندێ دەنگ لەنێو یەکگرتوودا دەڵێن دەبێ کۆنگرەی پێشوەختە بکرێ، من پێم ئاساییە وەکو بژاردەیەک باسی کۆنگرەی پێشوەختە بکرێ، بەڵام جارێ کۆنفرانس دەکەین و ئەگەر هیچی پێ نەکرا، ئەوکات با قسە لەسەر کۆنگرەی پێشوەخت بکرێ".

# "فەرشە سوورەکە"ی یەکگرتوو دەنگەکانی نەبرد بۆ ناو سندووق

## کۆمپانیایەکی رێکلام: جەماوەری یەکگرتوو حەزیان لەو شیکپۆشییەی ئەمیندار نەبوو

**عومەر شایان**
**رووداو- هەولێر**

رێکلامە تەلەفزیۆنییەکەی یەکگرتوو کە ئێستا بە "فەرشە سوورەکە" ناسراوە، دەگوترێت کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر دەنگەکانی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی ئەم دواییە. کاندیدێکی ئەو حیزبە دەڵێت "هەندێ خەڵک پێیانوایە نابێت موسڵمان بەسەر فەرشی سووردا بڕوات."

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، محەممەد فەرەج ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی بەسەر فەرشێکی سووردا بەرەو دارێک هەنگاو دەنێت و کاندیدەکانی یەکگرتووش لە دوای ئەو دەڕۆن، بەڵام ئەوان بەسەر فەرشە سوورەکەدا نا، دواتر ئاوڕ لە کاندیدەکان دەداتەوە و سڵاویان لێدەکات.

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە ئەو ریکلامە کاریگەری ئەوتۆی لەسەر دەنگەکانی یەکگرتوو نەبووە و بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "من وا نازانم کە ئەو ریکلامە کاریگەری ئەوتۆی هەبووبێت، رەنگە هەندێک رەخنەی لێگیرابێت، هیچ شتێکیش نییە کە 100% بە دڵی هاووڵاتیان بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خەڵک گوتوویانە کە رێکلامێکی جوانە و رەنگە لە رووی ریکلامییەوە کارێکی نەوعی بووبێت".

محەممەد ئەحمەد پێیوایە ئەو فەرشە سوورە بەمانای رێزلێنانە لە ئیرادەی خەڵک و گوتی "ئەو ریکلامە دەرهێنەرێک دروستی کردووە و مەبەستیشی لەو فەرشە سوورە تەعبیرە لە رێزلێنان لە ئیرادەی دەنگی خەڵک، وەک ئەوە وایە کە بڵێی من لەسەر فەرشی سوور کە عادەتەن بۆ رێزلێنانە، رێز لە ئیرادە و دەنگی ئێوە دەگرم، نە ئەوەی کە تەعبیرێکی دیکەی هەبێت."

بەڵام دکتۆر عەبدولڕەحمان محەممەد خالید، کاندیدی یەکگرتوو بۆ پارێزگای هەولێر، بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی پێیوایە ئەو ریکلامە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر جەماوەری یەکگرتوو، ناوبراو بە (رووداو)ی گوت "بەپێی ئەو هەموو قسانەی کە بە من دەگوترێت لە بازاڕ و لە شوێنی کارکردنم و شوێنەکانی دیکە، جیا لە خەڵکی رێکخراوەیی یەکگرتوو، ئەو ریکلامە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر خەڵکی دەرەوەی یەکگرتوو، لەبەر ئەوەی پێیانوابوو ئەو ریکلامە لەخۆباییبوون و لەخۆدەرچوونی تێدایە، پێیانوابوو شتێکی ئیسلامی نییە".

گوتیشی "نابێت موسڵمان بەسەر فەرشی سووردا بڕوات، ئەمە کاریگەرییەکی نەرێنی هەبووە و بەقەدەر خۆی دەنگی یەکگرتووی کەم کردووەتەوە."

هیمداد حەمید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای سولی میدیا بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام بە (رووداو)ی راگەیاند "من پێموانییە ئەو رێکلامە پەیوەندی بەوەوە هەبووبێت کە دەنگدەری یەکگرتوو دەنگ بە یەکگرتوو نەدات، بەڵکو زیاتر کەمپەینی یەکگرتوو نەیتوانیوە خەونی حیزبەکە بۆ دەنگدەری یەکگرتوو بخاتە روو."

بەڕێوەبەری کۆمپانیای سولی میدیا پێیوایە شیکپۆشیی ئەمینداری یەکگرتوو کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر جەماوەری یەکگرتوو و گوتی "تاوانی ئەو ریکلامە ئەوەیە کە هیچی نەکردووە نەک ئەوەی کە شتێکی کردبێت و خراپ کردبێتی، سەرەڕای ئەوەش جۆرێک لە ناڕوونی هەبووە کە یەکگرتوو درەنگ پێی زانیوە، ئەوەی کە من بیزانم یەکگرتوو وەک حیزبێکی هەمیشە زوڵملێکراو و غەدرلێکراو پێناسە کراوە، بەڵام لەو رێکلامەدا ئەمیندارەکەیان بە کڵاش و شاڵەوە شیکپۆش و رێکپۆش دەردەکەوێت کە رەنگە جەماوەری یەکگرتوو هێشتا نەگەیشتبنە ئەو قۆناغەی حەزیان لەوە بووبێت، بەڵکو رەنگە حەز بکەن زیاتر وەک زوڵملێکراو دەربکەون."



ڕووداو کوردستانی
ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12

## "سعود مەلا سبەی دەتوانێت بێتە ڕۆژئاوا"



**ڕووداو- هەولێر**

ساڵح گەدۆ، وەزیری دەرەوەی کانتۆنی جزیرە لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕەتیکردەوە کە ڕێگریان کردبێت لە چوونی سعود مەلا، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. گەدۆ کە میوانی بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ) کەناڵی (ڕووداو) بوو گوتی "سعود مەلا سبەی دەتوانێت بێتە ڕۆژئاوای کوردستان و ئێمە ڕێگری لێناکەین". پێشتر سعود مەلا ڕایگەیاندبوو، کە ویستوویەتی بگەڕێتەوە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام لەسەر سنوور لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل ڕێگری لێکراوە.

### حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆچوونی جیاوازیان هەیە

# PKK دەستەخوشکی بۆ PJAK دروست کرد



(فۆتۆ: AFP)

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشوازییەکی ساردو سڕی لێدەکرێت. ئەوان ئەو هەوڵەی PKK بە شکستی پڕۆژەی PJAK دەزانن.

ڕێکخراوە نوێیەکە ناوی کۆمەڵگای دیموکراتی و ئازادی ڕۆژهەڵات (KODAR)ە. هێشتا PJAK وەک لقی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی PKK هەڵوێستی خۆی لە پەیوەندیی لەگەڵ KODAR ڕانەگەیاندووە و بڕیارە لە داهاتوودا ڕایبگەیەنێت.

بێهروز ئەردەڵان، کارگێڕی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، دەڵێ دامەزراندنی ڕێکخراو لەلایەن کەسەوە بێت ئازادە، ئەگەر لەلایەن PKK یان PJAKەوە بێت. ئەوان تەنیا تێبینییان لەسەر KODAR هەیە.

ڕەزا کەعبی، ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە ئاماژە دان بە بەیاننامەی دامەزراندنی KODAR گوتی ئەو ڕێکخراوە هیچ شتێکی نوێی پێ نییە.

کەعبی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمە وەڵامێکە بە قەیرانی پێکهێنانی حیزب بۆ پارچەکانی دیکە، وەڵامێکە بە قەیرانی PJAK. وازهێنانە لە ئەزموونی PJAK — بەبێ پێداچوونەوەو قسەی شەفاف لەسەر ئەنجامی ئەو جۆرە حیزب دروستکردنە".

KODAR لە یەکەم بەیاننامەیدا خوازیاری دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بووە و ڕایگەیاندووە: "کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چارەسەری دیمۆکراتیانەی کێشەی کورد و کێشەکانی دیمۆکراسی لە ئێران بانگهێشتی دیالۆگ و موزاکەرە دەکات".

ئەحمەد ساڵحی، ئەندامی دەفتەری سیاسی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران — کۆمەڵە پێیوایە KODAR جێگەی PJAK دەگرێتەوە و ئەوەی PJAK بۆی جێبەجێ نەبوو بەو ڕێکخراو نوێیە دەیانەوێ بەجێی بگەیەنن. ئەحمەد ساڵحی ئەوە بە شتێکی باش نازانێ کە KODAR داوای دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران دەرفەتی شتێک نادات کە بە قازانجی خەڵک بێت.

لەم دواییەدا هەواڵی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نوێی PJAK و لابردنی عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی وەک سەرۆکی ئەو حیزبە دوای 10 ساڵ بڵاوبووەوە. بەڵام هەفتەی ڕابردوو لە قەندیل یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی KODAR بەڕێوەچوو بەبێ هەڵوەشاندنەوەی PJAK.

KODAR خۆی وەک سیستمێک پێناسە کردووە و لە بەرنامەکەیدا هاتووە "مۆدێلی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانە و خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک تاکە ڕێکار و ڕێچارەیە بۆ تێپەڕاندنی سەرجەم کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانی ئێران".

بەمەش PKK بۆ سێ پارچەی کوردستان، جگە لە باشووری کوردستان داوای خۆسەری دیموکراتیک دەکات. بەگوتەی ڕەزا کەعبی "KODAR هەر PJAKە لە قاڵبێکی نە زۆر جیاواز، KODAR دووپاتکردنەوەی ئەو هەڵەیەیە کە بەبێ یزبەکانی دیکە و دوور لەوان و تەنانەت لە دژایەتی لەگەڵ ئەوان، بە سیستمێکی زۆر داخراو قسە لە ڕێگای ڕزگاری کۆمەڵگایەک بکات". پارتی کرێکارانی کورستان ساڵی 2004 پارتی ژیانی ئازادی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند. PJAK لە چەند قۆناغێکدا لەگەڵ هێزەکانی ئێران تووشی تێکهەڵچوون هاتووە. گەورەترین تێکهەڵچوونی نێوان PJAK و سوپای پاسدارانی ئێران هاوینی 2011 ڕوویدا. دواتر هەردوو لایەن ئاگربەستیان ڕاگەیاند، بەڵام سوپای پاسداران توانی شاخی بەناوبانگی جاسوسان کۆنترۆڵ بکات کە شوێنێکی ستراتیژییە لە ڕووی سەربازییەوە.

ئەحمەد ساڵحی دەڵێ "چەند ساڵێکە PJAK خەباتی چەکداریی هەبوو، ئەویش ئێستا نەماوە، بۆیە دەیانەوێ ئێستا ئەم ڕێکخستنە نوێیە جێگای PJAKیان بۆ بگرێتەوە". ساڵحی گوتیشی "ئەوان تا ئێستا تاوتوێی ئەو پرسەیان نەکردووە و ئەگەر پێویست بکات دواتر هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە ڕادەگەیێنن. پرسێک کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانیشەوە جەختی لەسەر کرایەوە.

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە دەڵێت "ئەو ڕێکخراوە هێشتا هیچ شتێکی ڕوون و دیاریکراوی لێ نابینرێ، تەنانەت لایەنگرانی PKK کۆمەڵێک پرسیاریان لەبارەیەوە هێناوەتە گۆڕێ".

مامەند ڕۆژە، چاودێری سیاسیش پێشتر بە ڕووداوی گوت: ئێستا PJAK دەزانێ لەڕووی چەکدارییەوە ناتوانێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان داینامیک بکرێ، بۆیە هەوڵدەدەن لەڕووی سیاسییەوە کەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داینامیک بکەن، بۆ ئەمەش پرۆسەیەکیان دەستپێکردووە. یەکەمجار لە ئەورووپا کۆنفرانسێکیان بەڕێوەبرد. ئێستا هەنگاوی دووەمی بۆ هەڵدێنن.

KODAR خۆی وەک حیزب نەناساندووە، بەڵکو خۆی وەک سیستەمێک پێناسە دەکات. بۆیە شارەزایان پێیانوایە ڕەنگە PJAK ببێتە یەکێک لەو ڕێکخراوانە کە لە چوارچێوەی KODARدا دەبێت چالاکی بکەن.

### باسی گرتن و ڕاوەدوونانی پەیامنێرەکانی ڕووداو دەکات

# PYD دەکەوێتە بەر ڕەخنەی پەیامنێرانی بێسنوور



**دەنیز سێرنجی**
**ڕووداو- کۆپنهاگن**

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە ڕێز لە مافی ئازادی ڕادەربڕین ناگرێت و ڕۆژنامەنووسان دەستگیر دەکات.

ڕێکخراوەکە کە بارەگای سەرەکی لە فەرەنسایە، دەڵێت "PYD هیچ دوودڵ نییە لە گرتن و تەنانەت ڕفاندنی ڕۆژنامەنووسان، بەلای ئەوەوە گرنگە ئەو کەسانە بێدەنگ بکرێن بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکەیان پێ چاوترسێن بکەن".

ڕێکخراوەکە ئاماژە بە گرتن و ڕفاندنی محەممەد مەحمود بەشار، ڕامان حەسۆ، پێشەوا پەهلەوی و ڕودی ئیبراهیم دەکات کە ڕۆژنامەنووسی کەناڵەکانی ڕووداو، زاگرۆس تیڤی و ئۆریەنت نیوزن. ئەو ڕۆژنامەنووسانە لەلایەن PYDەوە بەوە تۆمەتبار کرابوون کە گوایە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد و جەبهەتولنوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. هەروەها ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا دەستگیرکراون بە تۆمەتی ئەوەی هەوڵی دروستکردنی سوپایەکی تایبەت بە خۆیان داوە.

هێمن هەورامی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەخنە لە PYD دەگرێت کە گرووپە کوردییەکانی دیکە لە پرۆسەی سیاسی بێبەش دەکەن و ڕەخنەگران دەستگیر دەکەن.

هێمن هەورامی کە ئەو ماوەیە لە دانیمارک بوو، لەوێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕێگە نەدان بەوانی دیکە دژی دیموکراسییە و دژ بە هیوا نەتەوەییەکانی نەتەوەی کوردە لە سووریا. کاری لەو جۆرە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دوژمن دەکات." سەرەڕای چەندین جار هەوڵ، نەتونرا وتەی PYD لەسەر ئەو تۆمەتانە وەربگیرێت. بەڵام ئیبراهیم ئیبراهیم، ئەندامی کۆمیتەی میدیایی PYD و کارمەندی PYD لە ئەورووپا بە تۆڕی هەواڵی ئارا نیوزی ڕاگەیاندووە کە پارتەکەی ڕێگە لە هیچ پارتێکی دیکە ناگرێت لە ناوچەکانی ژێر دەستیدا.

ئیبراهیم دەڵێت "PYD لە بنچینەوە لە هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا ناڕازییە، چونکە ئەوان دەیانەوێت خۆیان وەکو بەدیلێکی پڕۆژە نەتەوەیی و سیاسییەکەی ئێمە پێشان بدەن".

ئەو دەڵێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا دەتوانێت پەیوەندی بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)وە بکەن بۆ ئەوەی ئەگەری شەڕی نێوان کورد و کورد نەمێنێت.

ئاڵتان تان، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان، لەگەڵ بۆچوونی ئیبراهیم هاوڕا نییە و دەڵێت "شتێکی ئاساییە کە پارتێکی دیکە لە هەوڵی پیشاندانی بەدیلێک بێت لەبەرامبەر پارتی دەسەڵاتدار".

تان بە (ڕووداو)ی گوت "هەر ئەوەندەی کە توندوتیژی لەو هەوڵەدا بەکارنەهێنێت، ئیدی کێشە نییە. لە دیموکراسیدا دەبێت چەند دەنگێکی جیاواز هەبن".

سەردار شەریف، لێکۆڵەر و خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دهۆک سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور دەڵێت "ڕێکخراوێکی بە ئەزموون و ڕاستگۆیە و دەبێت ڕاپۆرتەکانی حیسابی جدیان بۆ بکرێت". سەردار دەڵێت "لەبەرئەوەی کە PYD ڕۆژنامەنووسان دەستگیر دەکات، ئەمە مانای وایە کە PYD ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بۆچوونی نەیارانی ئەوان دەگوازنەوە، یان ڕەخنە لە PYD دەگرن، وەکو دوژمنی خۆی سەیریان دەکات". گوتیشی "کاتێک کە ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە دەگرن، PYD بە پەیوەندی بە پارتێکی دیاریکراوەوە تۆمەتباریان دەکات".

بەبڕوای سەردار، دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن PYDەوە پەیوەندی بە ناتەبایی نێوان PYD و پارتە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە "PYD دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەلایەنگری ئەو پارتانە لەقەڵەم دەدات کە ئەوان دژایەتی دەکەن".

لەهەمانکاتدا ناکۆکیەکانی نێوان PYD و پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوامە لەسەر هەڵکەندنی خەندەق لە نێوان سنووری هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوادا. خەندەقەکە لەلایەن PYD و پارتە نزیکەکەی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت. ئەوان دەڵێن پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرژەوەندی تورکیا ئەو چاڵەی لێداوە بۆ ئەوەی کوردی ڕۆژئاوا لە کوردی پارچەکانی دیکە دابڕێنن.


ئەوان پارتی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا دەستی تێکەڵ کردووە.

بەڵام هێمن هەورامی دەڵێت خەندەقەکە پشتێنەیەکی ئەمنییە بۆ ئەوەی ڕێگە لە "تیرۆریستان" بگیرێت کە لە سنوورەکانی سووریاوە دزە بکەن.

سەرەڕای ناکۆکییەکان، ڕۆژێک دێت ئەو پارتانە هاوکاری یەکدی بکەن. بەپێی قسەکانی ئاڵتان تان، PKK وPDK ناچارن پێکەوە کاربکەن. تان گوتی "ڕۆژێک دێت کێشەی خۆیان چارەسەر دەکەن، وەکو بارزانی و تاڵەبانی لە ساڵی 1998 لە واشنتن ڕێککەوتن و کۆتاییان بە شەڕی ناوخۆ هێنا".

### ساڵیادی لە سێدارەدانی ژمارەیەک چالاکوانی کورد لە ئێران

# "کەمانگەر لە زیندان خۆی فێری زمانی ئینگلیزی دەکرد"



**ئاڤا هۆما**
**ڕووداو- تۆرنتۆ**

چوار ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی پێنج چالاکوانی کوردی ڕۆژهەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە تێدەپەڕێت. فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەمهولی، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی و مەهدی ئیسلامیان بە تاوانی "دژایەتیکردنی خوا و دەوڵەت" لە مایسی 2010 لە سێدارەدران.

عەلەمهولی بە زمانێک حوکمی مردنی بەسەردا درا کە لێی تێنەدەگەیشت. ئەو لە خێزانێکی کوردی هەژار لە گوندێک لەدایک ببوو هەرگیز نەچووبووە قوتابخانە، بۆیە فارسی نەدەزانی، بەڵام پاسەوانەکانی زیندانەکەی و دادوەرەکان بە فارسی قسەیان لەگەڵ دەکرد.

بەپێی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، لە زینداندا ئەشکەنجە درابوو، بە دار لە ژێرپێی و بە شەق لە سکی درابوو، ئەوەش تووشی خوێنبەربوونی ناوخۆیی کردبوو. کاتێک کە مانی گرتبوو بە زۆر خواردنی پێدرابوو لە ڕێگەی سۆندەی لووتەوە، بەڵام ئەو سۆندەکەی بە زۆر دەرهێنابوو، لووتی بریندارببوو.

فەرزاد کەمانگەر، مامۆستایەکی سەرەتایی تەمەن 32 ساڵ بوو، هۆزانڤان و چالاکوانی مافی مرۆڤ و هەروەها کارمەندی بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بوو لە شاری کامیاران لە پارێزگای کرماشان. کەمانگەر لە مانگی ئایاری 2006 دەستگیرکرا و ماوەی حەوت مانگ ڕێگەی پێنەدرا خێزانەکەی ببینێ.

کەمانگەر بە بەردەوامی ئەشکەنجە دەدرا و ئازار دەدرا. سەرەڕای برینەکانی مانی لە خواردن گرت بۆ پرۆتیستۆکردنی لە سێدارەدانی چالاکوانێکی کورد بەناوی ئیحسان فەتاحیان لە مانگی 11ی ساڵی 2009دا.

کەمانگەر لە زیندانەوە چەند نامەیەکی نووسی. نامەکان لەسەر ئینتەرنێت دەنگی کەمانگەریان بەشێوەیەک گەیاندە دەرەوە کە هەرگیز پێشتر دەنگی بەوشێوەیە نەبیستراببوو.

لە نامەیەکیدا دەنووسێت "دلۆڤانەکەم، هەر گۆرانییەک بە بیرمدا دێت دەربارەی لە سێدارەدان، دوایین ماچ، زوڵمی چەوسێنەر، دادی بێداد، جەوری ڕاوچی و ڕووندکی دایکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو... پەنام بۆ ئاوازەکانی نیشتیمانی دایک برد. بینیم لە مۆسیقای ئێمەشدا شوێنەواری خوێن، بۆنی قورقوشم، جێ پێی پۆتین دەبینرێ".

تاوانی ئەو زیندانییە کوردانە بە وتەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی "دژایەتیکردنی خوا" بوو کە بەپێی یاسای ئێرانی سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە.

پارێزەری کەمانگەر، خەلیل بەهرامیان دەڵێت "من هیچ بەڵگەیەکم لە دژی کەمانگەر نەبینی".

ئەو هەروەها دەڵێت "لە ماوەی 40 ساڵی کارکردنم لە بواری یاسا، هیچ کاتێک دادگاییەکی وەکو ئەمەم نەبینیوە. هیچکام لە فایلە دادوەرییەکانی کەمانگەر و تۆمارەکان پەیوەندی کەمانگەر بەو تۆمەتانەوە کە خراونەتە پاڵی ساغ ناکەنەوە".

پارێزەرەکەی کەمانگەر لە دانیشتنە کورتەکەی پشت دەرگا داخراوەکاندا ئامادە بوو کاتێک کە دادوەر بڕیارەکەی خوێندەوە.

پارێزەرەکەی کەمانگەر دەڵێت "بڕیار خوێندنەوەکە زیاتر لە پێنج خولەکی نەخایاند، دادوەر بڕیارەکەی خوێندەوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بڕیارەکە بدات و بەخێرایی ژوورەکەی بەجێهێشت".

بەهرامیان دەڵێت، دادگاییەکە و بڕیاری لە سێدارەدانەکە "ناعەدالەتی بەرامبەر کورد لە سیستەمی دادوەریدا پێشان دا".

یاسای دەوڵەتی ئیسلامی ئێران دەیسەپێنێت کە پارێزەرەکان پێویستە پێش لە سێدارەدانی تۆمەتبار ئاگادار بکرێنەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێرانی تەنانەت یاساکانی خۆشیان شکاند و کەسوکار و پارێزەرەکانی ئەو چالاکوانانەیان ئاگادار نەکردەوە تا ماڵئاوایی لە زیندانییەکان بکەن.

دوو ساڵ لەمەوبەر، ئاراش عەلایی، یەکێک لە هاوژوورەکانی کەمانگەر کە ئێستا لە ئەمریکا دەژی، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە نووسەری ئەم بابەتەی گوت کە کەمانگەر "پیاوێکی پڕ لە هیوا بوو، دەستی کردبوو بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی و پلانی بۆ داهاتوو دادەڕشت".

## ئێران باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکات

**رووداو- هەولێر**

کۆنسوڵخانەی ئێران لە سلێمانی، لە ماڵپەڕی خۆیدا بابەتێکی بە ناونیشانی "تێڕوانینێک بۆ پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق" بڵاوکردووەتەوە و باسی هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی دەکات و دەنووسێت "بە بۆچوونی ئێران ئەگەر جووڵەی کورد بە مەبەستی زیادکردنی ئیختیاراتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رەخساندنی کەشی سەربەخۆبوون لە عێراق بێ، ئەوە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرەو ساردبوونەوە دەچن، بەڵام ئەگەر کورد بیەوێ لە چوارچێوەی عێراقدا خۆی بەهێزبکا و لە حکومەتی ناوەندیش بەشداری راستەقینەی هەبێ، پەیوەندییەکانیان گەرموگوڕتر دەبێ".



رووداو
ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی سەرکۆنەی "حوکمی زبر"ی PYD لە رۆژئاوا دەکات

# "ئەگەر رژێمی سووریا نەبێت پڕۆژەی رۆژئاوا شکست دێنێت"



(فۆتۆ: AFP)

**هارڤی مۆریس**
**رووداو- لەندەن**

پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)، دەکەوێتە بەر رەخنەی توندی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی بەهۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ حکومەتی دیمەشق و پەراوێزخستنی هێزە دیارەکانی دیکەی رۆژئاوا. گرووپەکە هەروەها گومان دەخاتە سەر توانستی PYD لە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا.

لە راپۆرتێکی 24 لاپەڕەیی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا هاتووە کە باڵی سەربازیی PYD گەورەترین هێزی سەربازییە لەو بەشەی کوردستان. بەڵام دەشڵێت کە سەرهەڵدانی PYD و هێزە سەربازییەکەی زیاتر پەیوەستە بە دەسەڵاتە ناوچەییەکانەوە، وەک رژێمی بەشار ئەسەد.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی کە بنکەکەی لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکایە، PYD وەک میراتگری PKK دەناسێنێ کە بەهۆی فەرهەنگێکی تاکڕۆیانەوە، ناکۆکە لەگەڵ چاوەڕوانیی خەڵکی رۆژئاوای کوردستاندا.

ئەم راپۆرتە نەرێنییە لە کاتێکدا بڵاو دەبێتەوە کە لەم هەفتەیەدا رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور PYDی بە "بێڕێزی و زەبروزەنگ" بەرامبەر رۆژنامەنووسان لە رۆژئاوای کوردستان تۆمەتبار کردبوو.

نووسەرانی راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێن "حوکمڕانیی زبری PYD ناکۆکە لەگەڵ ویستی نەوەی نوێ کە پێدەچێت داخوازیی دیکەیان هەبێت."

ئەوان دەڵێن ململانێی PYD لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەسەڵات، نارەزایی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانی لێکەوتووەتەوە. بەپێی راپۆرتەکە "ئەمەش زەمینەی خۆش کردووە تا زلهێزانی ناوچەکە- بە تایبەتی تورکیا و ئێران- لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیان لایەنەکان بەکاربهێنن. بارزانی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەنقەرە و واشنتن هەیە و PYD بە ناچاری هاوپەیمانیی لەگەڵ ئێران و دیمەشقدا بەستووە و تا رادەیەکیش پێوەندیی لەگەڵ نووری مالیکی لە بەغدا پتەو کردووە".

راپۆرتەکە باسی کانتۆنەکانی رۆژئاوا دەکات کە پارساڵ لەسەر دەستی PYD دامەزران، بەڵام گرووپەکە لای روون نییە کە ئایا ئەم کانتۆنانە بۆ سەقامگیرکردنی رەوشی رۆژئاوا بەرەو دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دانراون، یان پتر وەک وێستگەیەکی پشوودانن لە تەنیشت شەڕ و پێکدادان لە شوێنەکانی دیکەی سووریا.

راپۆرتەکە دەڵێت هاوکاریی نێوان PYD و دیمەشق کە هاوکات رێگەی بۆ مانەوەی رەمزیی هێزەکانی ئەسەد خۆش کردووە، لە جەماوەرییبوونی PYDی کەم کردووەتەوە. ئەگەرچی دیمەشق بەڕێوەبردنی باڵاخانە حکومییەکانی بە PYD سپاردووە، بەڵام تا ئێستاش ئەوە حکومەتی دیمەشقە کە دارایی رۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەبات، ئەگەر ئەو نەبووایە کۆی پڕۆژەی رۆژئاوای کوردستان شکستی دەهێنا.

راپۆرتەکە دان بەوەدا دەنێت کە PYD توانیویەتی میلیشیا جیهادییەکان دووربخاتەوە و ئەوە وەک گرنگترین هۆکاری کردنەوەی گرێی بەختی کورد لە رۆژئاوا دەناسێنێت. راپۆرتەکە هەروەها دان بەوەدا دەنێت کە PYD بۆ لایەنگرانی، سەرەکیترین نوێنەری سەربەخۆیی کوردە لە دواڕۆژی ئەو بەشەی کوردستاندا. بەڵام لە چاوی نەیارانیدا PYD "تۆپێکی بەتاڵە و کەرەستەی رژێمە."

راپۆرتەکە هانی PYD دەدات تا کەمتر پەنا بۆ هێزی سەربازیی خۆی و ئەسەد ببات و لەجیاتی ئەوە پێگەی خۆی لەناو کورد و ناکورد فراوان بکات و بایەخ بە هێزە میانڕۆکانی ناو ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بدات.

هەروەها پێویستە بەپێوەندیی خۆی لەگەڵ هێزە بیانییەکاندا بچێتەوە. پێوەندییەکی هاوسەنگ دەتوانێت رێگە لە هێزە ناوچەییەکان بگرێت کە کەڵک لە دۆخی تەنگژاوی رۆژئاوا وەربگرن.

PYD دەبێ ستراتیژێک بگرێتە بەر کە تێیدا بە هاوکاریی لەگەڵ هێزە ناوچەییەکانی دیکە، کاروباری دارایی رۆژئاوا بگرێتە دەست و شوێنی پێی رژێمی سووریا لەق بکات.

راپۆرتەکە دەڵێت "هەر بۆیە پێویستە هێزە کوردییەکانی دیکە و ئەنقەرە و ئۆپۆزسیۆنی سووریا کۆتایی بە سیاسەتی پەراوێزخستنی PYD بهێنن و بە شێوەیەکی بنیاتنەر لەگەڵ PYDدا بکەونە کار بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی کردەیی."

راپۆرتەکە هەروەها پێشبینی دەکات کە "رەنگە رۆژێک دابێت کورد وەک سەرجەم لایەنەکانی دیکە لە سووریا، بکەوێتە سازشی گەورە لەگەڵ هێزی جێگرەوە لە دیمەشق بۆ دامەزراندنی سستەمێکی سیاسیی تازە لە وڵاتدا."گرووپەکە دەڵێت "بەڵام ئەو رۆژە جارێ زۆر دوورە. ئەرکی ئێستای کوردی سووریا زۆر ساکارترە: سەرکەوتن بەسەر لێکترازانی ناوخۆیی، روونکردنەوەی داواکاریی سیاسی و پتەوکردنی حکومەتی خۆماڵی. ئەگەرچی ئەم ئەرکانە زۆر ئیلهامبەخش دیارنین، بەڵام وەک هەر ئەرکێکی دیکە گرنگ و چارەنووسسازن".

**پێشنیازەکانی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ PYD:**

- **کەمتر پەنابردن بۆ هێزی سەربازی**
- **لە جیاتی ئەسەد پێگەی خۆی لە نێو کورد و نا کورد قایم بکات**
- **بایەخدان بە هێزە میانڕەوەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی سووریا**
- **پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە بیانییەکان**
- **بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی دیکە کاروباری دارایی رۆژئاوا بگرێتە دەست.**

**پێشنیازەکانی بۆ حیزبە کوردییەکان و ئەنقەرە و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا:**

- **کۆتایی هێنان بە سیاسەتی پەراوێزخستنی PYD.**
- **بەشێوەیەکی بنیاتنەر کار لەگەڵ PYDدا بکەن بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی کردەیی.**

---

دوو کورد دەبنە راوێژکاری ئەخزەر ئیبراهیمی

# ئەخزەر ئیبراهیمی: هیوادارم کورد لە هەر شوێنێک بن مافەکانیان وەربگرن



**رووداو- دویسلدۆرف**

کۆمەڵێک راوێژکار دەستنیشان کران بۆ ئەخزەر براهیمی، نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی بۆ قەیرانی سووریا. ئەو راوێژکارانە کە ژمارەیان 14 کەسە، دوویان کوردن.

نووسەری کورد ژان دۆست و دلشا ئایۆ، جێگری پێشووی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریا، دوو ئەندامە کوردەکەی ئەو کۆمەڵە راوێژکارەی ئیبراهیمین.

ژان دۆست خەڵکی شاری کۆبانێ و دلشا ئایۆش کە پارێزەرە، خەڵکی شارۆچکەی سەرێکانیی رۆژئاوای کوردستانە.

ژان دۆست، لەبارەی دەستنیشانکردنی وەکو راوێژکاری ئەخزەر ئیبراهیمی، گوتی "لە مێژە، بەتایبەتی دوای شکستهێنانی جنێڤ 2 و رژانی خوێنێکی زیاتر لە سووریا، هەندێک کەسانی سەربەخۆ لە سووریا و دەرەوە بیریان لەوە کردەوە کە چارەسەرێک بدۆزنەوە دووربێت لە ناکۆکییەکانی رژێم و ئۆپۆزیسیۆن. ئەوەبوو بەدوای کەسانی سەربەخۆدا گەڕان کە بتوانن بە ئارامی کار بۆ ئاشتی بکەن. ئەوەی پەیوەندی بە منەوە بێت، من لەلایەن هەندێک کوردی وڵاتپەروەری دانیشتووی ئەڵمانیا دەستنیشان کرام وەکو کەسێکی سەربەخۆ و بێلایەن کە پەیوەندیم بەهیچ حیزبێکەوە نییە و گرێدای هیچ گرووپێکی سیاسی نیم".

گوتیشی "ئەوان ناوی منیان رەوانە کرد و دواتر پەسەند کرا."

ژان دۆست، کە ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیت، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لە نێو کۆمیتەیەکی راوێژکاریدا کاریان راوێژکاری دەبێت "نەتەوە یەکگرتووەکان بانگمان دەکات و راوێژمان پێدەکات لەبارەی رەوشی ئێستای سووریا، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە چارەسەری ئاشتیانە بۆ ئەو قەیرانەی سووریا پێشنیاز دەکەین".

ژان دۆست هەروەها گوتی کە ئەخزەر ئیبراهیمی بینیوە و هەندێک قسەشیان کردووە "لە میانەی قسەکردنماندا پێمگوت بەڕێز ئیبراهیمی، کورد وەکو تیرمۆمێتری دیموکراتییە. لە هەر وڵاتێک بن دۆخی ئەوان نیشانەی دیموکراتییە. مافەکانیان ئەگەر پارێزراوبن، واتە ئەو وڵاتەی لێیدەژین دیموکراتە".

سەبارەت بە وەڵامی ئیبراهیمی بۆ قسەکانی ئەو، ژان دۆست گوتی "ئەویش قسەی من پەسەندکرد و گوتی هیوادارم کورد لە هەر شوێنێک بن، مافەکانیان وەربگرن".

ژان دۆست باسی تێڕوانینەکانی ئیبراهیمی دەکات و دەڵێت "ئەوەندەی من ئاشنای بووم، بەڕێز ئیبراهیمی کەسێکە لایەنگری گەلانە. بۆ خۆی گلەیی لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەکات و دەڵێ کۆمەڵگایەکی بێهێزە."


---

# یەکێتی داوا دەکات چیدی رۆژی لە دایکبوونی بارزانی نەکرێتە پشوو

**یەکێتی: ئەو پشووە بارگرانی دروست دەکات**

**پارتی: قبوڵی ناکەین**

**کۆمەڵ: بۆ ئیستیفزازکردنی پارتییە**



**سەنگەر عەبدولڕەحمان**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی پڕۆژە یاسایەک کە فراکسیۆنی یەکێتی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کردووە بۆ دیاریکردنی پشووە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، رۆژی لە دایکبوونی مستەفا بارزانی لابراوەو وەک پشوو دیاری نەکراوە.

پڕۆژە یاساکە واژووی 13 پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوزی لەسەرە بەناوی (رێکخستنی پشووە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق). جگە لە رۆژانی هەینی و شەممە، 17 رۆژی دیکە وەک پشوو لە ساڵێکدا دیاریکراون، بەڵام رۆژی 3/14 کە رۆژی لە دایکبوونی مستەفا بارزانییە و ساڵانە لە هەرێمی کوردستان دەکرێتە پشوو، لە پڕۆژەکەدا نییە.

گەشە دارا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "هەستمان کرد پشووە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان نارێکییان پێوە دیارەو کەس نازانێت پشووەکان کەی و چۆنن، بۆیە ئەو پڕۆژە یاسایەمان پێشکەش کرد".

لەبارەی لابردنی رۆژی لە دایکبوونی مەلا مستەفا بارزانیش، گەشە دارا گوتی "راستە بارزانی یەکێکە لە سەرکردە و رەمزە دیارەکانی کورد، بەڵام تاقە رەمز نییە، بۆیە ئەگەر رۆژی لەدایکبوونی ئەو بکەینە پشوو، دەبێت رۆژی لەدایکبوونی شێخ مەحمود و قازی محەممەد و شێخ سەعیدی پیران و هەموو سەرکردەو رەمزەکانی دیکەش بکەینە پشوو، ئەوەش بارگرانییەکی زۆر دروست دەکات".

بە وتەی گەشە دارا، لێکۆڵینەوەیەکیان کردووە و بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەر رۆژێکی پشوو زیانی 24 ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەدات، بۆیە رۆژی لە دایکبوونی بارزانییان وەک پشوو دانەناوە.

تا ئێستا پشووە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان بە یاسا رێکنەخراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی ساڵانە پشووەکان دیاری دەکات. فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێ بە هیچ جۆرێک رێگا نادەین ئەو پڕۆژە یاسایە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت.


مەردان خدر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە (رووداو)ی گوت "تائێستا ئەو رۆژە وەک پشوو دانراوە، هەر دەبێت وەک پشوو بمێنێتەوە، چونکە بارزانی نەمر سەرکردەی هەموو کوردە و رەمزی هەمووومانە، نەدەبوو یەکێتی دەست بۆ ئەو بابەتە ببات".

پڕۆژە یاسای ریکخستنی پشووە فەرمیەکان لە خولی سێیەمیش لەلایەن ژمارەیەک پەرلەمانتارەوە پێشکەش کرا، لە دانیشتنی ژمارە 12ی رۆژی 2010/8/11 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام پەسەند نەکرا، پڕۆژەکەی ئێستای فراکسیۆنی سەوز، هەمان پڕۆژەی خولی سێیەمە بەبێ دەستکاری، تەنیا رۆژی لە دایکبوونی بارزانی دەرهێنراوە.

سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە نەدەبوو یەکێتی لەم وەختەدا کە وەک ئەو دەڵێت "کورد پێویستی بە یەکهەڵوێستی و سازانی نیشتمانی هەیە، ئەو بابەتە بجوڵێنێ، چونکە مستەفا بارزانی رەمزێکی دیار و شۆڕشگێڕێکی دیاری کوردە و هەزاران کورد وەک سەرکردەیەکی کاریزما لێی دەڕوانن".

سۆران عومەر دەڵێت "پێموایە یەکێتی تەنیا یەک ئامانجی هەیە، ئەویش ئیستفزازکردنی پارتییە، دڵنیام ئەو پڕۆژەیە لە پەرلەمان دەنگ ناهێنێت و رەتدەکرێتەوە".

# یەکێتی دکتۆر نەجمەدین نانێرێتە بەغدا


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کەرکووک، بۆ هەریەکە لە یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی دیکە کاردانەوە و قسەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوان هەوڵدەدەن دەنگی ناکۆکییە قووڵەکانیان نەگاتەماڵی عەرەب و تورکمانە ڕکابەرەکانیان، بەڵام ناشتوانن ڕێگە لە کاردانەوەکانی لاوازبوونی ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان بگرن کە بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی ناسراوە. لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، زۆربەی شەوان هێندەی دیکە باری سەرشانی هێزە ئەمنییەکان بەهۆی تەقە و وردە شەڕی هەوادارانی دوو پارتە ڕکابەرە کوردییەکە قورستر دەبوو، بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەوە بۆ لاوازبوونی ڕێککەوتنی ستراتیژی ناگێڕێتەوە و دەڵێ "دکتۆر نەجمەدین هێندەی هەوڵی دژایەتیکردنی پارتی داوە لەم شارە، ئەوەندە خۆی بەلایەنە عەرەب و تورکمانەکانەوە سەرقاڵ نەکردووە، تەنانەت لەکاتی بانگەشەشدا بەردەوام هێرشی دەکردە سەر پارتی".

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، دکتۆر نەجمەدین کەریم ڕاشکاوانە هێمای بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کەرکووک کرد کە حیزبەکەی دەڵێ نزیکەی 200 هەزار دەنگی بەدەستهێناوە و گوتی "دەکرێ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەینە پێوەر بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگاکە دابەش بکەینەوە".

بەرپرسانی پارتی پێیانوایە ئەوە پەیامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوان. ڕێبوار تۆفیق، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک — گەرمیانی پارتی دەڵێ "پارێزگار هەموو پەیامەکانی روو لە پارتین و ئێمە باش لێی تێدەگەین".

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا لە کەرکووک لە ساڵی 2005 کە بە لیستی داخراو کرا، پارتی و یەکێتی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دیکە لیستی برایەتی کەرکووکیان پێکهێنا و دواتر پۆستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا دابەشکران لە نێوان لایەنەکان کە پارتی 9 کورسی، یەکێتی 6 کورسی، تورکمان 9 کورسی، عەرەب 6 کورسی، یەکگرتوو 3 کورسی و مەسیحییەکان 3 کورسییان وەرگرت جگە لە 3 کورسی بۆ شیوعی و دووی سەربەخۆ و پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بۆ یەکێتی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بەر یەکگرتوو کەوت.

ڕێبوار تۆفیق دەڵێت لەوەتەی دکتۆر نەجمەدین کەریم دەستبەکاربووە وەک پارێزگاری کەرکووک "دەستی بە هەڵمەتێکی دوورخستنەوەی بەرپرسە پارتییەکان کردووە لە پۆستە ئیدارییەکان و لەو 34 پۆستە ئیداری و ئەمنییەی بەدەست ئێمەوە بووە، پۆستە بچووک و لاوەکییەکان بوون".

دکتۆر نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەسەڵاتێکی باشتری لە حیزبەکەی وەرگرت بۆ جموجوڵێکی زیاتری خزمەتگوزاری لەو شارەدا. هەر ئەمەش وایکرد لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ دروستکردنی لیستێکی هاوبەشی کوردی لەم هەڵبژاردنەدا، کاندیدی یەکێتی بێت بۆ سەرۆکایەتی لیستەکە، بەڵام پارتی ڕەتیکردەوە و بەدوایدا گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵیش هەمان هەڵوێستیان وەرگرت.

دکتۆر نەجمەدین کەریم، لەو لێدوانەیدا بۆ میدیاکان جەختی لەوە کردەوە کە دەکرێ پشت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ببەسترێ بۆ ئەوەی پۆستە ئیدارییەکان بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دابەش بکرێن بەسەر لایەنەکاندا، (ڕووداو) لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی لە پارێزگای کەرکووک قسەی کرد، بەڵام ئامادە نەبوون لەوبارەیەوە لێدوان بدەن.

بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، هەرچەندە گوتی لایەنە سیاسییەکان بەردەوام دەبن لە ڕەچاوکردنی بارودۆخی شاری کەرکووک، بەڵام گوتی "دەکرێ لەسەر ئەو بنەمایە سەرلەنوێ فەرمانگە ئیدارییەکانی کەرکووک ڕێکبخرێنەوە، چونکە کەرکووک شارێکە بەغدا نایەوێ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی تێدا ئەنجام بدرێ".

ڕێبوار تۆفیق، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی بەبێ دوودڵی ڕەتیکردەوە ئەوان وەک پارتی بەوە ڕازی ببن و گوتی "ڕازی نابین ئەوە بکرێتە بنەمای سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی پۆستە ئیدارییەکان، چونکە ئەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانە ئەنجامدراوە نەک ئەنجوومەنی پارێزگاکان". گوتیشی "هەرکات هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، ئەوکات مافی خۆیانە".

بەڵام بێگەرد تاڵەبانی دەڵێ، ئاشکرایە لە کەرکووک "نفوزی یەکێتی زۆرینەیە و لەڕابردوودا بەحوکمی ئەوەی ڕێککەوتنمان لەگەڵ پارتی هەبوو، یەکێتی مرونەتی پیشان دەدا و نەیدەویست ئەوە بکات، پارتیش لە مووسڵ مامەڵەیەکی زۆر نەشیاوی لەگەڵ ئێمە کرد".

ڕێبوار تاڵەبانی، بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە لاوازبوونی ڕێککەوتنی ستراتیژی وایکردووە ئێستا هەست بە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە بکرێت و دەڵێت لەدوای 2003وە ئەو پۆستانەی کەرکووک لەنێوان خۆیان دابەشکردووە و ئێمە هیچ پۆستێکی ئیداریمان نییە "ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی کە دەڵێ ئیدارەی پارێزگاکە ڕێکبخرێتەوە خزمەت بە دۆخی کەرکووک ناکات". گوتیشی "ئەو پۆستانە لەسەرەتاوە بە ئاسایی دابەشنەکراون، بۆیە ئێستا ئاوای لێهاتووە".

## دکتۆر نەجمەدین ناچێتە بەغدا

هەرچەندە دکتۆر نەجمەدین کەریم، لە کەرکووک زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و لە 160 هەزار دەنگ تێپەڕیوە و ئێستا بووەتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، یەکێتی نایەوێ بینێرێتە بەغدا و هەر لەکەرکووک دەیهێڵێتەوە.

بێگەرد تاڵەبانی گوتی "مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی، هەموومان بۆ چوونمان وایە دکتۆر نەجمەدین وەک پارێزگاری کەرکووک بمێنێتەوە و کەسێکی دیکە لە جێگای ئەو بڕواتە پەرلەمان، چونکە ئەو دەتوانێ خزمەتی کەرکووک بکات".

# (ڕووداو) ناوی سەرۆک و جێگر و بڕیاردەری لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بڵاودەکاتەوە



**ئەمرۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەمڕۆ دووشەممە 2014/5/12 سەرۆک و جێگر و بڕیاردەر بۆ 19 لیژنە هەمیشەییەکەی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێت و ناوەکانیان ڕادەگەیەنرێت، پاش ئەوەی فراکسیۆنەکان لە پەرلەمان لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی لیژنەکان ڕێککەوتن.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمانە، 6 سەرۆک، 6 جێگر و 6 بڕیاردەری لیژنەی بەرکەتووە. گۆڕان کە هێزی دووەمە 5 سەرۆک، 4 جێگر و 4 بڕیاردەری لیژنەی بەرکەوتووە.

هەروەها یەکێتی نیشتمانی کوردستان 3 سەرۆک و 3 جێگر و 4 بڕیاردەری لیژنەی بەرکەوتووە. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش 2 سەرۆک، 2 جێگر و 3 بڕیاردەری بەرکەوتووە.

کۆمەڵی ئیسلامی یەک سەرۆک، یەک جێگر و یەک بڕیاردەری لیژنەی بەرکەوتووە. هەرچی تورکمانە یەک سەرۆک و یەک جێگری سەرۆکی لیژنەی بەرکەوتووە.

مەسیحییەکانیش بە هەمانشێوەی تورکمانەکان.

هەریەک لە بزووتنەوەی ئیسلامی، ئاراستەی سێیەم، حیزبی شیوعی و سۆشیالیست کە هەریەکە کورسییەکیان هەیە، لە سەرۆکایەتی لیژنەکان هیچ پۆستێکیان بەرنەکەوتووە، بەڵام لە لیژنەکاندا ئەندامن.

جەودەت جەرجیس، پەرلەمانتاری تورکمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەک کۆتای تورکمان سەرۆک و جێگر و بڕیاردەرێکمان پێدراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەرلەمانتارەکان سەرۆک پارتن، کەس ئامادە نییە ببێتە بڕیاردەری لیژنە، بۆیە تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک لە پێکهاتەی تورکمان بۆ بڕیاردەر دیاری نەکراوە".

ئایدن مەعروف، پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لیژنەکانمان بە خواستی تورکمان نەبووە، ئێمە داوای سەرۆکایەتی لیژنەکانی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوەمان کردبوو، کەچی پارتی و گۆڕان دوای دابەشکردنی لیژنەکان لە نێوخۆیاندا، لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەریان پێداوین کە قورسایی ئەوتۆی نییە".

ئەبوبەکر هەڵەدنی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی ئاشکرای کرد کە ئەمڕۆ دووشەممە لە لیژنەکان هەڵبژاردن بۆ سەرۆک و جێگر و بڕیاردەر دەکرێت، دواتر لە دانیشتنی ڕۆژی سێشەممەی پەرلەمانی کوردستاندا سەرۆکایەتی لیژنەکان پەسەند دەکرێن.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە هێزی سێیەمە لە پەرلەمان، داوا دەکات ژمارەی لیژنەکان زیاد بکرێن.

گۆران ئازاد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز بە (ڕووداو)ی گوت "داوای دروستکردنی لیژنەی ناوچە دابڕاوەکانمان کردووە".

بەڵام ڕابوون مەعروف، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان 19 لیژنەیە، بۆیە بۆ دەستکاری و زیادکردنی دەبێ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەمواربکرێتەوە".

شوان قەڵادزەیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕەخنەی توندی لە شێوازی دابەشکردنی لیژنەکان گرت و بە "نادادپەروەرانە و پاوانکاری" وەسفیکرد و پێیوایە "ئەمە خنکاندنی پەرلەمانە".

گوتیشی "بزووتنەوەی ئیسلامی و ئاراستەی سێیەم و حیزبی شیوعی لەو هەموو لیژنانە هیچ پۆستێکیان پێ ڕەوا نەبینراوە".

بەڵام ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی (زەرد) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پارتی ئامادەیە لە بەشی خۆی بداتە ئەو لایەنانەی پۆستیان بەرنەکەوتووە.

## ناوی سەرۆک و جێگرو بڕیاردەری لیژنەکان:

### لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

**سەرۆک:** عیزەت سابیر (یەکێتی)
**جێگر:** عەلی حەمەساڵح (گۆڕان)
**بڕیاردەر:** هیڤا حاجی میرخان (پارتی)

### لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان

**سەرۆک:** ئەیوب عەبدوڵڵا (گۆڕان)
**جێگر:** نازم کەبیر (پارتی)
**بڕیاردەر:** قارەمان وەتمان (یەکێتی)

### لیژنەی یاسایی

**سەرۆک:** د.ڤالا فەرید (پارتی)
**جێگر:** بەهار مەحموود (گۆڕان)
**بڕیاردەر:** گۆران ئازاد (یەکێتی)

### لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە

**سەرۆک:** زولفا مەحموود (گۆڕان)
**جێگر:** مریەم سەمەد (یەکێتی)
**بڕیاردەر:** ئاواز حەمید (پارتی)

### لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان

**سەرۆک:** شێرکۆ جەودەت (یەکگرتوو)
**جێگر:** دڵشاد شەعبان (پارتی)
**بڕیاردەر:** ڕۆزا مەحمود (گۆڕان)

### لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید

**سەرۆک:** ئاری هەرسین (پارتی)
**جێگر:** دلێر ماوەتی (یەکێتی)
**بڕیاردەر:** بەهار عەبدولڕەحمان (یەکگرتوو)

### لیژنەی دەستپاکی

**سەرۆک:** حاجی کاروان (یەکگرتوو)
**جێگر:** ئەنەس شەریف (پارتی)
**بڕیاردەر:** نەجیبە شێخ لەتیف (کۆمەڵی ئیسلامی)

### لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی

**سەرۆک:** سیراج ئەحمەد (پارتی)
**جێگر:** مەلا هەورامان گەچێنەیی (کۆمەڵ)
**بڕیاردەر:** عومەر کۆچەر (یەکگرتوو)

### لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر

**سەرۆک:** ماجد عوسمان تۆفیق (تورکمان)
**جێگر:** زەمان فەیسەڵ (پارتی)
**بڕیاردەر:** قارەمان قادر (گۆڕان)

### لیژنەی وەرزش و لاوان

**سەرۆک:** مەردان خدر (پارتی)
**جێگر:** جەودەت جەرجیس (تورکمان)
**بڕیاردەر:** زانا عەبدولڕەحمان (یەکێتی)

### لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**سەرۆک:** ئیبراهیم سمۆ (پارتی)
**جێگر:** جوان ئیسماعیل عەزیز (گۆڕان)
**بڕیاردەر:** بێگەرد دڵشاد (یەکێتی)

### لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری

سەرۆک: یەعقوب گۆرگیس (کلدۆ ئاشوور)
جێگر: غەریب مستەفا (یەکگرتوو)
بڕیاردەر: عەباس غەزالی (پارتی)

### لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان

**سەرۆک:** گەشە دارا حەفید (یەکێتی)
**جێگر:** ڕۆزان سادق (پارتی)
**بڕیاردەر:** مونیرە عوسمان (گۆڕان)

### لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت

**سەرۆک:** ئێڤار ئیبراهیم (گۆڕان)
**جێگر:** کەژاڵ هادی (یەکگرتوو)
**بڕیاردەر:** دانەنراوە (پارتی)

### لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار

**سەرۆک:** عومەر عینایەت (گۆڕان)
**جێگر:** کەمال یەڵدا (کلدۆئاشوور)
**بڕیاردەر:** مەدینە ئەیوب

### لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان

**سەرۆک:** محەممەد عەلی یاسین (پارتی)
**جێگر: یەکلایی نەبووەتەوە**
**بڕیاردەر:** عادل عەزیز (گۆڕان)

### لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و هاوچەرخکردنی لادێ

**سەرۆک:** فایەق مستەفا (گۆڕان)
**جێگر:** یەکلایی نەبووەتەوە (یەکێتی)
**بڕیاردەر:** تەحسین ئیسماعیل (پارتی)

### لیژنەی مافی مرۆڤ

**سەرۆک:** سۆران عومەر (کۆمەڵی ئیسلامی)
**جێگر:** فەیروز تەها (پارتی)
**بڕیاردەر:** سوهراب یان سوهام (یەکگرتوو)

### لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی

**سەرۆک:** سالار مەحمود (یەکێتی)
**جێگر:** پەروا عەلی حەمە (گۆڕان)
**بڕیاردەر: یەکلایی نەبووەتەوە**

## گەشتی ئاسمانی نێوان کوردستان و تونس دەستپێدەکات




**ڕووداو- هەولێر**

سەمیر جەماعی، باڵیۆزی تونس لە عێراق لە یەکەم سەردانیدا بۆ هەرێمی کوردستان دوای دەستبەکاربوونی وەک باڵیۆزی تونس لە عێراق، ڕایگەیاند وەک هەنگاوی یەکەم بە نیازن نووسینگەی باڵیۆزخانەی تونس لە هەرێمی کوردستان بکەینەوە و بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگیان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق کردووە. سەمیر جەماعی گوتیشی "لە سەرەتای مانگی 6 یەکەم گەشتی ئاسمانی نێوان وڵاتی تونس و هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەستپێدەکات".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12

### ژمارەیان دەبێتە هەشت

# لوبنان زۆرترین لقی بانکی لە کوردستان هەیە

**ئەلێکساندەرویتکامب**
**ڕووداو- هەولێر**

فرانس بانک-ی لوبنانی هاتە ریزی ئەو بانکە لوبنانیانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن. لوبنان بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆرترین لقی بانکی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

پاش کردنەوەی بانکی بیبلۆس لەساڵی 2007دا کە یەکەم بانکی لوبنانی بوو لە هەرێمی کوردستان و کردنەوەی بانکی BBAC و بانک مێد و بانک لیبانیاس و IBL بانک، بڕیارە لەم مانگەشدا، فرانس بانک لقێکی لە هەولێر بکاتەوە. هەروەها بانک عەودی کە گەورەترین بانکی لوبنانە، بڕیارە ئەویش لەم نزیکانەدا لقێکی لە کوردستان بکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی بانکی BLOM لە پلانیدایە لە مانگی تەمموزی ئەمساڵ لقێکی لە کوردستان بکاتەوە. بە کردنەوەی لقەکانی ئەو دوو بانکەش ژمارەی بانکە لوبنانییەکان کە لە کوردستان کاردەکەن دەبێتە هەشت بانک.

ئێستا بانکی ستاندەرد چارتەری بەریتانی تەنیا بانکی ڕۆژئاواییە کە لقی لە هەولێر هەبێت. زۆر لە بانکە بیانییەکان لەبری کردنەوەی لقێکی بانکەکانیان بەشێکی بانکە عێراقییەکان دەکڕن.

بانکە لوبنانییەکان بەناوبانگن بۆ کارکردن لەو وڵاتانەی ڕێژەی وەبەرهێنانیان نزمە. چەندین ساڵی شەڕی ناوخۆ لە لوبناندا بانکە لوبنانییەکانی فێرکردووە کە چۆن لە کەشوهەوای نائارامدا کاربکەن.

خەلیل غەیدان، سەرۆکی لقی فرانس بانک لە عێراق، دەڵێ بانکە لوبنانییەکان قازانجێکی زۆر دەکەن لە بەرامبەر ئەو وەبەرهێنانەی لە ناوچە ناسەقامگیرەکان دەیکەن. بەڵام بەپێی وتەی غەیدان هەرێمی کوردستان شوێنێکی ئارام و دڵنیایە.




فرانس بانک کۆتایی مانگی ڕابردوو لقێکی خۆی لە شاری هەولێر کردەوە. جگە لەو لقەی لە بەغدا هەیەتی، بە نیازە لقێکیش لە شاری بەسرە بکاتەوە.

"عێراق ڕێژەی نەدراوەتێ لەلایەن کۆمپانیاکانی وەک ستاندەرد و پۆوەرس". غەیدان گوتیشی "بەشی هەواڵگریی ئابووری نمرە (C) بە عێراق داوە کە لە خوار ڕێژەی وەبەرهێنانەوەیە، بەڵام جیاکاری نەکردووە لە نێوان هەرێمی کوردستانی ئارام و بەشەکانی دیکەی عێراق".

فرانس بانک لە ساڵی 2000دا خزمەتگوزاری بۆ بانکەکانی عێراق دابین کردووە و لە ساڵی 2003 وە نامەی دڵنیایی بۆ کڕیار و بزنسە ناوخۆییەکان دابین کردووە. غەیدان لەو بڕوایەدایە ئەم ئەزموونانەو گەشەکردنی ئابووری و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان هۆکاری باشن بۆ سەرکەوتنی بانکەکە لە کوردستان.

بەڵام هێشتا هەروەک بانکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، خزمەتگوزارییەکانی فرانس بانک سنووردار دەبێت. وەک بانکی بیبلۆس زۆرینەی قەرزەکانی فرانس بانکیش بۆ مەبەستی بازرگانی دەبێت. ئەو بانکانە ئێستا دەیانەوێت بازاڕ تاقیبکەنەوە بەر لە فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکەیان وەک پێدانی قەرز بەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. بڕیارە لە شەش مانگی داهاتوودا فرانس بانک دێبت کارت و کرێدیت کارت بداتە ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

پیشەسازیی بانکی تایبەت هێشتا لە عێراق ساوایە. لقی فرانس بانک لە هەولێر و بەغدا تەنیا 7 ملیۆن دۆلار سەرمایەی هەیە بەراورد بە 1.5 ملیار دۆلار لە بەیروت. بانکەکانی عێراق و کوردستان قەرزێکی کەم دەدەن بەراورد بە بڕە کاشی هەڵگیراویان.

فرانس بانک لە پلانیدایە ئەو ڕێچکەیە بگۆڕێ بە کەمکردنەوەی سەرمایەی هەڵگیراو لەڕێی خستنە بازاڕی پارە و بەگەڕخستنی لە ئابووریی وڵاتدا بە پێدانی قەرزی جۆراوجۆر.

بەڵام فرانس بانک بەبێ شیکار و بوونی زانیاریی پێویست لەبارەی مەترسیی پارەکانیان قەرز بە خەڵک نادەن. ئەو کۆمپانیایانەی کە پێویستیان بە پارەیە، دەبێت بتوانن توێژینەوەیەکی باش و باڵانسی ئەو پارەیەی وەریدەگرن و هەموو دۆکیومێنتەکان پێشکەش بکەن. حاڵی حازر، زۆر لەو کەسانەی دەچنە بانکەکان هیچ کام لەم دۆکیۆمێنتانەیان پێ نییە.

غەیدان دەڵێ "شتەکان لە گۆڕانکاریدان و موشتەرییەکان شارەزاتر دەبن". هەروەها دەڵێت "ئەو کۆمپانیایانەی ناتوانن لای خۆیانەوە ئەو شیکارانە بکەن، پەنا دەبەنە بەر کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وەک دیلۆیت و تەچی یان ئێرنست و یەنگ کە ئۆفیسیان لە هەولێر هەیە. کۆمپانیا و بزنسەکان زیاتر هەنگاو بەرەو پرۆفێشناڵبوون دەنێن".

# هەولێر دەبێتە خاوەنی دوو تەرمیناڵی نێودەوڵەتی

**ڕێکار عەزیز و ئەلێکساندەر ویتکامب**
**ڕووداو- هەولێر**

دروستکردنی یەکەمین تەرمیناڵی نێودەوڵەتی پاس لە هەولێر بە شێوازێکی مۆدێرن، هێمایە بۆ بەسەرچوونی ئەو ڕۆژانەی کە گەشتکردن بۆ عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا سەخت بوو.

بینینی ئەو پاسانەی ڕۆژانە گەشت بۆ ئیستەنبوڵ دەکەن، مایەی خۆشحاڵییەکی زۆرە لە هەرێمی کوردستان. پێشتر گەشتێکی لەم جۆرە کات و وزەیەکی زۆری دەویست. پاش گەشتێکی دوور و درێژ و گران پاسەوانانی سنوور دەیانتوانی گەشتیاران لە سنوور بگەڕێننەوە.

تەرمیناڵی نێودەوڵەتیی هەولێر کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە، بە زوویی دەرگا بەڕووی گەشتیارانیدا واڵا دەکات. هەر لەئێستاوە ناو تەرمیناڵەکە پڕ بووە لە پاس بۆ گواستنەوەی گەشتیاران بۆ ئێران، تورکیا و شارەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. خاوەن دوکان و ڕێستۆرانتەکانی ناو تەرمیناڵەکە سەرقاڵی کردنەوەی دوکانەکانیانن و شۆفێری تەکسییەکان لەدەرەوە چاوەڕێی گواستنەوەی گەشتیارانن بۆ ناو شار و شۆفێری پاسەکان هاواری ئەو شوێنانە دەکەن کە بۆی دەڕۆن.

لەمێژە هەرێمی کوردستان ڕێگایەکی سەرەکی بووە لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا. بەپێی ئاماری کۆمەڵەی کۆمپانیا گەشتیارییەکان، 224 کۆمپانیای گەشتیاری لە کوردستان ناویان تۆمارکراوە کە زۆربەیان خۆماڵین. ئەمانە کۆمپانیای بچووکن کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن.

بەڵام لە ڕابردوودا ئەم پاسانە بەبێ ڕێکخستن کاریان کردووە. بە بنیاتنانی تەرمیناڵی نوێ لە هەولێر و سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات ئەم کۆمپانیایانە یەکبخات و بیانگۆڕێ بۆ پیشەسازییەکی گەشتیاری کە بە خێرایی گەشە بکەن.

کۆمپانیای گواستنەوەی لاوان، یەکێکە لەو کۆمپانیا بچووکانە کە خاوەنی پێنج پاسە، هەریەکەیان 70 تاوەکو 100 گەشتیار دەگرن و لە ساڵی 2007ەوە ڕۆژانە گەشت بۆ ئێران و تورکیا دەکەن. هەروەک کۆمپانیاکانی دیکە، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن فەرمانی پێکردوون بچنە ناو تەرمیناڵە تازەکەوە.

ئەرکان نەجات، فەرمانبەری کۆمپانیاکە، خۆشحاڵە بە شوێنە نوێیەکەیان "زۆر دڵخۆشین بە کردنەوەی ئەم تەرمیناڵە، لێرە گەشتیارەکان ون نابن وەک شوێنە کۆنەکانی ناوجەرگەی شار، کاتی زۆرمان بەسەردەبرد لە پێدانی ناونیشان بە گەشتیاران و شۆفێری تەکسییەکان". ئەرکان دەڵێت ئێستا ئەو شتانە بووەتە ئەرکی مێزی زانیاری کە هاوکاری گەشتیاران دەکەن لە دۆزینەوەی ئوتێل و ڕێستۆرانتەکانیش.

فوئاد محەممەد مستەفا، بەردەوام بە پاس هاتوچۆیی تورکیا دەکات "ئەمە یەکەمین گەشتمە بۆ باکوور کە لە تەرمیناڵی نێودەوڵەتی هەولێر دەوەستم. شوێنی وەستانی پاسەکان زۆر بە جوانی دیزاین کراوە". ئەو دەڵێت "زۆر لە شوێنی وەستانی پاسەکانی تورکیا دەچێت. شوێنێکی زۆر سەلامەت و ئاسوودەیە هەروەها شوێنی حەوانەوەی بۆ گەشتیاران تێدایە. ئەوە گەشەو پێشکەوتنی هەولێر نیشان دەدات."

وەزارەتی گواستنەوە پرۆژەی جێبەجێکردنی تەرمیناڵی دووەمی ڕاگەیاند کە دەکەوێتە باشووری شار و ئێستا 30%ی پرۆژەکە تەواو بووە. هەردوو پرۆژەکە لەسەر شەقامی بازنەیی دەرەوەی هەولێر بنیاتنراوە، ئەوەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی شەقامەکانی سەنتەری شار کە حاڵی حازر قەرەباڵغییەکی زۆری ئۆتۆمبێلی تێدایە.

نادر ڕووستی، ئەندامی بۆردی گەشتیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە گەشتیاری دەبێتە بەشێکی سەرەکی داهاتووی هەرێمی کوردستان. بۆ سەلماندنی ئەمە تەنیا تەماشای ئەو هەموو هۆتێل و ناوچە گەشتیاریانە بکەن کە لە سەرتاسەری وڵاتدا بنیات دەنرێن.

بەپێی قسەی نادر ڕووستی، لە ساڵی 2012دا زیاتر لە 2.2 ملیۆن گەشتیار ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. ئەو ژمارەیە لە هەشت مانگی یەکەمی 2013دا ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە.

ڕووستی دەڵێت "دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان". تەرمیناڵی نێودەوڵەتیی هەولێر یەکێک نییە لە گەورەترین تەرمیناڵەکانی جیهان، بەڵام بە قسەی نادر ڕووستی ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە کارئاسانی بۆ گەشتیارانی تورکیا و ئێران.



فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم

### ئەگەر دەوڵەت بووایە

# کوردستان دەبووە 103 مین هێزی ئابووری



**ڕووداو- هەولێر**

چاوەڕوان دەکرێت فەرمانگەی ئامار لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا ژمارەیەکی نوێی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) لە هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنێ.

دوا ئامار لەبارەی GDP لە کۆتایی ساڵی 2011دا کراوە کە تێکڕای چالاکیی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە 20 ملیار دۆلار خەمڵێنرا. ساڵێک بەر لە ڕاگەیاندنی ئەو ئامارە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی بە زیاتر لە 5 ملیۆن کەس مەزەندە کرد. بەپێی لیستی GDPی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە، بە 103 هەمین هێزی ئابووری لە جیهاندا دادەنرا، لەپێش نیپاڵ دەبوو کە ژمارەی دانیشتووانی 27 ملیۆن کەسە و زامبیا کە دانیشتووانی 13 ملیۆنە، بەڵام لەپاش ئیستۆنیا و ترینیداد و تۆباگۆوە دەهات کە ژمارەی دانیشتووانیان 1.3 ملیۆن کەسە. بازرگانێکی دیار کە لە کوردستان کاردەکات، گومانی خۆی لە ئامارەکانی ڕابردوو دەردەبڕێ و دەڵێت "ئەم ژمارانە دروست نین". چونکە وەک ئەو گوتی "ناتوانین تۆمارێکی تەواوی کڕین و فرۆشتنە نافەرمییەکان (ئابووری ڕەش و سپی) بزانین کە گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە".

ئابووری ڕەش و سپی ئابوورییەکی نافەرمییە کە ئاڵوگۆڕی پارەی کاشی تێدا تۆمار ناکرێت. ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا و خاوەن کارەکان ڕێگەیەک دەدۆزنەوە بۆ نەدانی ئەو ڕێژە کەمەی باج کە لە کوردستاندا دەدرێت. بۆیە زۆر چالاکی ئابووری لە کوردستان تۆمار ناکرێن. ئەمەش وادەکات لێکدانەوەی ژمارەی GDP لە کوردستاندا زۆر قورس بێت، جگە لە زانیارییەکانی دیکە لە بارەی ئابووری کوردستانەوە.

## کۆتایی ئەمساڵ ئاماری GDP و کار ڕادەگەیەنرێت

بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەمەبەستی فشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان بارودۆخەکەی خراپتر کردووە.

سیروان محەممەد محێدین، بەڕێوەبەری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەڵێ نیوەی بودجەی فەرمانگەکەی کە بە 8.6 ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێ، بەهۆی بڕینی بودجەوە کەم دەبێتەوە. باقی بودجەکە لە دابینکردنی مووچە خەرج دەکرێت. دەستەکەی سیروان بەم دواییە پرۆژەیەکی جێبەجێ کرد بۆ کۆکردنەوەی داتا لە بارەی پیشەسازی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان. بەڵام بۆئەنجامدانی توێژینەوە گرنگەکانی، فەرمانگەکە داوای یارمەتی لە ڕێکخراو و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەکات. هەردوو ئاماری GDP و کار کە لە کۆتایی ئەمساڵدا ڕادەگەیەنرێ، بەهاوکاری کۆمپانیای ڕاند کە بنکەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە ئەنجامدەدرێ.

ئامارێک بۆ دیاریکردنی کاریگەرییەکانی چالاکی ئابووری لەسەر کۆمەڵگە بەهاوکاری بانکی جیهانی لە مانگی مارسی داهاتوودا ئەنجامدەدرێ. ڕێکخراوی یونیسێف سەرقاڵی تەواوکردنی ئامارێکە لەسەر بارودۆخی ژنان و منداڵان لە کوردستان، هەروەها پرۆگرامی پێشکەوتنی نەتەوەیەکگرتووەکان یەکەمین ئامار لەسەر تاوان و قوربانییەکان لە کوردستان ئەنجامدەدات.

دکتۆر جەمال ئەمین، بەرپرسی بەشی ئامار لە وەزارەتی پلاندانان و پرۆفیسۆری ئامار لە بەریتانیا دەڵێت هێشتا هەرێمی کوردستان ساوایە و لە گۆڕانکاری خێرادایە. ئەو پێیوایە کوردستان لە گەشەکردندایە، بەڵام ئەو گەشەکردنە خاوە. هەروەها گوتی داتای کوردستان لەبەرزبوونەوەدایە بۆ ستاندەردی جیهانی، ئەوەش بەهۆی ئەو هاوبەشی و پێکەوە کارکردنەی کە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار بودجەی هەیە بۆ ناردنی قوتابیان و فەرمانبەرانی حکومی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە بوارە جیاوازەکان. کاتێک دەگەڕێنەوە، وەک لە گرێبەستەکەیاندا هاتووە، زانیاری و شێوازی نوێی کارکردن بۆ کوردستان دەهێننەوە.

دکتۆر جەمال دەڵێ ژمارەی دروست گرنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی. وەبەرهێنەرانی دەرەوە پێویستیان بە ڕاستی و ژمارەی دروستە بۆ پێوانی ئەو پێشکەوتنەی کە بەدی هاتووە


ڕووداو
ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12

## د.موحسین عەبدولحەمید، ئەمینداری پێشووی حیزبی ئیسلامی لەعێراق:

# بارزانی سەرۆک کۆماریی قبوڵ دەکات

د.موحسین عەبدولحەمید، ئەمینداری پێشووی حیزبی ئیسلامی لە عێراق کە پارتێکی ئیسلامیی نزیک لە ئیخوان موسلیمینە، لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق زیاتر جەماوەری هەیە. لەبارەی داهاتووی عێراق و بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکان قسە دەکات و دەڵێت "پێویستی بە هاوپەمانێتی گەورەی نیشتمانی هەیە". لەو هەڤپەیڤینەدا کە لە ڕێگەی ئیمەیل کراوە. د.موحسین عەبدولحەمید باسی کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوو دەکات لە دوایین هەڵبژاردندا و دەڵێت "ڕەنگە خێرا وەڵامدانەوەی بۆ قبوڵکردنی وەزارەتە نوێیەکان هۆکارێک بووبێت. بەڵام بە بڕوای من بەتەنیا ئەوە هۆکارەکە نییە".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود



## کورد لە ویلایەتی سێیەمی مالیکی دەترسێن

**ڕووداو: بارودۆخی عێراق چۆن دەبینی دوای هەڵبژاردنەکان، ئایا ئەمجارە بەئاسانی هاوپەیمانێتی پێکدەهێنرێتەوە ئەگەر ئەو هاوپەیمانێتییە نوری مالیکی بکاتەوە بە سەرۆک وەزیران؟**

**د. موحسین عەبدولحەمید:** دوای هەڵبژاردن، بارودۆخی عێراق هاندەرە بۆ دروستبوونی هەندێک گۆڕانکاری، دروستبوونی هاوپەیمانێتی نوێ، لەبەرئەوەی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان هەستدەکەن هاوپەیمانێتییە تایفییەکانی ڕابردوو عێراقی دواخست. زیانێکی زۆر بەر عێراق کەوت و بووە هۆی هەڵوەشاندنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق و بڵاوبوونەوەی تاوانی خوێناوی، پەککەوتنی پرۆژە ئابوورییەکان. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی تایفەگەری.

ئێستا دەرفەت لەبەردەم هەموو پێکهاتەکاندا هەیە، ئەگەر مالیکی یاخود ئەوانی دیکە بتوانن هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانی فراوان پێکبێنن، ئەمەش جارێکی دیکە کۆی بارودۆخە سیاسییەکە دەگرێتەوە کە سەرچاوەکەی بۆ دەستوور دەگەڕێتەوە.

**ڕووداو: ترسی کورد و سوننە لەوەی مالیکی بۆ جاری سێیەم ببێتەوە سەرۆک وەزیران، تا چەند لە جێی خۆیدایە؟**

**د. موحسین عەبدولحەمید:** کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بە نائارامی زۆردا تێپەڕین، ئەوان سەرلەنوێ دەترسێن لە ویلایەتێکی دیکەی مالیکی، بەبڕوای ئەوان ناگەنە ئاکامی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ مالیکی، لەبەر ئەوەی هەردوولا سوورن لەسەر جێبەجێکردنی بیروڕاکانی خۆیان.

## ئێستا سەبەتەی کورد زۆرترین هێلکەی تێدایە

**ڕووداو: ئێستا وادەردەکەوێ کە ئێران و وڵاتانی دراوسێ بەبێ پەردە یاری لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا دەکەن، تۆ لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** ئەم کێشەیە شاراوە نییە، لە سەرەتای داگیرکردنی عێراقەوە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ، نە لای عێراقییەکان و نە لای وڵاتە هەرێمییەکان و نە وڵاتانی جیهان شاراوە نییە، بەبڕوای من لە کۆتاییدا تەنیا یەکگرتوویی عێراقییەکان و ڕێککەوتنیان لەسەر سیاسەت، دەتوانێ هاوسەنگیی پەیوەندییەکان لە نێوان عێراق و وڵاتانی دەوروبەری دروست بکات.

**ڕووداو: کورد دەتوانێ بە هاوپەیمانی لەگەڵ سوننە و لیستێکی شیعە، حکومەتی نوێ پێکبهێنن؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** دەشێت سەرکەوتووبێت، هاوپەیمانی نێوان لایەنەکانی سوننە و شیعە سەنگێکیان هەیە، بەڵام دروستکردنی کیانێکی نیشتمانی کە ئامانج و مەرامی تایفەگەری لە پشتەوە نەبێت، سەرکەوتووترینیانە.

## دەشێت هاوپەیمانی نێوان کورد و سوننە و لیستێکی شیعە سەرکەوتوو بێت

**ڕووداو: لە هەرێمی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا یەکگرتووی ئیسلامی پاشەکشێی لە دەنگەکاندا کردووە، تۆ پێتوایە ئەوە پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** لەڕاستیدا نازانم هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەو دابەزینەی دەنگەکانی یەکگرتوو چییە جگە لەوەی لە سەرکردەکانی یەکگرتووی ئیسلامیم بیستووە، ڕەنگە خێرا وەڵامدانەوە بۆ قبوڵکردنی وەزارەتە نوێیەکان هۆکارێک بێت، بەڵام بەبڕوای من ئەوە بەتەنیا هۆکارەکە نییە، چونکە گەلی کورد دوودڵ بوو لە دواکەوتنی حکومەت، لەبەر ئەوە بۆچی ئەوە هۆکارەکە بێت کە یەکگرتوو هاوکارێکی خێرا بووبێت بۆ دروستبوونی حکومەت؟

**ڕووداو: زۆریەی سەرکردەکانی یەکگرتوو و ئیخوان لە کوردستان خەڵکی هەڵەبجە و هەورامانن، کەچی لەم هەڵبژاردنەدا لە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامانیش دەنگی زۆریان نەهێناوە، بۆچی؟**

**د. موحسین عەبدولحەمید:** من دوورم لەو ناوچەیە، ناشزانم هۆکاری ئەوە چی بووە.

**ڕووداو: ئایا دەنگەکانی حیزبی ئیسلامی عێراقیش بە هەمانشێوە دابەزیوە کە ساڵانێک ئێوە سەرپەرشتیتان دەکرد؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بارودۆخی حیزبی ئیسلامی عێراق لەم هەڵبژاردنەدا زۆر باشترە لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو، چونکە بۆ خەڵک دەرکەوت قسەکانی حیزبی بەعس و ئەو قین لە دڵانەی دیکە لەدژی ئێمە، هەمووی درۆ و ناڕاست بوون، هەروەها حیزبەکەش لەناوخۆی خۆیدا خۆی ڕاستکردەوە.

**ڕووداو: دوورخستنەوەی ئیخوانەکانی میسر لەدەسەڵات تاوەکو چەند کاریگەریی دەبێت لە کەمبوونەوەی دەنگی ئیسلامییەکانی کوردستان؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بارودۆخی میسر، دوور و نزیک پەیوەندی بە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە نییە.

## بارودۆخی میسر، دوور و نزیک پەیوەندی بە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە نییە

## کەمبوونەوەی دەنگی یەکگرتوو پەیوەندی بە دانیشتنی سەلاحەدین بەهائەدینەوە نییە

**ڕووداو: ئایا دانیشتنی سەلاحەدین بەهائەدین کە هاوڕێی نزیکی تۆشە، دەوری هەبوو لە کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتووی ئیسلامی؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بەڕێز سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین، خۆی دانیشت و لانەدرا. ویستی سەروکاری یەکگرتووی ئیسلامی کەسێکی دیکە بیگرێتە دەست و ڕێگەی بەکەسانی دیکە دا سەرکردایەتی یەکگرتوو بکەن. بەبڕوای من ئەگەر خۆی هەڵبژاردایەتەوە سەردەکەوت. ئەو ئاڵوویرەش پەیوەندی بە کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتووەوە نییە لەم هەڵبژاردنەدا، جەماوەری یەکگرتوو خۆشیان ئەوە دەزانن.

**ڕووداو: دەگەڕێمەوە بۆ دۆخی عێراق، ئێستا بەشێکی زۆر لە لایەنەکان مالیکی ڕەتدەکەنەوە و ئەویش دەیەوێ ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران، مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ نییە لە عێراق؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** گەمە سیاسییەکان لەسەر بنچینەی هاوپەیمانێتی گەورە دروست بوون، ئیتر بۆچی جەنگی ناوخۆ ڕوودەدات، بڕواناکەم سیاسییە ژیرەکان بیر لەوە بکەنەوە، لەبەر ئەوەی مالیکی وەک کوتلەیەکی گەورە هاتە پێشەوە کە لە پەرلەمان دەنگیان پێدا.

**ڕووداو: کورسییەکەی تاڵەبانی زیاتر لە ساڵێکە خاڵییە، تاوەکو چەند بە عێراقەوە دیارە؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بێگومان دووریی مام جەلال کاریگەریی هەیە لەسەر بارودۆخی سیاسیی عێراق، تاڵەبانی سیاسییەکی شارەزایە و پەیوەندی باشی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان هەیە و کاریگەرییەکی زۆر دیاری لەسەر بارودۆخی عێراق دروستکردووە. سەرۆکی عێراق بوو، سەمامی ئەمان بوو لەکاتی ناکۆکییەکاندا.

**ڕووداو: کورد دەتوانێ ئەو پۆستەی تاڵەبانی وەربگرێتەوە؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بۆچی نا، ئەوان کیانێکی گەورەن و سەبەتەی کورد زۆرترین هێلکەی تێدایە کە بەدەوریدا هەموو خول دەخۆن. واتە هەموو لایەنەکان بەدەوری سەبەتەی کورددەوەن.

**ڕووداو: ئێستا هەندێک سەرکردە داوای ئەوە دەکەن بارزانی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، تۆ ئەو بە گونجاو دەزانی؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بەبڕوای من لە سۆنگەی ناسینێکی باشەوە، کەسایەتی مەسعود بارزانی، زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق.

## پرۆسەی ئاشتی دەگاتە ئامانجی ڕاستەقینە و ئاکامەکەی ئازادکردنی ئۆجەلان دەبێت

**ڕووداو: لەو باوەڕەدایت بارزانی ئەو ئەرکە قبوڵ بکات؟**

**د. موحسین عەبدولحەمید:** بەپێی ناسینی من بۆ کەسایەتی ئەو، پێموایە کاک مەسعود ئەوە قبوڵ دەکات، ئەگەر بڕوا بهێنێت بەوەی کە ئەوە لەبەرژەوەندی عێراق و خەڵکی کوردستانە.

**ڕووداو: سروشتی بارزانی بۆ ئەوە گونجاوە ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بەڵێ گونجاوە، کەسایەتییەکی ژیرە. هەروەها لە سروشتی خەڵکی عێراق و پێکهاتەکانی تێدەگات، پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکاندا هەیە و خزمەتی زۆری کوردی کردووە، بۆیە دەتوانێ خزمەتی عێراقیش بکات.

**ڕووداو: چۆن لە نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەڕوانی؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** ئەم نزیکبوونەوەیە کارێکی ئاساییە، لەڕووی مێژوو و سنوور و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، بەتایبەتی لەژێر سێبەری دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) کە ئەردۆغان سەرکردایەتی دەکات و بەرژەوەندی هاوبەشیش ڕێگەی بۆ سەرکردایەتی کورد خۆشکردووە تاوەکو نزیک ببێتەوە.

**ڕووداو: متمانەت بە کەسایەتی ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدان هەیە کە داواکارییەکانی کورد لە ناوخۆی تورکیا جێبەجێ بکات؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بەڵێ، کەسایەتییەکی بەئاگایە لەو واقیعانەی سەر ڕووی زەوی کە ڕوو دەدەن دوور لە نەتەوەپەرستی، پێویستیش ناکات ڕژانی خوێنی کورد و تورک بەردەوام بێت، لەکاتێکدا هەموویان موسڵمانن.

**ڕووداو: بەبڕوای تۆ کاتی ئازادکردنی ئۆجەلان نزیکبووەتەوە؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** ئەگەر وتووێژە ئەرێنییەکانی نێوان حکومەتی تورکیا و پارتی کرێکاران پێشبکەوێ، بێگومان پرۆسەی ئاشتی دەگاتە ئامانجی ڕاستەقینە و ئاکامەکەی ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەبێت، لەبەرئەوەی ئۆجەلان هەوڵێکی ئەرێنی زۆری دا بۆ ئەو نزیکبوونەوەیە.

**ڕووداو: لە کەرکووک لە هەڵبژاردنی ئەمجارە کورد دەنگی زۆر بردووە، ئایا ئەوە دەیسەلمێنێ کە کەرکووک کوردستانییە؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بەڵێ هیچ شکم لەوە نییە کە کەرکووک کوردستانییە.

**ڕووداو: ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە عەرەبەکان و تورکمانەکان ناترسێنێ لەوەی ڕازی نەبن بە ئەنجامدانی سەرژمێری لە کەرکووک ؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بەبڕوای من پێویستە برا عەرەب و تورکمانەکان لە کەرکووک نەترسێن لە مەسەلەی کوردستانیبوونی کەرکووک، تەنانەت ئەگەر مەسەلەی لکاندنیشی بە هەرێمی کوردستانەوە بێتە پێشەوە. ئەوان هاووڵاتین و کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و نیشتمانی هەموو ئەوانەیە کە لێی نیشتەجێن. سەرژمێری دانیشتوانیش لەکەرکووک کە بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێت، ئەو بڕیارە دەدات.

**ڕووداو: عێراق بەرەو پارچە پارچە بوون دەڕوات، بەڕادەیەک زۆر کەس پێیوایە ئیدی شتێک نەماوە بەناوی عێراقی یەکگرتوو. وەکو سیاسیەک سەرنجت چییە لەسەر ئەم بۆچوونە؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** عێراق بە دوو شت چاک دەبێت. یەکەم: ناسنامە ئیسلامییەکەی ساف بێت و پەیوەندی بە مەزهەب و تایفییەت نەبێت کە ئەوەش زۆر زەحمەتە. دووەمیان لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون بێت. ئەمەش ئێستا مومکین نییە. ئێستا تائفیەت و مەزهەبییەت و موحاسەسە کۆنترۆڵی عێراقی کردووە.

**ڕووداو: سوننەی عێراق چۆن لەو ڕەوشە دەڕوانێت کە تۆ دەڵێی مەحاڵە بەو شێوەیە هاووڵاتیبوون دروست ببێ لە عێراق؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** بارودۆخی عێراق ئەوەندە قووڵ ڕۆچووەتە ناو کێشە، دەبێت عاقڵمەند و حوکەما دابنیشن چارەسەری بکەن، چونکە ئەم خوێنڕشتنە، ئەم دوو بەرەکییە، ئەم موحاسەسەیە عێراقی داڕزاندووە. لەبەر ئەوە بۆ بەرژەوەندی هەموویان، پێویستە هەموو لایەنەکان دانیشن. چونکە داڕزینی عێراق زیانی بۆ هەموو لایەک هەیە.

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە بیرۆکەی سێ پارچەی عێراق، کورد، سوننە، شیعە؟**

**د.موحسین عەبدولحەمید:** لەگەڵ پارچەی کوردیم، بەڵام لەگەڵ پارچەی شیعە و سوننە نیم.



## ئەلبوومەکەی نارینا ناوی نییە



**ئەڤین سەلاح- هەولێر**


کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان نارینا کوردی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکە کە لە 11 تراک پێکهاتووە و سەرجەم گۆرانییەکانی شادن. نارینا بە "رووداو"ی راگەیاند "تا ئێستا ناوم بۆ ئەلبوومەکەم دانەناوە کە سەرجەم گۆرانییەکانی شادن و ئاواز و هۆنراوەکانیش هەموویان فۆلکلۆرن". نارینا کوردی گوتی بە نیازبووە ئەو ئەلبوومە لە نەورۆزی ئەمساڵدا بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک نەیتوانیوە لە کاتی خۆیدا بڵاوی بکاتەوە.

### بەهجەت یەحیا:

# کلیپ بووەتە بازاڕێک بۆ هەراجکردنی هونەر

هونەرمەند بەهجەت یەحیا پەردە رەشەکەی سەر قژی لادا و شێوە راستەقینەکەی دەرخست. دواتر قژە سپییەکەی کردە گۆرانی و کلیپێک بەناوی "دڵێکی سپی". ئەو بەرهەمە پێشوازییەکی زۆری لێکرا لەلایەن هەودارانی ئەو هونەرمەندە سۆفیگەرە. بە بڕوای بەهجەت یەحیا نهێنی سەرکەوتنی ئەو گۆرانییە "راستگۆیی" بوو، ئەو دەڵێت "دڵی خۆمم کردووەتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەم بتوانێت بە ئاسانی بیخوێنێتەوە". سەرەتای ئەم مانگە بەهجەت یەحیا دوو کۆنسێرتی خێرخوازی لەگەڵ گرووپی کامکاران لە هەولێر و سلێمانی ساز کرد. (رووداو) دوای تەواوبوونی کۆنسێرتەکەی هەولێر ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

هەڤپەیڤین: رێککەوت سەلام



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**رووداو: لە بیۆگرافیاکەتدا نووسیوتە، رۆژی لە دایکبوونمان لە مەتەڵ دەچێت، مەبەستت لەمە چییە؟**

**بەهجەت یەحیا:** بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بەزۆر بەو دەوڵەتەوە. هەمیشە ئەم وڵاتە مەکینەیەک بووە بۆ هاڕین و وردوخاشکردنی مرۆڤەکانی، هەمیشە کورد باجی کوردبوونی خۆی داوە، هیچ کەسێک بەدەست خۆی نییە کە لەدایک دەبێت سەر بە چ نەتەوەیەکە، کەچی کورد لەسەر ئەوە جینۆساید کراوە، جا لەبەرئەوە هیچ کاتێک رۆژی لەدایکبوونمان بایەخێکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی نەبووە و هیچ کاتێک نەبووەتە پرسیار، بەڵکو بەپێچەوانەوە مردن و رۆژی بەخاکسپاردن جێی باس و پرسیار بووە.

پێشتر کە منداڵێک لەدایک دەبوو لە ناسنامەکەیدا دەیاننووسی 7/1 لەدایکبووە، دەیانگوت بۆ کاتی داخڵکردنی لە قوتابخانە باشە، ئەگینا درەنگ وەردەگیرێت و ساڵێکی خوێندنی دەفەوتێت، بەبێ ئەوەی رەچاوی باری دەروونی و جەستەیی منداڵەکە بکرێت ئایا ئامادەیە بۆ قوتابخانە. من خۆم تەمەنم پێنج ساڵ بووە کە دەستم کردووە بەخوێندن، منداڵ لەو تەمەنە کەمەدا حەزی لە یاریکردنە. لە هەموو دنیادا وادانراوە کە لەتەمەنی شەش ساڵییەوە منداڵ ئامادەیە بۆ قوتابخانە، لە هەندەران زۆرجار پرسیارمان لێدەکرا کە بۆچی خەڵکی وڵاتەکەتان هەموویان لە یەک رۆژ لەدایک بوون؟ نەماندەزانی چ پاساوێکیان بۆ بهێنینەوە، ئەی ئەمە مەتەڵ نییە؟ ئەوان رۆژی لەدایکبوونیان زۆر لەلا گرنگە و بووەتە کەلتوور، یادی دەکەنەوە و ئاهەنگی بۆ ساز دەکەن.

**رووداو: لە گۆرانییەکانتدا هەمیشە بەدوای شتێکدا دەگەڕێی. ئەو شتە چییە؟ ئەو شتە ئەوەندە گرنگە؟**

**بەهجەت یەحیا:** ئەو کەسەی کە بەرۆح هونەرمەندە گەرۆکێکە بەدوای ئیستاتیکادا. ئەرکی ئەدەب و هونەر ئەوەیە بگەڕێی ئەو جوانیانە بدۆزیتەوە کە چاو نایانبینێت و تەنها دڵ دەیانبینێت، بۆ نموونە کە شاعیرێک باسی نیشتیمانەکەی دەکات دەڵێی کەس نیشتیمانی نییە ئەو نەبێت، یان کە باسی جوانی دەکات دەگەڕێت دیوە شاراوەکانی دەدۆزێتەوە، هەموو شتێک لە بووندا سیمای هەیە و ناخیشی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانیت سیمای شتێک بخوێنیتەوە رەنگە زۆری نەوێت، بەڵام بۆ گەیشتن بەناخ و تێگەیشتن لە دنیای ناوەوەی شتەکان دنیایەک گەڕان و تەمەنێک کۆششی دەوێت، کاری هونەرمەند ئەوەیە بە زمانی خۆشەویستی ناخی مرۆڤەکان بدوێنێت.

**رووداو: لە گۆرانییەکانتدا وشەی مەست زۆر بەکاردێنی، ئەوە کام مەستییە؟**

**بەهجەت یەحیا:** لە دنیای عیرفان و لە هۆنراوەی تەسەوفدا وشەی مەست یەکێکە لە رەمزە بەهێزەکان و زۆر مانا دەبەخشێ، ئەو مەستییە مەستبوونی رۆحە بە ئەوین، جیاوازە لە مەستیی شەراب و مەی، یان وشەی ساقی بەمانای فریادرەس دێت، هەندێکجاریش مەستی بەمانای ئاگایی دێت، ئاگاییەک لێوانلێو لە هەست و ئەوین.

## تەکنەلۆژیا هونەری کوشت

**رووداو: کلیپ ئامرازێکی گرنگە بۆ هونەرمەند، دەتوانیت پەیامی گۆرانیەکانت تەنیا لە رێی کلیپەوە بگەیەنیت؟**

**بەهجەت یەحیا:** رێگا زۆرە بۆ ئەوەی پەیامی خۆمان بە خەڵکی بگەیەنین، کلیپیش یەکێکە لەو رێگایانە. ئەگەر کلیپ بتوانێت گوزارشت لە ناخی بەرهەمەکە بکات و ئەو وێنانەی کە تێیدا نمایش دەکرێت هەمان ئەو وێنانە بێت کە گۆرانییەکە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەوە کارێکی باش و سەرکەوتووە. گۆرانی وەک کتێب وایە، خاوەنی فکر و پەیامە، دەشێ لە رێگای کلیپێکی هەڵەوە پەیامی گۆرانییەکە بە هەڵە بگاتە بینەر، لە لای من جوانترین کلیپ ئەو کلیپەیە کە دەست و پەنجە و روخساری موزیکژەنەکان نیشان بدات، بەداخێکی زۆرەوە ئێستا کلیپ بووەتە بازاڕێک بۆ هەراجکردنی هونەر.

## گۆرانی وەک کتێب وایە خاوەنی فکر و پەیامە

**رووداو: چوونت بۆ دەرەوەی وڵات هیچ ژیانتی نەگۆڕی و دووری نەخستیتەوە لە گوێگرانت؟**

**بەهجەت یەحیا:** مرۆڤ ئەگەر بتوانێت خۆی پەروەردە بکات، ئیدی هیچ شتێک نایگۆڕێت. ئەگەر تەماشای مێژوو بکەیت دەبینیت کەسانێک هەبوون ئاوارەیی و ئازار و گرتن و بەندیخانە و راونان گەورەی کردوون. گرینگ نییە مرۆڤ لە کوێ دەژی، گرینگ ئەوەیە مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە. وتەیەکی ئەڵمانی هەیە دەڵێت (ئەوەی لە غوربەت نەژیابێت نیشتیمان ناناسێت). بەبڕوای من نیشتیمان هەتا لێی دووربیت زیاتر لێی نزیک دەبیتەوە.

**رووداو: بەهۆی سیاسەتەوە خەڵک هونەری لەبیر ماوە؟**

**بەهجەت یەحیا:** هونەر وەک هەناسە، نان و ئازادی وایە، کەس نییە پێویستی پێی نەبێ، بەڵێ لە هەموو کات و سەردەمێکدا خەڵک هونەری خۆشدەوێت، ئێستا لەم وڵاتەی ئێمەدا هونەر تەنیا شتە کە بتوانێت هەر هەموومان بە جیاوازیی دەنگ و رەنگمانەوە لە هۆڵێکدا کۆبکاتەوە و وامان لێبکات هەمووومان پێکەوە گوێ بگرین، هەموومان پێکەوە هەست بەسۆز و خۆشەویستی و بە مرۆڤبوونی خۆمان بکەین. من بە چاوی خۆم ئەوەم بینی لەو دوو کۆنسێرتە خێرخوازییەی کە لەگەڵ کامکاران لە هەولێر و لە سلێمانی پێشکەشمان کرد.

**رووداو: پێتوایە دوو جۆر هونەری گۆرانی هەیە؟**

**بەهجەت یەحیا:** نەک هەر لێرە، بەڵکو لە هەموو جیهاندا هونەرێک هەیە دەبێت بەمێژوو، دەبێت بەناسنامە بۆ نەتەوەکان. جۆرێکی دیکەش هەیە لە هونەر کاتییە و بۆ کات بردنەسەرە، هەڵبەتە کۆمەڵگا هەردوو جۆرەکەی قبوڵە، بەڵام هەریەکەیان جێگاو سەنگی خۆی هەیە.

**رووداو: گوێگرانت زۆر متمانەیان پێتە، هۆی ئەوە بەلای تۆوە چییە؟**

**بەهجەت یەحیا:** ئەوە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە و هیوادارم هەتا ئەو کاتەی کە لە ژیانمدا کاری هونەریم پێدەکرێت ئەو متمانەیە رابگرم، بێگومان جێی متمانە بوون کاری بەردەوام و هەوڵ و هیلاکبوونی دەوێت. ئێمە هەوڵ دەدەین تۆوی خۆشەویستی لە کۆمەڵگاکەماندا بچێنین و هەر چاوەڕێی خۆشەویستیشیان لێدەکەین، گۆرانی بۆ هەموو گەلی کورد و هەر چوار پارچەی کوردستان دەڵێین. پەیامی ئێمە ئەوین و خۆشەویستی و رێزگرتنە لە مرۆڤ.

**رووداو: دوو کۆنسێرتت لەگەڵ کامکاران ساز کرد، دەنگ و ستایلی تۆ تا چەند لەگەڵ گرووپی کامکاران دەگونجێ؟**

**بەهجەت یەحیا:** من بە دوو ستایلی جیاواز کارم کردووە، ئەو گۆرانیانەی کە بە شێوازی سوننەتی بە ئامێرە میللییەکان کردوومە زۆر دەگونجێت لەگەڵ موزیکی گرووپی کامکاران.

**رووداو: گۆرانیی دڵێکی سپی پێشوازییەکی زۆری لێکرا، نهێنیی سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە چی بوو؟**

**بەهجەت یەحیا:** تەنیا راستگۆییە، من هیچی دیکەم نەگوتوە بێجگە لەوەی کە تەنیا باسی حەقیقەتی خۆم کردووە وەک ئەوەی کە هەم. دڵی خۆمم کردووەتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەم بتوانێت بە ئاسانی بیخوێنێتەوە. بەزمانێکی رەوان پێشوازیم لە هاتنی قۆناغێکی تەمەن کردووە کە خەڵکی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، چونکە ئەوە رێگایەکە کەس نییە لێی دەربازبێت، زۆر کەسم تووش دێت دەڵێت وادەزانم ئەو گۆرانییەت بۆ من گوتووە، راست دەکات بۆ ئەوم گوتووە، خۆ ئەگەر بۆ خۆمم بگوتایە هەر لە خەڵوەتەکەی خۆمدا بۆ خۆمم دەگوتەوە.

**رووداو: تۆ کاریگەریی تەکنەلۆژیا لەسەر هونەر چۆن دەبینی؟**

**بەهجەت یەحیا:** تەکنەلۆژیا چەندە خزمەت و ئاسانکاریی کردووە، ئەوەندەش زیانی بە هونەر گەیاندووە. تەکنەلۆژیا هونەری کوشت، رۆحی لە بەرهەمەکاندا پەراوێزخست، مرۆڤی تەنیا کرد. موزیک کارێکی هەرەوەزییە و پڕە لە خۆشەویستی و پێکەوە ژیان، بەڵام ئەو ئاسانکارییەی تەکنەلۆژیا هێنایە ئاراوە ئەو پێکەوەژیانەی نەهێشت، بێجگە لەوە بەرهەمە هونەرییەکانیش بەتاڵان دەچن.

## نهێنی سەرکەوتنی دڵێکی سپی تەنیا راستگۆیی بوو

## زۆر کەس پێمدەڵێن دڵێکی سپی-ت بۆ من گوتووە

---

# "ژنانی شەڕ" بە شارەکانی ئەڵمانیادا دەگەڕێت

**یادۆ جوان**
**رووداو- بەرلین**

هونەرمەندی شێوەکار، ئیحسان کاچار دوای کردنەوەی پێشانگایەک بەناوی "ژنانی شەڕ" لە شاری بیلیفیلدی ئەڵمانیا، سەرەتای ئەم هەفتەیە هەمان پێشەنگای لە شاری بەرلین و دۆرتمۆندی ئەڵمانیا کردەوە.

ئیحسان کاچار کە ماوەیەکی درێژە وەکو فۆتۆگرافەر بۆ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان کاردەکات، ئەمجارە دەستی دایە پرۆژەیەکی جیاواز و سەربەخۆ. کاچار لەم پرۆژە سێ هەنگاوییەدا بەهۆی وێنەوە ئاماژە بە بەسەرهاتی 1212 ژن دەدات کە رۆڵەی خۆیان لە شەڕدا لەدەستداوە، یان ئێش و ئازار و تراژیدیای گەورەیان بینیوە. ژنە قوربانییەکانی شەڕ لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بۆ ئەم کارە درێژخایەنە هەڵبژێردراون. ئەم کارە کە ماوەی دوو ساڵە بەردەوامە بەهۆی ئامادەکردنی کاتەلۆگێک لەسەر بەسەرهاتی ئەم ژنانە، لە کۆتاییدا وێنەکانیان دەکرێنە فیلمێکی دۆکۆمێنتاری.

ئیسحان کاچاری شێوەکار بۆ ئەم پرۆژەیە، بۆچوونی رۆشنبیر و نووسەری بەناوبانگی وەکو یاشار کەمال، محەممەد عەلی بیراند، ئۆرال چالیشلار، عەلی نەسین، مارکار ئەسایان و زۆر کەسی دیکەی وەرگرتووە. ئەو بۆچوونانەشی بەشێوەی نووسراو لە پێشانگەکانیدا نمایشکردوون.

کاچار لە بارەی ئامانجی پێشانگاکەی بە (رووداو)ی گوت "کاتێک لە کوردستان کاری رۆژنامەنووسیم دەکرد، ئەوەم زانی کە لەم شەڕەی 30- 40 ساڵەییدا، ئەوانەی لە هەموویان زیاتر قوربانییان داوە ژنان و دایکان بوون. بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی ئەوە نەبێتە بابەتی دۆکیومێنتارییەک. دواتر بڕیارمدا لەگەڵ نووسینەوەی بەسەرهاتەکانیان، هەروەها وێنەشیان بۆ بگرم و بەمشێوەیە ئەو کارە بکەمە بەڵگەفیلم."

کاچار بۆ ئەم پرۆژەیە سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری تورکیاشی کردووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی داوایان کرد دەستکاری پرۆژەکە بکەن و ئەویش ئەوەی پەسەند نەکرد، بۆیە هاوکارییان نەکرد.

پرۆژەکەی کاچار هێشتا کۆتایی نەهاتووە. بەردەوام دەبێت بۆ کارکردن لەسەر ئەو ژنانەی بوونەتە قوربانیی شەڕەکان لە فەلەستین، ئیسرائیل، بۆسنیا و ئەفغانستان. بەڵام کاچار دەڵێ لەبەر ئەوەی پێویستیان بە کۆمەکی دارایی هەیە بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەوان پرۆژەکەیان لە ئەورووپا دەناسێنن و چاوەڕێی رێکخراو و کۆمەڵی کۆمەکبەخشن.

کاچار لەبارەی گرنگی بابەتەکەش گوتی "تاوەکو ئێستا گوێم لە بەسەرهاتی ژمارەیەکی زۆری ئەو ژنانە بووە کە لەو شەڕانەدا بوونەتە قوربانی. 'ژنانی شەڕ' هەموو ئازار و دەرئەنجامێکی ناخۆشی ئەم شەڕانە لەناخی خۆیاندا هەڵدەگرن. هەندێکیان منداڵیان لە دەستداوە، هەندێکیشیان رۆڵەکانیان هێشتا گەریلان و بەشێکیشیان لەبەر دەرگای گرتووخانەکاندا زۆر زەحمەتیان بینیوە. واتە هەریەک لەو ژنانە خاوەن تراژیدیایەکی جیاوازە."



پێشانگەی ژنانی شەڕ لە شاری بەرلین



(فۆتۆ: رووداو)

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12

## منداڵێکی کورد لە سوێد دەسووتێت



**ڕووداو- سوێد**

منداڵێکی کوردی دانیشتووی شاری مالمۆ لە سوێد، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری سلێمانییە، بەهۆی ئاگرکەوتنەوە سووتا و گیانی لەدەستدا. بەپێی هەواڵێکی سایتی مالمۆ کورد، ڕۆژی 2014/5/11 ئەمڕۆ لە گەڕەکی ڕۆسنگۆردی شاری مالمۆ لە سوید کچێکی پێنج ساڵان گیانی لە دەستدا. هۆکاری گیان لە دەستدانەکە بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، کە بەهۆی ئاگرکەوتنەوە کچەکە سووتاوە و دواتر گیانی لە دەستداوە.



# خوێندکارێکی کورد یەکەمی نەرویجە

**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

خوێندکارێکی کوردی نیشتەجێی نەرویج، لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە لە بواری پلاندانانی ئەندازیاری پلەی یەکەم بەدەستدێنێ، حکومەتی نەرویجیش بەڵێنی پێدەدات بینێرێتە زانکۆیەکی ئەمریکی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

ڕێباز بەختیار، تەمەنی تەنیا 11 ساڵان بووە کە چووەتە نەرویج، بەهۆی کەمیی تەمەنەکەی خێزانێکی نەرویجی باوەشی بۆ دەکەنەوە و وەکو کوڕی خۆیان قبوڵی دەکەن. ئەو کە ئێستا قوتابی پلاندانانی ئەندازیارییە لە نەرویج، توانی لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە پلەی یەکەم بهێنێ و تێکڕای نمرەکانی بگەیەنێتە 94 نمرە. بۆیە حکومەتی نەرویج بەنیازە ڕێباز و پێنج قوتابی دیکە بنێرێتە ئەمریکا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

ڕێباز لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (ڕووداو) بە دەنگێکی پڕ لە ئومێدەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی "زۆر خۆشحاڵم، خۆشم باوەڕم نەدەکرد کە ئەو نمرە بەرزە بهێنم و یەکەمی نەرویج بم".

ئەو نمرەیەی ڕێباز لە زانکۆی "کریستیان ساند" بەدەستی هێناوە، بەرهەمی کۆشش و خوێندنی لانیکەم 8 کاژێر بووە لە ڕۆژێکدا.

ڕێباز، یەکێکە لە قوربانیانی دەستی ڕژێمی پێشووی بەعس، چونکە باوکی لەلایەن ئەو ڕژێمەوە کوژراوە. ئەو کاتێک تەمەنی 11 ساڵان بووە، بە هاوکاری مامێکی دەگاتە نەرویج و لەوێ لەلایەن خێزانێکی نەرویجییەوە پەروەردە دەکرێت و دەنێردرێتە قوتابخانە.

ڕێباز لە ستایشی ئەو خێزانە نەرویجییەدا دەڵێت "زۆر سوپاسیان دەکەم و سوپاسی و حکومەتی نەرویجیش دەکەم، چونکە زۆر پاڵپشتم بوون و من بەهۆی ئەوانەوە گەیشتمە ئامانجەکەم".

ئەو کە ئێستا تەمەنی 22 ساڵە، هەر لەگەڵ خێزانە نەرویجییەکەی دەژیت کە ئەو بە "خێزانی ڕاستەقینە"ی خۆی ناویان دەهێنێت و دەڵێت "من کوڕە تاقانەی ئەو خێزانەم، چونکە تەنیا دوو کچیان هەیە و کوڕیان نییە".

ڕێباز هیچ هاوڕێیەکی کوردی نییە، تەنانەت لە زانکۆکەی خۆیشی تاکە خوێندکاری کوردە، بەڵام دەڵێت بەردەوام پەرتووکی کوردی دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی زمانی دایکی لەبیر نەچێتەوە.

ڕێباز 11 ساڵە لە نەرویجە و تاوەکو ئێستا سەردانی کوردستانی نەکردووەتەوە و دەڵێت بەهۆی هۆگریی زۆری بۆ ئەو خێزانە نەرویجییە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە کوردستان. بەڵام گوتی "بەڵێن بێت دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵا، بگەڕێمەوە و خزمەتی وڵاتی خۆم بکەم، بەڵام خێزانەکەی خۆم لە نەرویج قەت لەبیر ناکەم و بەردەوام سەردانیان دەکەمەوە".

سەبارەت بە تێڕوانینی ئەو لەسەر پڕۆگرامی ئەندازیاری لە هەرێمی کوردستان، ڕێباز دەڵێت "لەبەر ئەوەی نەهاتوومەتەوە کوردستان، ناتوانم باس لە خوێندنی ئەندازیاری بکەم لە کوردستان، بەڵام کاتێک لە تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت سەیری کوردستان دەکەم هەست دەکەم باڵەخانە و خانووەکان لە ڕووی ئەندازەییەوە وەکو پێویست نین".

ڕێباز پەیامێک بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەنێرێت و دەڵێت "هیوادارم ئەو کوڕ و کچانەی کە خێزانەکانیان ئەنفال و شەهیدن، هەرگیز بێ هیوا نەبن و هەوڵی دروستکردنی ژیانێکی نوێ بدەن، با ئێمە هەوڵی بەدیهێنانی ئاواتە بەدینەهاتووەکانی دایک و باوکە شەهیدەکانمان بدەین".

## بەتۆمەتی "دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تیرۆرستی"

# سویسرا دوو برای کورد سزا دەدات



دوو برا کوردەکە لەگەڵ پارێزەرەکەیان

**ڕووداو- بازل**

هەفتەی ڕابردوو، دوو تۆمەتبار بەناوەکانی (م.م.ئا) 35 ساڵ و (ک.م.ئا) 25 ساڵ کە هەردووکیان بران و خەڵکی هەرێمی کوردستانن، لەلایەن دادگایەکی سویسراوە سزادران.

ئەو دوو برایە ڕۆژی 2014/5/2 لەلایەن دادگای فیدراڵیی تاوانەکان لە شاری بێلینتسۆنای سویسرا بە تۆمەتی دامەزراندنی "ڕێکخراوێکی تیرۆرستی" سزا دران. دادگاکە بەرپرسیاری سەرەکی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی خستە ئەستۆی برا گەورەکە، بۆیە بە سێ ساڵ و سێ مانگ بەندکردن سزای دا. برا بچووکەکەش کە ڕۆڵێکی سەرەکی نەبوو لەو تاوانەدا بە دوو ساڵ بەندکردن سزا درا.

داواکاری گشتی داوای کرد سزایەکی توندتر بەسەر هەردوو براکەدا بسەپێنرێت، بەڵام دادگا ئەوانی بە پشتیوانیکردنی ڕێکخراوەکە تۆمەتبار کرد نەک ئەندامێتی.

برا گەورەکە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیەک لە شاری بازل بەناوی "ناوەندی دیدی نوێ- بەشی دەرەوەی وڵات". کۆمەڵەکە بەوە تۆمەتبار کراوە کە پروپاگەندە بۆ ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام و دامەزرێنەرەکەی، واتە مەلا کرێکار بڵاودەکاتەوە کە ئێستا لە نەرویج نیشتەجێیە.

بڕیاری دادگاکە دەڵێت "ناوەندی دیدی نوێ" بۆ خۆی بەشداری لە کاری توندوتیژدا نەکردووە و پلانیشی بۆ دانەناوە، هەروەها سەربارى ئەوەی کە مەلا کرێکار ئەمیری ئەو ڕێکخراوە بووە، بەڵام دیارە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەندامەکانیدا نەبووە.

هەردوو برا هەروەها بەوەش تاوانبارکران کە بەهۆی بەڵگەی ساختە و بەڕێگەی ناشەرعی مافی پەنابەرییان لە سویسرا وەرگرتووە.

ئەو دوو برایە لە ساڵی 2007ەوە لە شاری بازلی سویسرا نیشتەجێن. ئەوان لەو شارە سەنتەرێکیان دامەزراندبوو بەناوی (Zentrum Didi Nwe Auslandsabteilung).

بەپێی دۆسیەیەکی 121 لاپەڕەیی، کۆمەڵەکانی "Auslandsabteilung"، واتە "لقی دەرەوەی وڵات" لە ساڵی 2003 لەلایەن ئەو پەنابەرانەی کە لە بەریتانیا، یۆنان، نەرویج، فەڕەنسا، سوێد و سویسرا دەژین دامەزرێنراوە. پەیوەندی لەنێوان ئەنداماندا زیاتر لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بووە و بە ئیمەیڵ نێردراوە، لەو پەیوەندیانەدا شیفرەیان بەکارهێناوە. بەڵام دیدار و کۆبوونەوە کەمجار ئەنجامدراون.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (NZZ)ی سویسری، سەرۆکی "لقی دەرەوەی وڵات" مەلا کرێکارە کە پێش بۆردومانی بنکەکانی ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام لەناوچەی هەورامان لەساڵی 2003 لەلایەن ئەمریکاوە، دەستی لە ڕێکخراوەکە هەڵگرت و ڕووی کردەوە نەرویج.

ڕۆژنامەی (Tages-Anzeiger) قسەی لەگەڵ ئەندامێکی "لقی دەرەوەی وڵات" کردووە. ئەو کەسە ئەو تاوانانەی کە دەدرێتە پاڵ ڕێکخراوەکە ڕەتدەکاتەوە و ئەو تۆمەتانە وەکو "نوکتە" ناودەبات و دەڵێت "ئێمە شتێکی وەکو ناوەندێکی کەلتووری لەسەر ئینتەرنێت بەڕێوەدەبەین کە زۆر هاووڵاتی ئێمە لە وڵاتان و ئەورووپا سەردانی دەکەن".

بەپێی دۆسیەکە، (م.م) کە کە بێکار بووە، لە "Auslandabteilung"دا یەکێک لە چوار ئەندامی لیژنەی باڵا بووە. لە دۆسیەکەدا (م.م) وەکو سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە ناسراوە. هەروەها دۆسیەکە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە ئەو پیاوە لەڕێی ئیمەیلەوە گفتوگۆی لەگەڵ چەکدارانی ئیسلامی لە باشووری کوردستان کردووە و لەو نامانەدا باسی ناردنی پارەی بۆ "خێزانی شەهیدان و دەستبەسەرەکان" کردووە.

هەروەها (م.م) وەکو ڕۆژنامەوانێکیش پەیوەندی بە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە کردووە. ئەم کارەی ئەو کە وەکو ڕۆژنامەنووس کردوویەتی، لە لێکۆڵینەوەدا وەکو هەوڵێک بۆ شاردنەوەی کارەکەی و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو لێکدراوەتەوە.

## (ڕووداو) دەقی نامەکە بڵاودەکاتەوە

# بە نامەیەکی ستالین 86 هەزار کورد ڕاگوازراون

**ساڵح کەڤریی**
**ڕووداو- مۆسکۆ**

بە فەرمانی جۆزێف ستالین و بە بیانووی "قاچاخچێتی" و "سیخوڕی بۆ تورکیا"، هەزاران کورد لە خاکی ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە بۆ وڵاتانی قووڵایی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ڕاگوازراون. (ڕووداو) بۆ یەکەمجار ئەو نامەیەی ستالین بڵاودەکاتەوە کە بڕیاری ڕاگواستنی کوردی تێدا دراوە.

کورد ماوەی 75 ساڵە لەسەر خاکی ئاسیای ناوەڕاست، بەتایبەتی کازاخستان، قیرغیزستان و ئۆزبەکستان دەژین. یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە 7ی حوزەیرانی ساڵی 1937 بڕیارێکی دەرکرد بۆ ڕاگواستنیان.

کۆتایی پایزی ساڵی 1937 بڕیارەکە جێبەجێ کراو هەزاران کورد لە ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە بەرەو کازاخستان گوازرانەوە. پاساوەکەش: "کەسانی لەم جۆرە جێی باوەڕ نین".

خێزانە کوردەکان دەخرانە شەمەندەفەری تایبەت بە گواستنەوەی ئاژەڵ و کەلوپەل. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی 200 هەزار کورد ئێستا لە کازاخستان، قیرغیزستان و ئۆزبەکستان دەژین. بەشێکی گەورە لە کوردی ئاسیای ناوەڕاست ئێستا لە کازاخستان نیشتەجێن کە بەشێکیان لەنزیک سنوورەکانی چین نیشتەجێن. شەپۆلی دووەمی ئەو ڕاگواستنە لە ساڵی 1944دا لە سەرمای زستانی ئەو ساڵەدا بڕیاری لەسەر دەدرێ. (لاڤەرێنت بەریا)، کۆمیسیاری ناوخۆی گەل لە سۆڤیەتی سۆسیالیست کە هەندێکجار بە "پۆلیسی نهێنی" ناوی دەهێنرێت، نامەیەکی "زۆر گرنگ" بۆ (جۆزێف ستالین)، سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیست دەنێرێت و تێیدا داوای قڕکردنی کورد دەکات.

دەقی نامەکە بەم جۆرەیە:

**24ی حوزەیرانی 1944**
**تەواو نهێنی!**
**لێژنەی پاراستنی دەوڵەت**
**بۆ هاوڕێ ستالین:**

**بەشێکی گەورە لە خەڵکی هەرێمەکانی کۆماری سۆڤیەتی سۆسیالیست بەهۆی ئەوەی لەسەر سنوورەکانی تورکیا دەژین، پەیوەندی بە خزمەکانیانەوە دەکەن لە تورکیا، هەم قاچاخچێتی دەکەن، هەمیش سیخوڕی بۆ تورکیا دەکەن.**

**بۆ پاراستنی سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیست، کۆمیسیاری ناوخۆیی گەل بەباشی دەزانێت کە 86 هەزار کورد، تورک و دانیشتووانی گوندەکانی ڕایۆن لە ئاخیسکا، ئادیگن، ئاخلکەلەک، ئاسپینزا و باگدانۆڤکایا لە جۆرجیا و کۆماری ئاجارستانی ئۆتۆنۆمی کە نزیکەی 16.700 خێزانن، بنێردرێن بۆ کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیست وەکو کازاخستان، ئۆزبەکستان و قیرغیزستان. لە دەوروبەری ئەو سنوورانەدا لەلایەن کۆمیسیاری ناوخۆی گەلەوە ڕێکاری تایبەت وەردەگیرێت. لەبەر ئەوەش بۆ ئەوەی ڕەشنووسێک بۆ کۆمیتەی پاراستنی دەوڵەت بنێردرێت، تکامان ئەوەیە کە ئێوە بڕیارێک بدەن.**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتەی کە کۆمیسیاری ناوخۆی گەل لە یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیست ناردبووی، بڕیاری کۆمیتەی پاراستنی دەوڵەت لە ماوەی یەک هەفتەدا دەردەچێت.

ڕۆژنامەکانی ڕووسیا لە حوزەیرانی 1991 لەژێر ناوی "دۆسیە تایبەتەکانی ستالین" باسی وردەکارییەکانی ئەم بڕیارەیان کرد. بڕیارەکەی ستالین کە بووە هۆی کۆچکردن و مردنی هەزاران کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەمشێوەیە بوو:

**بڕیاری کۆمیتەی پاراستنی دوڵەت**
**زۆر نهێنی!**
**مۆسکۆ- کرێملن**
**13ی حوزەیرانی 1944**
**ژمارە: 6279**

**بۆ ئەوەی سنووری دەوڵەتی جۆرجیای سۆڤیەتی سۆسیالیست پارێزراو بێت، کۆمیتەی پاراستنی دەوڵەت ئەم بڕیارەی دا:**

**86 هەزار کورد، تورک لە ئاخیلکەلەک، ئاسپینزا و باگدانۆڤکایای جۆرجیا لە کۆماری ئاجارستانی ئۆتۆنۆمی نیشتەجێن، 40 هەزاریان بەرەو کازاخستان و 30 هەزاری دیکەش بەرەو ئۆزبەکستان، 16 هەزاریش بۆ قیرغیزستان ڕەوانە بکرێن.**

**هاوڕێ (بەریا) لەسەر ناوی کۆمیتەی ناوخۆی گەل لە یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیست کاری ڕاگواستن تاوەکو مانگی 11ی 1944 تەواو بکات.**

**سەرۆکی کۆمیتەی پاراستنی دەوڵەت**
**ستالین**

تاوەکو ساڵی 1956 دەرچوونی ئەو کوردە ڕاگوازراوانە لە گوندەکانیان قەدەغە بوو. لەژێر چاودێری سوپادا و لەژێر ناونیشانی "پەنابەرە تایبەتەکان"دا مانەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەو بارودۆخەیە کە کورد تووشی بووە و زۆربەیان نەبوونەتە بەڵگەی فەرمی. بەڵام ئەگەر ببێتە بەڵگەش زۆر بەنهێنی و لە ئەرشیفی سۆڤیەتی سۆسیالیستدا پارێزراون.

بەڵگەیەک کە ساڵی 1939 نووسراوە و ئاشکرابووە، بریتییە لە نامەیەکی ئاگادارکردنەوە لەلایەن بەرپرسە کۆمۆنیستەکانی کازاخستانەوە کە لە25ی ئاداری 1939 بۆ مۆلۆتۆڤ نێردراوە. مۆلۆتۆڤ سەرۆکی ئەوکاتی کۆمیسەرانی گەلانی یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیست بوو. لە نامەکەدا بەمشێوەیە نووسراوە: "بەڕێوەبەرانی هەرێمەکانی کازاخستان هیچ یارمەتیەکیان بە کورد و ئەرمەنەکان نەداوە، پشتگیرییان نەکردوون و ژیانی ئابوورییان ڕێکنەخستوون."

جێی سەرنجە سەربازانی کورد کە بۆ بەرگری لە یەکێتی سۆڤیەت چووبوونە شەڕ، کاتێک لە ساڵی 1945دا دەگەڕێنەوە، خێزانەکانیان نادۆزنەوە و ئینجا دەزانن کە ڕاگوازراون.

کورد دوای هەردوو هەڵمەتی ڕاگواستنی ساڵی 1937 و 1944، بۆ جاری سێیەم لەسەردەمی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ کە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە 1992 ڕوویدا، ڕوویانکردە لای خزم و ئامۆزاکانیان و لە کازاخستان جێگیر بوون.



ستالین و بەریا کە بڕیاری ڕاگواستنی کوردیان دا


EDC
European Dental Center
سەنتەری پزیشکی ئەوروپی بۆ ددان
المركز الطبي الأوربي للاسنان
"HOLLYWOOD SMILE"
GUM
PAROEX
SENSITIVE
PERFECT WHITE
Beverly Hills Formula
Your Smile is our Responsibility
Bakhtiyari Street, Erbil
www.europedentalcenter.com
066 - 210 0252 / 0750 - 730 7117
هەولێر جووت سایدی گەڕەکی بەختیاری


Empire Diamond Towers
Empire World
Building the Future
تاوەرەکانی ئیمپایر دایمۆند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
بە بە خاوەن ئۆتۆمبێلە کانی سانگ یونگ بە قیستی مانگانەی گونجاو
فرۆشتن بۆ ئۆتۆمبێلەکانی سانگ یونگ تەنها بە پێشەکی لە 30٪ بە قیستی مانگانە بۆماوەی 3 ساڵ بێ بانک
چەندین مۆدێل و ڕەنگی جۆراو جۆر لە مارکە کانی سانگ یونگ ببینە جگە لە خزمەت گوزاری دوای کرین
گرێنتی 2 ساڵ یا 100.000 کم پارچەی یەدەگی ئەسڵی ڕۆن و فلتەر بە خۆرای
NEW korando
korando SPORTS
REXTON
سلێمانی-07706847483-0771157 4639
هەولێر -0750 3442601-02-03
کرکوک-07503442605- 07501442027
دهۆک - 07501976202-07503869652


بە دڵنیایی
TOYOTA
ببە بەخاوەنی تۆیۆتای خۆت
بە قیستی مانگانەی گونجاو
مۆدێل و ڕێژەی ئۆتۆمبیلەکان پابەندە بە ژمارەی ئۆتۆمبیلی بەردەست.
LAND CRUISER Hardtop 2dr 2013 پێشەکی $8,288 | 3 ساڵ $849
HIACE Van 2013 پێشەکی $5,788 | 3 ساڵ $858
LAND CRUISER MT G9 V6 2013 پێشەکی $8,538 | 3 ساڵ $878
FORTUNER 4x2 2014 پێشەکی $7,138 | 3 ساڵ $730
COROLLA XLi 2014 پێشەکی $5,175 | 3 ساڵ $520
ئۆتۆمبێلی خەونەکانت بکڕە بە قستی مانگانەی بچووك کە گونجاوە لەگەڵ هەموو بودجەیەك. ئۆتۆمبێلەکەت هەڵبژێرە، قیستی مانگانەکەت هەڵبژێرە و ئۆتۆمبێلە تازەکەت لێیوخڕە! خێراکە و سەردانی نزیکترین پێشانگای ساز بکە. ئەم ئۆفەرە بەردەوامە تا ئۆتۆمبێلەکان مابێت.
ڕەزامەندی و ژمێرکاری پابەندە بە ڕەزامەندی بانك.
دهۆك
سلێمانی
هەولێر
A MEMBER OF
Sardar GROUP
TOYOTA GENUINE PARTS
TOYOTA QUALITY SERVICE
TOYOTA ACCESSORIES
٣ ساڵ یان ١٠٠,٠٠٠ کم
www.sasiraq.com
toyotasales@sasiraq.com
/ToyotaSASIraq
خزمەتگوزاری فرۆشتن
هەولێر 0750 541 1111 0750 856 8882
دهوك 0750 352 2222 0750 856 8881
سلێمانی 0750 563 3333 0770 449 8882
بەغداد 0780 540 0555 0780 150 8882
SAS ساز لخدمات المركبات ذ.م.م
AUTOMOTIVE SERVICES CO L.T.D

ڕووداو ژنان
ژمارە (309) دووشەممە 2014/5/12

## کوشتی و هەڵات



**ڕووداو- هەولێر**

ئێوارەی 2014/5/10 لە گەڕەکی مامزاوەی هەولێر، ئۆتۆمبێلێک لە جۆری پیکاب دێر لە منداڵێک دەدات بە ناوی فاتیمە سەخەر ئەحمەد، تەمەن (2) ساڵ، کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە. منداڵەکە دەستبەجێ گیانلەدەست دەدات و شوفێرەکەش هەڵدێت. پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە "سەرەتا شوفێرەکە رایکرد، پاش ماوەیەکی کەم تواندرا لەلایەن پۆلیسی شەمامک دەستگیر بکرێت، شوفێری تۆمەتبار ناوی (ع.ع.م)ە و تەمەنی 18 ساڵە".

### لە ڕێگەی فیلمێکی دۆکیومێنتاری

# کێشەی ژنانی کورد گەیشتە پەرلەمانی سوێد

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

هەفتەی ڕابردوو فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەبارەی پرسەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەت ژنە پەنابەرەکانی کورد لە سوێد، لەناو پەرلەمانی سوێد نمایش کرا.

دۆکیومێنتاری "لە پشت دەرگا داخراوەکاندا"، لە بەرهەمی ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافی ژن IKKRـە. هەڵاڵە رافع، بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم فیلمە هەوڵێکی نوێیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان".

"لەپشت دەرگا داخراوەکاندا"، ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێکە کاری بۆ دەکرێت، بەشێکی زۆری دیمەنەکانی لە کوردستان گیراون و ئەوی دیکەش لە سوێد. دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەی تێدا دەکەن. هەڵاڵە کە سەرپەرشتیاری کارەکە بووە گوتی "بەشێکی سەرەکی فیلمەکە پەیوەندی بە ژنی کوردەوە هەیە، بۆیە فۆکەسی سەرەکیمان لەسەر کوردستان و ژنی کوردە".

لەنێو دۆکیومێنتارییەکەدا، دامەزراوەکانی دەوڵەتی سوێدیش وەک (سۆسیال و دەزگای کۆچ و شێڵتەرەکان) قسەی تێدا دەکەن. هەڵاڵە دەڵێت "هەموو ئەمانە پەیوەندییان بە چارەنووسی دەیان ژنی قوربانییەوە هەیە".

### ژنانی قاچاخ کێشەی زۆریان هەیە

دۆکیومێنتارییەکە باسی ژیانی ئەو ژنە کوردانە دەکات لە سوێد کە مافی پەنابەرییان نییە، بۆ ئەمە ڕەخنە لە حکومەتی سوێد دەگرێت. هەڵاڵە دەڵێت "تەنیا هاوکاری ئەو ژنانە دەکەن کە مافی پەنابەرییان هەیە و کێشەی یاساییان نییە، بەڵام لەڕووی پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤ، ئەمە پێشێلکارییە".

فیلمەکە ڕۆژی 2014/5/8 لە هۆڵێکی پەرلەمانی سوێد نمایش کرا، هەڵاڵە لەوبارەیەوە دەڵێت "مەبەستمان بوو سیاسەتمەداران بجوڵێنین". هەروەها گوتی "دەمانەوێت گۆڕانکاری لە یاسایەک بکەین کە پەیوەندی بە مافی مانەوەی ئەو ژنانەوە هەیە کە دێنە سوێد و پاشان لە مێردەکانیان جیادەبنەوە".

بەپێی یاساکانی سوێد، هەر کەسێک لە ڕێگەی ژیانی هاوسەرێتی بێتە سوێد، بۆ ماوەی دووساڵ مافی پەناهەندەیی دەدرێتێ، بەڵام ئەگەر کەمتر لە دوو ساڵ لەو وڵاتە بێت و جیاببێتەوە، مافی پەنابەری نادرێتێ. هەڵاڵە دەڵێت "ژمارەی ئەو ژنانە زۆرە کە ئێستا کێشەیان هەیە و بەهۆی جیابوونەوەیان مافی پەنابەرییان نادرێتێ".



ژنان لە هۆڵێکی پەرلەمانی سوێد سەیری فیلمە دۆکۆمێنتارییەکە دەکەن

بەپێی ئاماری سەنتەری نینا لە سوێد کە سەر بە ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافی ژن IKKR ە، ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ مێردەکانیان جیابوونەتەوە، ئەگەری ناردنەوەیان هەیە.

بەپێی قسەکانی هەڵاڵە "بەشێکیان هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە".

لە ئامارەکانی سەنتەری نینادا هاتووە "هەر سێ مانگ جارێک 45 تاوەکو 60 کەیسی تایبەت بە کێشەکانی ژنان تۆمار دەکرێت".

### بۆ یەکەمجار کورد لە گۆتلاند

هەموو ساڵێک لە سوێد و لە نەریتی سیاسیی و ئیداری ئەو وڵاتەدا، مانگی تەممووز، هەفتەی سیاسی لە دوورگەی گۆتلاند ساز دەکرێت. لەوێ گفتوگۆ لەبارەی پرسە سیاسی و یاساییەکان و مافەکانی مرۆڤ دەکرێت. ئەمساڵ لەپاڵ بەشداری چەند کوردێک، ئەو فیلمەش لەوێ نمایش دەکرێت، هەڵاڵە دەڵێت "لەوێ فیلمەکە نمایش دەکەین و گفتوگۆیەکی گەورەی بۆ دروست دەکەین".

### کەناڵی ڕووداویش نمایشی دەکات

زمانی سەرەکی فیلمەکە سوێدییە و بۆ هەردوو زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی وەرگێڕدراوە و چەندین ژنی کورد و عەرەب بە زمانی خۆیان قسەی تێدا دەکەن. سەرپەرشتیاری فیلمەکە دەڵێت "کێشەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆرە و کوردیش بەشێکی زۆری بەردەکەوێ". نەشیشاردەوە کە لەنێو ژنانی هەڕەشەلێکراو بە کوشتن، کورد زۆرینەن.

فیلمەکە 15 هەزار دۆلاری تێچووە و دەزگای نێوجەوانانی دەوڵەتی سوێد (Ungdomsstyrelsen) یارمەتی داوە. بەڵام هەڵاڵە دەڵێت "یارمەتییەکەیان زۆر ڕەمزی بووە".

بڕیارە فیلمەکە لە کەناڵی فەرمیی سوێد و چەند کەناڵێکی جیهانی و لە تەلەڤزیۆنی ڕووداویشەوە نمایش بکرێت.

# لە گوندێکی بادینان ئەنجوومەنێکی ژنان دادەمەزرێت



موختار و دانیشتوانی گوندی بەرچی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی ژنان (فۆتۆ: ڕووداو)

### موختاری گوندەکە:
## بۆ هەر بڕیارێک بۆچوونی ئەنجوومەنی ژنان وەردەگرین

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لە گوندێکی دەڤەری بادینان ئەنجوومەنێک بەناوی ئەنجوومەنی ژنانی گوند پێکدێت و موختاری گوندەکەش دەڵێت لەمەودوا بۆ هەر کار و بڕیارێک پرسیان پێدەکەن.

گوندی بەرچی، کە سەر بە قەزای ئامێدییە لە دەڤەری بادینان، لە 200 خێزان پێکدێت، دانیشتووانی گوندەکە هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنێکیان لە ژنانی گوند هەڵبژارد.

ئەو گوندە دەمێکە زۆر لە کاروبارەکانیان بە پرس و را لە نێوان یەکدی رادەپەڕێنن. بەپێچەوانەی گوندەکانی دیکە کە موختاریان بە شێوەی مەرکەزی بۆ دادەنرێت، بەرچییەکان لە نەوەتەکاندا بە هەڵبژاردن موختاری گوندیان دیاری کرد، ئەوان هاوشێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، چوار ساڵ جارێک موختاری گوند هەڵدەبژێرن.

مەلا لەزگین ڕەشید، موختاری گوند و خاوەنی بیرۆکەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ژنانی گوندەکە بە (ڕووداو)ی گوت "نەک دوای راپەڕین، بەڵکو پێشتریش گوندەکەمان بە گوندێگی یەکگرتوو و هاوکار ناسرا بوو، ئێمە بۆ هەموو کارێک پرس و راوێژ بە یەکدی دەکەین".

موختاری گوند باسی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە دەکات و دەڵێت "ژنانی گوندی ئێمە هەموو کات هاوکاری پیاوانیان کردووە لە هەموو کارەکاندا، چونکە زۆربەی خەڵکی گوند کاری کشتوکاڵی دەکەن، ژنان زۆر هاوکارن".

ئەو باسی لێهاتوویی ژنانی گوندەکەی دەکات و نموونە بە ژنێک دێنێتەوە بە ناوی هەلال کە لە بادینان ناسراوە. ئەو دەڵێت "هەلال کە بە دایک و خەزێنەی فۆلکلۆر ناسراوە، خەڵکی گوندی بەرچییە".

گوندی بەرچی دەکەوێتە دەڤەری نهێل کە 4 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی قەزای ئامێدی دوورە و موختاری گوند دەڵێت "پێش دوو هەفتە ئێمە هەموو ژنی گوندمان ئاگادار کردنەوە کە هەر کەس بیەوێت دەتوانێت خۆی کاندید بکات، ئەوە بوو لە ڕێی دەنگدانەوە 10 ژن هەڵبژێردران بۆ ئەنجوومەنی ژنانی گوند".

هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و دەڤەری بادینان بەتایبەتی باس لە لاوازیی ڕۆڵی ژنان دەکرێت، چونکە هەتا لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و سەرکردایەتی زۆربەی حیزبەکانیشدا کۆتایان بۆ دانراوە کە ڕێژەی 30%یە، بەڵام ژنانی گوندی بەرچی هەر لە کۆنەوە هاوشانی پیاوان بەشداری هەموو چالاکییەکی گوندەکەیان بوون، ئێستاش لەو گوندە چەندین ژن بە دروستکردن و فرۆشتنی شتی دەستکرد خێزانەکەیان بەڕێوەدەبن.

سەبارەت بە ڕۆڵی ئەو ئەنجوومەنە لە بڕیارەکانی گوند، مەلا لەزگین گوتی "لەمەودوا هەر کارێک لە گوندەکە بکەین، یان هەر بڕیارێک دەربکەین، پێشتر بۆچوونی ئەنجوومەنەکەی ژنانیش وەردەگرین".

سوندس ئەیوب نهێلی کە نووسەرە و خەڵکی گوندی بەرچییە، بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ژنانی گوندی بەرچی هەڵبژێردراوە. سوندس بە (ڕووداو)ی گوت "مەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە هاوکاریکردنی پیاوانە لە هەموو کارەکاندا و بەشداریکردنی ژنانە لە بڕیارداندا".

هەروەک سوندس باسی دەکات، جگە لە هاوکاریکردنی خەڵکی گوندەکە، ئەوان ئامادەن هاوکاری ژنانی گوندەکانی دیکەش بکەن و دەڵێت "ئەم جڤاتە زۆر شتی لەبەرنامەدایە، ئێمە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی گوندەکە بەشداری دەکەین، هەوڵدەدەین خولی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بۆ ژنانی گوندەکەمان و گوندەکانی دیکەش بکەینەوە".

مەلا لەزگین ڕەتیکردەوە ئەنجوومەنەکە سەر بە حیزب و لایەنێک بێت، یان لەلایەن حیزبێکەوە پشتیوانی بکرێت و گوتی "ئەم ئەنجوومەنە سەر بە حکومەت یان سەر بە لایەنێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئەنجوومەنێکی سەربەخۆیە و هەر لە ژنانی گوندی ئێمە پێکهاتووە".

ڕۆژنامەنووس شیمال بەرچی کە خەڵکی ئەو گوندەیە، دەڵێت "بۆ زۆر شت گوندی ئێمە دەستپێشخەربوون، ئەمەش شتێکی نوێیە لە بادینان، ڕاستە پێش ئێستا موختار و ڕیشسپی سەرجەم گوندەکان هەبوون، بەڵام وەک ژن یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنێکی وەها و سەربەخۆ لەناو گوندێک دروست دەبێت".

# "بەشە ناوخۆییەکانی کچان زیندانێکی موحتەرەمن"

**ئەڤین سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ بانگی مەغریب، پیرە پیاوێک لەبەردەم بەشە ناوخۆیی زانکۆی کوردستان ڕادەوەستێ و چاوەڕێی یەکە یەکەی کچەکان دەکات، دوای بانگی مەغریب ئیدی دەرگای بەشە ناوخۆییەکە دادەخات و هیچ کچێک بۆی نییە بچێتە دەرەوە، تەنیا بۆ کاری زۆر پێویستی وەکو نەخۆشی یان مردنی کەسێکی نزیکی نەبێت، ئەویش دەبێت ڕەزامەندی بۆ وەربگرێت.

کچانی بەشە ناوخۆییەکان لەو ڕێوشوێنە توندە ناڕازین، هەندێک لە کچان بەشە ناوخۆییەکان بە زیندان ناو دەبەن، بەڵام "زیندانێکی موحتەرەم".

بەپێی ئامارێک کە بەرپرسی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەددین داویەتی بە (ڕووداو)، 46 بەشە ناوخۆیی لە شاری هەولێر هەن کە 19یان تایبەتن بە کچان.

هەر زانکۆیەک سیستمی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی بەشە ناوخۆییەکان، هەندێکیان هەر لە دوای بانگی مەغریب ڕێگە بە قوتابیانی کچ نادەن بچنە دەرەوە، هەندێکیشیان لە دوای کاژێر 8 دەرگا دادەخەن.

### خانوو دەگرن

ئەو ڕێوشوێنە توندەی لە بەشە ناوخۆییەکانی کچان گیراوەتەبەر، وای لە هەندێک لە کچان کردووە پەنا ببەنە بەر گرتنی خانوو.

سەنا مەجید، قوتابی زانکۆیەکی ئەهلییە و خەڵکی دەرەوەی شاری هەولێرە، سەرەتا لە بەشە ناوخۆییەکی تایبەت بە زانکۆکەی ماوەتەوە، بەڵام دواتر بڕیاری داوە لەگەڵ چەند قوتابییەکی دیکە خانوو بە کرێ بگرن.

سەنا دەڵێت "لەوانەیە تۆزێک قورس بێت کە قوتابی کرێی خانوو بدات، بەڵام هەر چۆنێک بێت لە بەشی ناوخۆیی باشترە، چونکە بەشی ناوخۆ هەر دەڵێی زیندانە، بەڵام زیندانێکی موحتەرەم". گوتیشی "ئێمە کە خانوومان گرتووە زۆر سەربەستین هەر کاتێک بمانەوێت دەتوانین بچینە دەرەوە، سەردانی خزم و کەسمان بکەین، یان کە نەخۆش بووین بچینە نەخۆشخانە".

لە هەندێک لە بەشە ناوخۆییەکان گلەیی ئەوە دەکرێت کە کاتێک یەکێک نەخۆش دەکەوێت، پێویستە ڕاستەوخۆ بگەیەندرێتە نەخۆشخانە، بەڵام لە کاتی خۆیدا ناگەیەندرێت، یەکێک لە قوتابی بەشە ناوخۆییەکان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "جارێکیان هاوڕێیەکم زۆر نەخۆش بوو، تەنانەت نەیدەتوانی لە جێگەی خۆی هەڵبستێتەوە، تاوەکو ڕەزامەندی بەرپرسی بەشە ناوخۆییەکەمان وەرنەگرت نەمانتوانی بیبەین بۆ نەخۆشخانە".

### ژووری لێپرسینەوە

ئەحمەد جەلال، بەرپرسی یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکانی کچان دەڵێت ئەو ڕێوشوێنەی ئەوان گرتوویانەتەبەر تەنیا بۆ پاراستنی قوتابییەکانە. ئەحمەد گوتی "ئەو بەشە ناوخۆییەی کە من لێی بەرپرسم کاژێر 9ی شەو دادەخرێت، ئەگەر هەر قوتابییەکیش کاری هەبێت و درەنگتر بگەڕێتەوە پێویستە پەیوەندیمان پێوە بکات یاخود پێشتر ئاگادارمان بکاتەوە لە درەنگ گەڕانەوەی، بۆ ئەوەی تووشی هیچ کێشەیەک نەبێت".

سەبارەت بەو قوتابیانەی کە لە کاتی دیاریکراودا ناگەڕێنەوە، ئەحمەد گوتی "هەر قوتابییەک لە بەشە ناوخۆییەکان ئەگەر درەنگ بگەڕێتەوە، پێویستە هۆکاری درەنگ کەوتنەکەی بڵێت، ئەگەر هۆکارێکی مەعقولی نەبوو، لە ژوورێکی تایبەت دادەنرێت، تاوەکو بەرپرسی بەشە ناوخۆییەکە دێت و هۆکارەکەی بۆ باس دەکات". قوتابییەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گلەیی لەو ڕێوشوێنە توندانە هەیە و دەڵێت "تەنانەت ئەگەر قوتابییەک درەنگ بگەڕێتەوە، هەڕەشەی لێدەکرێت بەوەی لە زانکۆ ناوی بڵاودەکرێتەوە کە دوێنێ شەو درەنگ گەڕاوەتەوە".

سەبارەت بەو قوتابیانەی نەخۆش دەبن و لە کاتی پێویست نابرێت بۆ نەخۆشخانە، ئەحمەد گوتی "ئەگەر قوتابییەک نەخۆش بکەوێت ئەوەندەی دەتوانین یارمەتی دەدەین، ئەگەر زانیمان حاڵەتەکەی مەترسیدارە، تەلەفۆن بۆ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن دەکەین، یان خۆمان دەیگەیەنینە نەخۆشخانە و یەکێکی لەگەڵ دەنێرین تا چارەسەر وەردەگرێت".

### خێزانەکانیان داوا دەکەن

هەندێک لە خێزانی ئەو قوتابیانەی دەچنە بەشە ناوخۆییەکان داوا دەکەن ڕێگە بە کچەکانیان نەدرێت تا درەنگی شەو بمێننەوە. دکتۆر سەعدوڵڵا عەباس، بەرپرسی هەموو بەشە ناوخۆییەکانی شاری هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "بەشە ناوخۆییەکان بە گشتی و بەشە ناوخۆیی کچان بە تایبەتی بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە، چونکە لە کۆمەڵگای ئێمە کچ تۆزێک حەساسە و ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی تاوەکو کاژێر 11ی شەو بمێنێتەوە، زۆریش لەو خێزانانەی کە کچەکانیان لەلای ئێمەیە لە بەشە ناوخۆییەکان، داوا دەکەن ڕێگە نەدەین تا درەنگ بمێننەوە لە دەرەوە، چونکە کچەکانیان بۆ خوێندن هاتوون، نەک بۆ پیاسە".



## مامۆستایەک خۆی دەکوژێت



**ڕووداو- دهۆک**

ڕۆژی 2014/5/9 لە شاری دهۆک مامۆستایەکی تەمەن 64 ساڵ خۆی دەکوژێت و لەدوای خۆشی نامەیەک جێدەهێڵێت. نەقیب بریندار حەمید، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مامۆستایەکی خانەنشینکراو بەناوی (ئ.ح) لە هاوینەهەواری ڕەسانکێ سەر بە ناحیەی زاویتە بە 3 گوللەی کلاشینکۆف خۆی کوشت".ئەو مامۆستایە خێزاندارە و لە خانەوادەیەکی دیاری دهۆکە، لە شوێنی خۆکوشتنەکەشی نامەیەکی بۆ کەسوکارەکەی جێهێشتووە.



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

# ئامێزی عەشیرەت

باسکردن لە بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی ڕەنگە بۆ هاووڵاتیی کورد زۆر گرنگ نەبێت، تەنها ئەوکاتە گرنگ دەبێت بەلایەوە و حەماس دەیگرێ، ئەگەر سایتێکی عەرەبی یان بیانی ڕاپرسییەکی دانابێ بۆ دەنگدان، چەند کەسێکی خوێنەر و نەتەوەیی شێری دەکەن لە فەیسبووک و جاڕدەدەن: (تکایە دەنگ بۆ دەوڵەتی کوردی بدەن).

ئەزموونی مانگێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردن دڵنیای کردمەوە کە تاکی کورد لە ئامێزی عەشیرەتەکەی زیاتر، لە هیچ شوێنێکی دیکەدا هەست بە دڵنیایی ناکات. دەوڵەت بۆ هاووڵاتیی کورد دەوڵەتی کوردستان نییە کە هەمووان خاوەنی ئەرک و ماف بن و هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، لەبەر ئەوەی عەشیرەت هەمیشە ئامادەیی تێدایە پشتگیری لە ئەندامەکانی خۆی بکات و لە هەڵبژاردنەکاندا کاندیدی بکات و بەگەڕەنتی سەریبخات و لە نەخۆشخانە بەردەرکی ژووری پزیشکی بۆ بگرێت و

ئەگەر پێویست بێت شەڕی لەسەر بکات، یان سوڵحی عەشایری بۆ بکات هەرکاتێک شتێکی لەدەست قەوما.

بۆیە مانەوە لە چوارچێوەی عەشیرەت لە کوردستان دڵنیایی زیاتر دەداتە مرۆڤی کورد. لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا کاندیدەکان خێرا ناوی عەشیرەتەکەیان دەلکێنن بە ناوەکانیانەوە و ئیتر مەکینەی عەشیرەت دەکەوێتە گەڕ بۆ سەرخستنی ناوی عەشیرەت و کاندیدەکەی، بۆ عەشیرەت گرنگ نییە ئەو کاندیدە بەڕێزە چییە و چی بووە، لە ڕابردوودا خزمەتی ڕژێمی بەعسی کردووە یان نا، گرنگ بەرز ڕاگرتنی ناوی پیرۆزی عەشیرەتە.

لە کوردستان مێژوو هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کۆمیدی و کوردیش زاکیرەی لاوازە. لە ساڵانی هەشتاکاندا سەددام حوسێن توانی سوپایەکی زۆر گەورە لە کورد دروست بکات و ناوی نا ئەفواج خەفیفە. ئەم فەوجە سووکانە زۆربەیان لەلایەن بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردەوە بەڕێوە دەچوون. هەندێکیان بەشدارییەکی بەرچاویان لە شاڵاوی ئەنفالدا کرد. ئەمڕۆش عەشیرەت ئەم ڕەونەقەی خۆی لەدەست نەداوە، زۆربەی کاندیدەکان کە هەڵگری بڕوانامەی بەرزن، بۆ سواڵی دەنگ سەردانی سەرۆک عەشیرەتەکانیان دەکرد. لە بیریان چووبوو کە ماوەی چەند ساڵێکە لە شاشەی تیڤییەکانەوە باسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ماف و یەکسانی دەکەن لەنێو کۆمەڵگەدا. دەڵێن ڕابردوو ئێستا و داهاتوو دروست دەکات، ئەمە بۆ ئێمەی کورد لە درۆیەکی گەورە زیاتر نییە، چونکە ڕابردووی ڕەش لێرە داهاتوویەکی گەش بۆ هەندێک کەس دروست دەکات، با منداڵی شەهید و پێشمەرگەش هەر هاوار بکەن و بڵێن باوکم پێشمەرگەی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشی نوێ بووە. پێشنیازی من بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ لە داهاتوودا خۆیان کاندید بکەن بۆ هەر شتێک: ئەگەر عەشیرەت و پارەیان نییە، باشترە ئەو ئەزموونەی ئێمە دووبارە نەکەنەوە، چونکە لەم وڵاتە حیزب کار بۆ منداڵی عەشیرەت دەکات لەبەر دەنگەکانی، خەڵکیش ئەوەی پێخۆشە و لە پەنای ئەواندا دەحەوێتەوە. دیارە مرۆڤی کورد تەنیا لە ئامێزی عەشیرەتدا دەتوانێ بە ئامانجەکانی بگات.

## دیار نییە خۆی کوشتووە یان کوژراوە

# بەگومانی کوشتنی ژنەکەی دەستگیر دەکرێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- خانەقین**

دایکی دوو منداڵ لە خانەقین بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی هات، هێشتا ڕوون نییە کوژراوە یان خۆی کوشتووە. بەپێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و قسەی مێردەکەی بێت، ئەو ژنە خۆی کوشتووە. بەڵام بۆ دڵنیابوونەوە پۆلیس چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینی پزیشکی دەکات.

موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان دەڵێت "مێردی ئەو ژنە دەستگیر کراوە و دەڵێت ژنەکەم خۆی کوشتووە، من لەو کاتەدا کە خۆی کوشت خەوتبووم".

کاژێر 11:30 خولەکی شەوی 2014/5/7 لە گەڕەکی بەختیاری شارۆچکەی خانەقین، ژنێک بە ناوی زەینەب عەدنان عیسا بە گوللەیەک گیانی لەدەستدا، دوای ڕووداوەکەش کەسێک بە ناوی (م.س) 24 ساڵ کە مێردی ژنەکەیە، بەپێی مادەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کرا.

زەینەب لە تەمەنێکی بچووک مێردی کردووە، هێشتا 19 ساڵی تەواو نەکردبوو، دوو منداڵی هەبوو. ئەو ژنی ماڵەوە بوو، مێردەکەی پاسەوان بوو.

موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، ڕووداوی کوژرانی ئەو ژنەی بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) باسکرد و گوتی "مێردی ئەو ژنە لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت لە دەوام بووم هاتمەوە، پاشان خەوتم، لەگەڵ دەنگی تەقە بەخەبەر هاتم، بینیم ژنەکەم کەوتووە، هەموو جەستەی خوێنە، منیش یەکسەر پەیوەندیم بە باوکییەوە کرد، ئەویش هات وامانزانی ماوە یەکسەر بردمانە نەخۆشخانە، بەڵام گیانی لەدەستدابوو، یەک گوللە بە سینگی کەوتبوو".

دوای ڕووداوەکە باوکی زەینەب سکاڵا تۆمار دەکات و مێردی کچەکەی دەستگیر دەکرێت، موقەددەم لەمیعە گوتی "ئەو ژن و پیاوە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەبوو، چەندین جاری دیکە هاتووینەتە نێوانیان. لەگەڵ یەکدی نەدەگونجان". موقەدەم لەمیعە گوتیشی "ئەگەر زەینەب خۆیشی کوشتبێت، زیاتر بەوە دەچێت لە داخی مێردەکەی خۆی کوشتبێت".

هەرچەندە هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە خۆی کوشتووە یان کوژراوە، بەڵام چونکە گومان لە مێردەکەی دەکرێت کە کوشتبێتی، پۆلیس دەستگیری کردووە، بەڵام بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، دەڵێت "زیاتر وادیارە خۆی کوشتووە، بەپێی پشکنین بۆ لاشەکە کاریگەری بارووتی زۆر لەسەرە، دیارە زۆر لە نزیکەوە لێیدراوە، ئەوە بەپێی لێکدانەوەی خۆمانە کە زیاتر لێکدانەوەیەکی سەربازیانەیە، نەک پزیشکی، بەڵام ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری یەکلایی دەکاتەوە، چاوەڕێ دەکەین لە دوو هەفتەی داهاتوو ئەنجامی پشکنینەکە وەربگرینەوە، ڕووداوەکە ڕوونتر دەبێتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی موقەدەم لەمیعە، لە ساڵی 2014وە ئەوە دووەم حاڵەتی خۆکوشتنی ژنانە لە ناوچەکە "لە خانەقین ڕێژەی خۆکوشتن زۆر نییە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، بەڵام یەک کەسیش خۆی بکوژێت، هەر زۆرە و پێویستە بە دوای چارەسەریدا بگەڕێین".

بەپێی زانیارییەکانی موقەدەم لەمیعە، ئەو ژن و پیاوە کێشەی پارەیان نەبووە. بەڵکو زیاتر کێشەی لێک تێنەگەیشتنیان هەبووە "ئەو گەنجانەی لە تەمەنی بچووک هاوسەرگیری دەکەن، کەمتر لە یەکدی حاڵی دەبن، ئەوان وەکو پرۆسەیەکی هەرزەکارانە بیر لە هاوسەرگیری دەکەنەوە، نەک وەک ژیانی تازە، زەینەب و مێردەکەی هەردووکیان تەمەنیان بچووک بوو، زەینەب 18 ساڵی تەواو نەکردبوو کە شووی کردبوو".

# مێردێکی بەعس کوشتی و مێردێکیشی کورد بێسەروشوێنی کرد



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا دانیشتبوو، ماوەی 18 ساڵە ماکسی و سەرپۆشی ڕەشی دانەناوە، بە پەژارەوە و هەندێکجاریش زەردەخەنەیەکی دەکرد و دەیگوت "دوو شووم کرد، بەڵام کەسیانم بۆ نەمایەوە، یەکێکیان بەعس کوشتی و ئەوی دیکەش کورد بێسەروشوێنی کرد".

ئەلیفە محەممەد خەریکە یادگارییەکانی مێردی یەکەمی لەبیردەچنەوە، چونکە دەزانێت چۆن کوژرا و تەرمەکەشی بەچاوی خۆی بینی، بەڵام ئەوە 18 ساڵە چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردی دووەمی دەکات.

ئەلیفە، 58 ساڵ، بەسەرهاتی دوو مێردەکەی دەگێڕایەوە، بەڵام هێشتا خەمی ئەوەی بوو کەی 38 هەزار دیناری بێوەژنانەکەی وەردەگرێت "کاتێ یەکەم شووم کرد تەمەنم 18 ساڵ بوو، مێردەکەم ناوی عەبدوڵڵا بوو پێشمەرگەی پارتی بوو، هەر کە هاتە داوام ماڵەوەمان یەکسەر ڕازیبوون، بەڵام تەمەنی ژیانی هاوسەریمان تەنیا پێنج ساڵ بوو".

ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بە دەنگێکی کز گوتی "ئێوارەیەکی پایز بوو تەرمەکەیان بۆ هێنامەوە".

ئەلیفە لە مێردی یەکەمی 3 منداڵی بووە. ئەو بڕیاری دابوو پرچی سپی بە دیار منداڵەکانییەوە بهۆنێتەوە، بەڵام دەڵێت "ماڵی خەزوورم نەیاندەهێشت بەدیار منداڵەکانمەوە دانیشم، هەر ڕۆژە و پیاوێکیان بۆ دەهێنام تاوەکو شوو بکەمەوە".

بەڵام کاتێک ماڵی خەزووری لە مەبەستی ئەلیفە تێدەگەن، منداڵەکانی لێدەسەننەوە "کە زانییان مەبەستی شووکردنم نییە، ئێوارەیەک خەزوورم هاتە ماڵمان و پێیگوتم وەرە بابچین بۆ ماڵی باوکت، بەڵام هەر ئەوە بوو ئیدی منداڵەکانم نەبینییەوە".

ئیدی ناچار دەبێت بیر لە شووکردن بکاتەوە. ئەو کاتەی باسی مێردی دووەمی دەکرد، خەیاڵی ڕۆیشت، دواتر لە پڕمەی گریانی دا و گوتی "حەسەنی مێردم ماوەی 13 ساڵ پێشمەرگەی یەکێتی بوو، کەسێکی زۆر قسە خۆشبوو، کە زانی مێردی پێشووم پارتی بووە، زۆرجار بە گاڵتەوە دەیگوت ئێستا تۆ یەکێتیت یان پارتیت، منیش دەمگوت هەردووکیانم".

لەگەڵ حەسەن بێ کێشە بوون، لەو پیاوەش چوار منداڵی بوو، بەڵام شەڕی براکوژی هەر زوو مۆمی ئومێدی ئەلیفەی کوژاندەوە "شەڕی ناوخۆ دەستیپێکرد، هەموو ڕۆژێک کە درەنگ دەکەوت، دڵم دادەخورپا".

ئەلیفە باسی بێسەرشوێنبوونی حەسەن دەکات و دەڵێت "بەیانییەکی زووی ساڵی 1996 لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە و ئیدی نەمبینییەوە، زۆر بەدوایدا گەڕام سوودی نەبوو، هەموو شارەکانی کوردستان گەڕام، بوو بە دڵۆپێک ئاو و چوو بە زەویدا".

زیاتر لە بارەی دیارنەمانی هاوسەری دووەمی قسەی کرد "لەبیرمە ڕۆژێک باسی دوو کەسیان کرد کە تەرمەکانیان لە سەرچنار فڕێدراوە، کە چوومە سەر تەرمەکان دوو کوڕی گەنج بوون و حەسەنەکەی من نەبوو".

بەپێی گێڕانەوەی خۆی، لەدوای لەدەستدانی هاوسەری دووەمیشی، بەهەمانشێوەی هاوسەری یەکەمی، ماڵی خەزوورانی ویستوویانە لە ماڵەکە دەریبکەن "چووم بە تەنیا خانوویەکم بەکرێ گرت و نەمهێشت کەس نە لە ماڵی باوکم نە ماڵی خەزوورانم بێنە ماڵەکەم، ئێستاشی لەگەڵ بێت کەسیان لێیان نەپرسیمەوە". هەروەها دەڵێت "بەڵام جار جارە دڵخۆشم بەوەی منداڵەکانی مێردی یەکەمم دێنە لام و سەردانم دەکەن، ئەوان منیان لە بیر نەچووە، هەرچەندە ئەوکاتەی کە منداڵەکانیان لێوەرگرتمەوە کوڕە بچووکەکەم تەمەنی یەک ساڵ بوو، کەچی ئەو کوڕەم لە هەموو منداڵەکانی دیکە زیاتر سەردانم دەکات".

ئەلیفە چەندینجار سەردانی بەرپرسانی یەکێتی کردووە بۆ سۆراخی مێردەکەی، بەڵام بێسوود بووە "هیچیان بۆ نەکردووم، تەنانەت پێشمان ناڵێن ماوە یان نا، تاوەکو ئەوەندە چاوەڕوان نەبم".

هەروەها گلەیی لە یەکێتی دەکات کە تاوەکو ئێستا هیچ هاوکارییەکیان نەکردووە "چەندینجار داوام کرد بۆ بژێوی ژیانم شتێکم بۆ بکەن، تەنانەت دینارێکیان بۆ نەبڕیمەوە". گوتیشی "بۆ ئەوەی منداڵەکانم بەخێو بکەم لە بازاڕ سەوزەم دەفرۆشت، بەڵام ئێستا منداڵەکانم گەورەبوون و ئیش ناکەم".

# لە سلێمانی 28 هەزار کەس چاوەڕێی خانووەکانی حکومەتن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو-سلێمانی**

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی 9/21ی پەرلەمانی کوردستاندا، لەشاری سلێمانی فۆرمی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەتان دابەشکرا، هەرچەندە ئەو یەکانە تەواو بوون، بەڵام دوای ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردن، تاوەکو ئێستا دابەشنەکراون، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی دەڵێ "هیچ پەیوەندی نییە بەهەڵبژاردنەوە، تەنیا ڕێکارە یاساییەکانی ماون بۆ ئەوەی کەمترین هەڵە ڕووبدات لە دابەشکردنی یەکەکاندا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی وەریگرتوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011دا زیاتر لە 45 ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو خێزانانەی کە داهاتیان سنووردارە. لە ساڵی 2012دا پارەی تەرخانکراو بۆ هەمان مەبەست گەیشتووەتە 250 ملیار دینار و لەساڵی 2013 و 2014 دا هەمان پارەی تەرخانکراو بەبێ گۆڕانکاری وەک خۆی ماوەتەوە.

مەحموود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی دەڵێت ئێستا 3،620 یەکەی نیشتەجێبوون ئامادەیە بۆ دابەشکردن "ئەمە نموونەییە و لەهیچ پارێزگایەکدا لە عێراق ء هەرێمی کوردستانیش شتی لەم شێوەیە نەکراوە".

بۆ جێبەجێکردنی شێوازی دابەشکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەشاری سلێمانی لە 2013/8/26 تاوەکو 2013/9/26 لە 22 بنکەدا لە ناوەندی سلێمانی نزیکەی 100 هەزار فۆرم دابەشکران، ئەو دابەشکردنەش هاوکات بوو لەگەڵ بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەر بۆیە هاووڵاتیان بەگومانەوە لەو کارەیان دەڕوانی و پێیانوابوو کە بانگەشەیە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی کەمدرامەت.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

کامیل حوسێن، کە فۆرمی یەکەی نێشتەجێبوونی کەمدەرامەتی وەرگرتووە، وەک خۆی باسیدەکات زۆر بە نابەدڵی فۆرمەکەی وەرگرتووە، کامیل ئەم فۆرمانەی هاوشێوەی بەڵێنەکانی دیکە بینیوە کە هیچیان لێ سەوز نەبووە "بەڵام کاتێک چوومە ئاماری سلێمانی، دڵسۆزی ئەو فەرمانگەیەم بۆ دەرکەوت و دڵنیابووم کە ڕاستە".

دڵشاد عومەر، گومانی لەوە نییە یەکەکان هەن "بەڵام بەگومانم ئەو یەکانەمان پێبدەن"، هەروەها بەپێکەنینەوە گوتیشی "با هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێت ئەوکات خوا کەریمە وەریدەگرین".

زیاتر لە 28 هەزار و 63 فۆرم گەڕاوەتەوە بۆ فەرمانگەی ئاماری سلێمانی کە 13 هەزار فۆرمی فەرمانبەران ء خانەنشینانە و 15 هەزار و 62 فۆرمیش هی هاووڵاتیانە.

مەحموود عوسمان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەکاتی وەرگرتنی یەکەکانی نیشتەجێبووندا، سوودمەندبووان هیچ پێشەکییەک نادەن و نرخی تێچوونی یەکەکانیش بە مانگانە و لە ماوەی 25 ساڵدا دەگێڕنەوە بۆ حکومەت.

لەماوەی ڕابردوودا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و لە ڕێگەی تۆڕەکانی مۆبایلەوە کورتە نامەیەک گەیشتە دەستی بەشداربووانی یەکەکانی نیشتەجێبوون، دەربارەی کۆد و خاڵبەندیی بەشداربووان، بەڵام ئەمە بەلای بەشداربووانەوە زیاتر وەک بانگەشەیەک بۆ هەڵبژاردن لێکدرایەوە.

ڕیزبەندی خاڵ لەسەر سێ تەوەر خاڵبەندی دەکرێت 1 خاڵ بۆ ئەندامێکی خێزانە و چەند سەر خێزان بن ئەوەندە خاڵ وەردەگرن، بەڵام 10 خاڵ زیاتر نییە، ئەگەر 12 کەسیش بن هەر 10 خاڵ وەردەگرن.

مەرجە داواکار خێزاندار بێت و دانیشتووی شاری سلێمانی بێت، ساڵانی هاوسەرگیری 5 خاڵی پێدەدرێت ئەگەر 20 ساڵیش بێت هەر 5 خاڵی هەیە، ئەگەر 2 ساڵ بێت واتە 2 خاڵی هەیە.

ئەگەر خێزانی یاخود هاوسەرەکەی مردبێت ئەوە 2 خاڵی پێدەدرێت، واتە 10خاڵ بۆ ژمارەی ئەندامانی خێزان 5 خاڵ بۆ تەمەنی هاوسەرگیری و 2 خاڵ بۆ مردنی هاوسەر یان خێزان واتە ژن ء پیاو، ئەمە لەسەر بنەمای 17خاڵ دابەش بووە.

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا "ناوی 3،620 کەس دەنێرین بۆ فەرمانگەی تاپۆ، شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی پێشینەی خانووبەرە، سندوقی نیشتەجێبوون، دەستەی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی نیشتەجێبوون، بۆ ئەوەی بزانین پێشتر سوودمەند بوون یان نا" ناوبراو گوتیشی "دەبێ لە ماوەی 15 ڕۆژدا وەڵاممان بدەنەوە بۆ ئەوەی چیدی هاووڵاتیان چاوەڕوان نەبن".

# "عێراق بەرەو قەیرانی ئابووری هەنگاو دەنێت"

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

پرۆژەی بودجەی عێراق تا ئێستا هیچ پێشوەچوونێکی بەخۆوە نەبینیوە و هەر لە پەرلەمانە، پەرلەمانی عێراقیش هیچ وادەیەکی بۆ دانیشتن لەسەر پرۆژەی بودجە دیاری نەکردووە، بەهۆی ئەوەی کە لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانتاران بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە سەرقاڵن.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی هەڵوێستی سیاسی لایەنەکان لەسەر بودجە، پرۆژەی بودجە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیوە". ئەمە لە کاتێکدایە ئەم خولەی پەرلەمان لە 14ی مانگی داهاتوو کۆتایی دێت.

نەجیبە دەڵێت "بەپێی دەستوور پەرلەمانتاران لەو ماوەیەدا مافی ئەندامێتی لە دەست دەدەن، ئەگەر تا ئەوکاتیش بودجە پەسند نەکرێت، ئەوا عێراق تووشی قەیرانی ئابووری دەبێت لەسەرجەم کەرتەکان، چونکە بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی و قەرزەکان کە لەساڵی 2004 پەسند کراوە، دەبێت حکومەت هەموو ساڵێک لە 9/10 پڕۆژە یاسای بودجە بنێرێت بۆ پەرلەمان". هەروەها گوتی "ئەگەر لایەنە سیاسییەکان ئیرادەیەکی بەهێزیان هەبێت ئەوا تەنیا لە ماوەی 10 ڕۆژدا بودجە پەسەند دەکرێت".

سەبارەت بە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ بودجە، ئەندامەکەی پەرلەمان ڕایگەیاند "هاوپەیمانی کوردستانی و ئیئتیلافی عێراقیە دژی برگەکانی 3 و 4 و 5ی ماددەی 9ی پڕۆژەکەن کە داوای سزادانی هەرێمی کوردستان دەکات لەکاتی پابەندنەبوونی بە ناردنی ئەو بڕەی لە نەوت بۆی دیاری کراوە".

هەروەها سەبارەت بە ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، نەجیبە گوتی "ناردنی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان مافێکی دەستوورییە، بەڵام نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی ئەمەی وەک کارتێکی فشار دژ بە هەرێمی کوردستان بەکارهێناوە".

پڕۆژە بودجەی عێراق بە 170 تریلیۆن دینار دەخەمڵێنرێ و بڕی کورتهێنانیش بە 30 تریلیۆن دینار خەمڵێنراوە لەسەر بنەمای فرۆشتنی ڕۆژانە 3 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل بە نرخی 90 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

بەپێی پڕۆژە یاساکە، دەبێت هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەنارده بکات. ئەگەر نا لە بەشە بودجەی کەمدەکرێتەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان بەو مەرجە ڕازی نییە.

تاوەکو ئێستا تەنیا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای بودجە کراوە، چەندین وادەش بۆ خوێندنەوەی دووەم دانران، بەڵام هەر جارە و بە بیانوویەک دواخرا.



# ناپڕۆفیشناڵی بەرهەمهێنانی میدیایی لە دووەم دانیشتنی پەرلەماندا

**ئارام باقی- هێلسینکی**

دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر کۆنەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا، دانیشتنەکان ڕێچکەی ئاسایی خۆیان گرتەوە. پاش ئەو ماوەیە لە دابڕان و گەرموگوڕیی ململانێکان بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی کورسی زیاتر، دواجار پەرلەمان سەرەتاکانی دەرکەوت.

ڕەنگە خەڵکیش بەگشتی ئەم سەرەتایەیان بەلاوە جێی سەرنج بووبێت و ویستبێتیان بزانن چی لەو دانیشتنەی پەرلەماندا ڕوودەدات، بەڵام بە کوالێتییەکی ئەوەندە خراپ وێنە و دەنگەکان گواسترانەوە کە گومان دروستدەکات لە دوای چەند خولەکێک بینەر کەناڵی پەخشی دانیشتنەکەی نەگۆڕیبێت بۆ کەناڵێکی دی.

سەرەڕای ئەوەی دانیشتنەکە ڕاستەوخۆ و ناوەندی گواسترایەوە کە ئەمەش جێی خۆشحاڵی و دەستخۆشییە، بەڵام ئەوەی جێی ناخۆشحاڵییە، هیچ بنەمایەکی میدیایی لە پەخشکردن و وێنەگرتن و گەیاندنیدا ڕەچاو نەکرابوو. نەک پرۆفیشنالانە، بگرە زۆر لاواز و بێ بەرنامەیی و بێ دەرهێنەری پێوە دیاربوو، لەڕووی تەکنیکیشەوە پڕ لە هەڵەی گرتە و گۆشەی کامێرا و خەوشی دەنگ بوو.

هاوکێشەیەکەی ئاسان هەیە تەنانەت کەسێکیش کە ئارەزوومەند بێت، ئەوەی لەلای ڕوونە ئەوەیە کە پرۆسەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن پێویستی بە دەستکەوتنی چەند فاکتێکی گرنگ هەیە بۆ مەرجی بوون و نەبوونی، بە هەمان شێوە گەر بشمانەوێت مەرجی پرۆفیشینالبوونی بۆ دابنێین.

کێشەی دەنگ بەشێکی زۆر گرنگ و خراپی گواستنەوەی دانیشتنەکان بوو بۆ ئێمە، کە زۆر خراپ و ناخۆش کاری کردبووە سەر کەشی گشتیی دانیشتنەکە و لە بایەخ و گرنگیی دانیشتن و وتەکانی کەم کردبووەوە، جگە لە هاژەهاژی دەنگی کۆمەڵێک ئامێر و زیکەزیک کە لە هەندێ باردا لە ئامێرەکانی پەخشەوە ئەو دەنگانە تێکەڵ دەبن، یاخود لە ئامێرەکانی فێنککەرەوە و گەرمکەرەوە، جگە لەمانەش دەنگ بەشێوەیەک تێکەڵ بوو بە غەڵبەغەڵب و دەنگی خەڵکانێکی دەرەکی لە باکگراوندەوە دەبیسترا کە کەس نەیدەزانی لەکوێوە خۆی دەکاتە ناو پەخشەکەوە و زۆر جار لەوتەکانی پەرلەمانتاران گەورەتر و بەهێزتربوون و هەڵایەک سازکرابوو کە ئەمە لە گواستنەو و ڕووماڵکردنی تەنانەت ڕووداوێکی ئاساییشدا پاساوی نییە چ جای ئەوەی دانیشتنی دەزگایەکی گەورە و هەستیاری وەک پەرلەمان بێت.

کێشەی کامێرا زۆر بە ڕوون و ئاشکرا دەبینرا، هیچ کام لە گرتەکان تەنسیقیان لە نێواندا نەبوو نە لە ڕەنگدا نە لە قەبارەدا. لەزۆر شوێندا فۆکوسی کامێراکان زۆر ناڕۆشن بوون و بەتایبەت کامێرای سەرۆکی پەرلەمان زۆر تەڵخ و ناشیرین بوو، وەک ئەوەی لەناو پەڵە هەورێکی خۆڵەمێشییەوە وێنەبگیرێت.

گرتەکان و گۆشەکانی وێنەگرتن زۆر ناڕێک و هەڕەمەکی بوون، ئەندام پەرلەمان هەبوو لە شەش لاوە کامێرە لەسەری دەجوولا و هەشبوو بەزۆری زۆرداری لە قوژبنێکدا جێی دەکرایەوە. ئەندام هەبوو کە قسەی دەکرد بە جارێک سێ کامێرا دەیدۆزییەوە ئەندامیش هەبوو نیوەی قسەکانی دەکرد کامێرا نەیدەبینی.

دەرهێنان و میکسکردن و گۆڕینی گرتەکان زۆر زۆر لاوازبوون و بیر لەوە نەکرابووەوە کە چەند گرتەیەکی گشتی و چەند گۆشەیەکی گشتی ئامادەبکرێ کە لە کاتی پێویستدا بەکاربهێنرێن. دەنگ بەرزو نزمی دەکرد و ئەندام هەبوو بە حاڵەحاڵ گوێت لە دەنگی دەبوو، بەشێکیش لەدەنگەکان ئەوەندە گەورەبوون قسەی ئاساییت لێ دەبووە تووڕەبوون و دەنگ بەرزکردنەوە. ڕەنگە هۆکارەکان بەشێکی بۆ میکسەری دەنگ بگەڕێنەوە و بەشێکیش بۆ مایکرۆفۆنەکان کە جێگەیان خراپ دیزاین کراوە و لە قەراغەوە دانراون.

هۆڵی کۆبوونەوە بە گشتی جێگای کورسییەکان و دابەشکردنیان وەک ئەوە دەرناکەوێت کە لەکاتی داڕشتنی دیزاینەکەیدا بیر لە گواستنەوە و ڕووماڵکردنی میدیایی کرابێتەوە، یاخود گەر بیرکرابێتیشەوە لانیکەم ئێمە لەم پەخشەدا نەمانبینی. بۆچی هەوڵ نەدراوە سوود لە دیزاینی پەرلەمانەکانی دونیا ببینرێت کە بواری گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگ هاوسەنگ بێت و هەم سەروسیمای ئەندام پەرلەمانەکانیش لەبەرچاو و دیاربن.

دیزاین و شوێنی مایکرۆفۆنی بەردەم پەرلەمانتاران ڕووەو ئاڕاستەی دەم نەبوونیان و کورتیی مایکەکان کە نەدەگەیشتنە نزیک دەمیان، ئەمە وای کردبوو ناهاوسەنگی لە هاتنەدەرەوەی دەنگدا دەبیسترا.

مۆنیتەرێکی گەورە بەسەر سەری سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەڵواسراوە، دەتوانین بپرسین ئەو سکرینە قەبەو زلە چییە لە پشتی سەرۆکایەتییەوە دانراوە؟ چ سوودێکی هەیە؟ ئاخۆ بۆ خەڵک دانراوە؟ گەر بۆ خەڵکە دەکرێ لە قاتی سەرەوە و لە شوێنی دانیشتنی خەڵک بێت، یاخود گەر بۆ ئەوەیە پەرلەمانتارەکان یەکتری ببینن ئەوا دەکرا هۆڵەکە بە شێوەیەکی هێلکەیی و پلە پلە و قادرمەیی دروست بکرێت کە هەمووان لە یەکترەوە دیاربن.

جۆرێک کامێرا هەن کە پێویست ناکات کامێرامان لە پشتیانەوە بوەستێ و قەبارەشیان بچووکە و کوالێتیشیان زۆر بەرزە و نرخیشیان گونجاوە و دەتوانرێت لە شوێن و گۆشەی جیاجیادا دابنرێت و شێوەشیان ناشیرین نییە کە دیمەنەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان قەرەباڵغ بکەن. دەتوانین بڵێین ئەم کامێرایانە ڕۆبۆتن و لە ژووری کۆنترۆڵەوە دەتوانرێت بەسەریاندا زاڵبن، سوودێکی دیکەشی ئەوەیە پێویست ناکات میدیاکار یان بەشی ڕاگەیاندن بچنە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکانەوە.

## ناوی ئەندامانی پەرلەمان و سایتی فەرمیی پەرلەمان

سکرتێری پەرلەمان ناوی هەموو ئەندامانی نەدەزانی کە ئەمە ئاساییە، بەڵام ئاسایی نییە کەسێک بەبێ ناو و بە ئیشارە ڕێگەی پێبدرێ قسەبکات. هەڵبەت ئەمەش خەتای سکرتێر نییە، بۆچی لیژنەی میدیایی یا بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمان (یان هەرشتێکی ناوە) پێشوەخت ناوەکانی بەپێی شوێنی دانیشتنی پەرلەمانتاران لەبەردەست دانەنابوو.

ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەمان .perleman org لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. ئەمەش ڕۆڵێکی دی ڕاگەیاندن بۆ تۆمارکردن و گەیاندنی زانیاری دەردەخات. کارێکی زۆر باشە بۆ ئەوانەی کە کۆبوونەوەکان لە تیڤییەوە نابینن یاخود بیانەوێت بە ئەرشیڤدا پیاسەیەک بکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەم سایتە تا بەرواری ئەم نووسینە دوای نزیک بە هەشت مانگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان جگە لە ئەندامانی یەکێتی نیشتیمانی و کۆمەڵی ئیسلامی و تورکمان ناوی ئەندام پەرلەمانەکانی دیکەی ئەم خولەی تێدا نییە.

سایتی عەرەبی و ئینگلیزی ناوی هیچ کاندیدێکی هیچ لیستێکی تێدا نییە. بەشی ئینگلیزی نەک هەواڵەکانی سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمان بەگشتی، بەڵکو هیچ شتێک لە مانگی شەشی ساڵی ڕابردووەوە لەم بەشەدا تازە نەکراوەتەوە. هەرچی هەواڵەکانی بەشی عەرەبیشە لە مانگی یازدەوە تازەنەکراونەتەوە.. ئاخۆ دەبێت نهێنی ئەمە لەچیدا بێت، گەر توێژەرێکی ئەوروپی بیەوێت ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی پەرلەمانەوە تازەترین زانیاری دەستبکەوێت ئەوا مەخابن دەبێت نزیک بە ساڵێک چاوەڕێ بکات!

دوو خاڵی دیکەش جێی پرسیارن، ئاخۆ بۆچی وێنەی ئەندام پەرلەمانەکان بڵاونەکراونەتەوە و بۆچی ئەندام پەرلەمانەکان ئیمایڵی جیمایل و یاهوو و هۆتمەیل بەکاردەهێنن؟ بۆچی وەک شکۆیەک بۆ پەرلەمان ئیمەیڵی پەرلەمانی کوردستانیان بۆ دروست ناکرێت!! بۆ نموونە .NawiYekem .NawiDuhem@perleman.org

هەن پێیانوایە کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئەمجارەشمان پەلەپرووزێ و ناپرۆفیشناڵیی پێوە دیارە، بەڕاستی گەر لە ڕووە میدیاییەکەیەوە تەماشای بکەین لەسەدا سەد وایە و ناپڕۆفیشناڵ و بێ بەرنامە بوو.

ئاخۆ پەرلەمان وەک ئۆرگانێکی یەکخەری سەرجەم دەنگ و باڵ و ڕەنگەکان بەم میدیا شکستەوە سەرکەوتوو دەبێت لە قۆناغێکی تازەی گەیاندنی پەیامەکانی؟

# سەرگوڵ دەبێتە مامۆستا



**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچە شانۆکاری کورد سەرگوڵ حەسەن سەرقاڵی کارکردنە لە درامایەک بە ناوی (سۆما) کە لە دەرهێنانی فوئاد جەلالە.
سەرگوڵ بە (رووداو)ی راگەیاند و گوتی" لەو درامایەدا رۆڵی مامۆستایەکی وانەی هونەر دەبینم، دراماکە بە رای من زۆر شتێکی جوان دەردەچێت و هیوادارم کە پەخشکرا ببێتە جێی رەزامەندیی بینەران".
سەرگوڵ ماوەیەک لەمەوپێش لە سوێد گەڕایەوە کە بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەریەک سەردانی ئەم وڵاتەی کردبوو. شانۆگەرییەکە لە شەش شاری سوێد نمایش کرا.



# لەنجە لە سینگڵەوە دەیکاتە ئەلبووم

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

لەنجە عەلی، سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی خۆی کە لە 10 تراک پێکدێت.
لەنجە کە تاوەکو ئێستا گۆرانییەکانی بەشێوەی سینگڵ بڵاودەکردەوە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئامادەکارییەکانی یەکەم ئەلبوومم تەواو بووە کە لە 10 تراک پێکدێت و زۆربەیان لە ئاوازی هاوسەرەکەمە و چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆریش بۆ نەوەی نوێ، تازە دەکەمەوە". لەنجە بە ستایلی کلاسیک کاری کردووەو بڕیاری داوە ئەم ئەلبوومەش بە هەمان ستایلی پێشوو تۆمار بکات. لەوبارەوە گوتی "چەند هۆنراوەیەکی هێمن موکریانی و ناری لە ئەلبوومەکەدا دەبێت. دوو گۆرانی مامڵێ دەڵێمەوە، کلیپێکیش لەگەڵ ئەلبوومەکە بڵاودەکەمەوە".



# هۆزان کاوە دەگەڕێتەوە ئامەد

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

دوای بڵاوکردنەوەی نوێترین ئەلبوومی بەناوی "رۆژئاوا"، هۆزان کاوە دوو گۆرانی کلیپ دەکات.
هۆزان بە (رووداو)ی راگەیاند "لەم رۆژانەدا کۆتایی بە وێنەگرتنی تازەترین کلیپەکانم هات، بەناوەکانی ئازادی و ژنێن ئازاد کە لە ئاواز و تێکستی خۆم بوون".
هۆزان کە چەندین ساڵە بەهۆی فەرمانی دەستگیرکردنی ناتوانێت بچێتەوە باکووری کوردستان، بۆ یەکەمجار لە (رووداو)ەوە رایگەیاند کە بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و گوتی "دوای 18 ساڵ دووری لە زێدی باب و باپیرم، بەنیازم نەورۆزی 2015 لە ئامەد بکەم، بۆیە لە ئێستاوە خۆم بۆ ئەو رۆژە ئامادە کردووە و لەوێ بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی نەتەوەیی دەکەم".



# رێنوار تۆ کێندەری ئەربیلی نوێدەکاتەوە

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

گورانیبێژی لاوی شاری هەولێر (رێنوار مەرجان) لە یەکەم کاری هونەریدا گۆرانی (تۆ کێندەری)ی محەممەد ئەربیلی بڵاودەکاتەوە. رێنوار بە (رووداو)ی راگەیاند"سەرجەم کارەکانی کلیپەکەم بەکۆتا هاتووە، کە لە وڵاتی جورجیا کاری وێنەگرتنم بۆ کردووە و کاری دەرهێنانی لە لایەن (کۆسار عزیز) بۆ کراوە، بەم زووانە لە سەرجەم کەناڵە کوردییەکان بڵاودەبێتەوە".
زیاتر گوتی" سەرقاڵی چەند گۆرانییەکی دیکەم کە بە ستایلی جیاواز کاریان بۆ کراوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێنەوە".

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

# بەختی رووداو

**کاوڕ**
لەئەنجامدانی کاری نوێ مەترسە، هێزێک لەناختدا پشتیوانیت دەکات بەرەو سەرکەوتن. کاتێکی لەبارە بۆ تەواوکردنی کارەکانی رابردوو، دەتوانی بیرۆکەکانت بکەیتە پرۆژە و زیاتر دوای نەخەیت.

**گا**
کاتت بەفیڕۆ مەدە، دەتوانی خۆت سەرقاڵی کارێک بکەیت کە ئەنجامێکی خێراتر بدات بەدەستەوە. متمانەی تەواوت بە تواناکانت هەبێ، پشت بە بەخت مەبەستە، بەبێ هۆکار هەست بە رەشبینی دەکەیت.

**جمک**
خەڵک بەبێ توانا مەزانە لەچارەسەرکردنی گرفتەکانیان لەکاتێکدا خۆت هەمان گرفتت هەیە. مەهێڵە راڕاییت زیاد بکات، کارەکان رەوتی ئاسایی خۆیان وەربگرن لەوە باشترە پەلەی تێدا بکەیت.

**قرژاڵ**
خەڵک خۆشیان دەوێیت، بەسۆزەوە وەڵامیان بدەرەوە نەک بەخۆدوورخستنەوە. لەبەرئەوەی ئەرکەکانی سەرشانت زۆر کەڵەکە بوون کارەکانی دیکەش بەخاوی بەڕێوە دەچن. مەترسە هیچ شتێک رێگریت لێ ناکات.

**شێر**
بەزمانێکی شیرین و تاکتیکێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ چواردەورەکەت بکە بەتایبەت خۆشەویستانت. کەمێک هەست بەبێزاری دەکەیت، بەڵام هەتا تەواو دڵنیا نەبیت هیچ بڕیارێکی یەکجاری مەدە. داوای پەیوەندی ئەڤینداریت لێدەکرێ.

**گوڵەگەنم**
ئەگەر بەنیازی ئەنجامدانی هەر کارێکی نوێیت، خێراتر لەوادەی دیاریکراو دەستبەکار بە. بەهۆی گۆڕانکارییەکان لەشوێنی کارەکەت هەست بەدڵنیایی ناکەیت، زۆر بەهێمنانە وەڵامی هەڵچوونەکانیان بدەرەوە.

**تەرازوو**
شتەکان لەدڵتدا مەهێڵەوە، راستەوخۆ هەستەکانت دەرببڕە یان باسی کێشەکان لەگەڵ بەرامبەر بکە بەڵام بەشێوەیەکی نەم و جوان. کەسایەتیت کاریگەر دەبێت و لەهەموو جێگەیەک رووبەڕووی خۆشەویستی دەبیتەوە.

**دووپشک**
کەمێک حەز بەگۆشەگیری دەکەیت بۆ ئەوەی بیر لەدۆخی ئێستا بکەیتەوە و بگەیتە چارەسەر، لەگەڵ دەسپێکی یەکەم هەنگاو دەرگای یەکەمی بەختەوەریت بۆ دەکرێتەوە. لەشوێنی کارەکەت هەست بەگونجان و نزیکبوونەوەی زیاتر دەکەی.

**کەوان**
بەرنامەی گەشتێک دابنێ بۆ ئەوەی هەڵچوونە دەروونییەکانت ئارام ببنەوە، دەتوانن بڕیارێکی گرنگ بدەن بۆ چاککردنی هەندێک لەدۆخە ئاڵۆزەکان. رەنگە نەتوانی بە دەربڕینێکی باش قسە بۆ بەرامبەرەکەت بکەیت.

**کاژۆڵە**
پێش ئەوەی هەر بڕیارێک بدەی پشوویەک بدە. سۆزداری بەشێکی زۆر لەبیرکردنەوەتان داگیر دەکات، هەوڵ بدەن پاشەکەوت لەدەرامەت بکەن، گەڕان و پەیوەندییەکان زۆر دەبن و دیداری کەسانێک دەکەن کە گرنگن بۆ ژیانتان.

**سەتڵ**
دەستبەرداری بیرۆکەکانت مەبە، بەڵکو لەشوێنی خۆیان دابنێ هەتا کاتێکی گونجاو. خۆشەویستیتان لەچواردەورەوە زیاد دەکات، گرنگی بە رێکپۆشی و روخسارتان بدەن. پلەو پایەتان بەرز دەبێتەوە و پەیوەندیتان لەگەڵ کەسانێکی گرنگ بۆدروست دەبێت.

**نەهەنگ**
هەر کارێک بکەیت بەخت یاوەرت دەبێت، بۆیە کارەکانت بەخێرایی تەواو بکە. جددی نەبوون لەکارەکان زیان بەپلەو پایەتان دەگەیەنێت، هەندێک لەو گوتانەی لە درکاندنیان دەترسیت، رێگەکانت بۆ ئاسانتر دەکەن.

**بەکشتی:**
کاتی ئەوەیە کارەکان لەوادەی خۆیان پێشبخەین ئەگەر توانیمان. لەم کاتەدا هەر جۆرە کارێک بکەین ئەنجامەکەی باش دەبێت. ئەو پەندەی دەڵێت (کات ئاڵتوونە) بۆ ئەم ماوەیە زۆر گونجاوە، دواتر کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنین ئەوسا تێدەگەین لەکاتە بەتاڵەکاندا چەند ئاڵتوونمان قازانج کردووە. تیشکی هەتاو لەبورجی گای خاکی بەرەو گەشانەوەی زیاتر دەڕوات، بڕوامان بەخۆمان و توانامان زیاد دەبێت، دەتوانین بیر لەچارەسەرێکی نوێ بکەینەوە.
بوونی ڤینۆس لەبورجی کاوڕ چالاکییە هونەرییەکان زیاد دەکات و هەستەکانی خۆشەویستی و سەرنجڕاکێشان بەرەو هەڵکشان دەچێت. خەڵک سەرنجمان رادەکێشن و لەناکاو عاشق دەبین.



# سوهێر ئەلقەیسی رەخنە دەگرێت

**رووداو- ئاژانسەکان**

کچە میدیاکاری عێراقی سوهێر ئەلقەیسی رەخنە لە بەرنامەی «شكلك مش غريب» دەگرێت کە لە کەناڵی mbc پێشکەش دەکرێت.
لە پەیجی فەرمیی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک سوهێر لەوبارەیەوە دەنووسێت "ئەندامانی دادوەری بەرنامەکە هیچ فەرهەنگێکی زمانەوانییان نییە بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانی خۆیان، بۆیە بەردەوام راوبۆچوونەکانیان دووبارە دەکەنەوە، ئەمەش لاوازیی لیژنەکە دەردەخات".
یەکێک لە دادوەرانی بەرنامەکە هونەرمەند هەیفا وەهبییە. بەرنامەکە هەموو شەوانی شەممە لە کەناڵی mbc پێشکەش دەکرێت بۆ لاساییکردنەوەی هونەرمەندان.

# درامای براوە دۆڕاوەکان لە رەمەزاندا نمایش دەکرێت

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

درامای براوە دۆڕاوەکان کە لە دەرهێنانی "کەریمۆک"ەو ماوەی دوو مانگە کاری وێنەگرتنی بۆ دەکرێت، بڕیارە لە مانگی رەمەزاندا نمایش بکرێت.
دەرهێنەری دراماکە بە (رووداو)ی راگەیاند "دراماکە کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵێک ئەکتەری سەرکەوتوو بەشدارییان تێدا کردووە". کەریمۆک گوتیشی کە دوای 15 رۆژی دیکە کاری وێنەگرتنی درامای براوە دۆڕاوەکان تەواو دەبێت و مانگێکیش سەرقاڵی کاری مۆنتاژ دەبن، وەک دەرهێنەرەکە باسی کرد لە مانگی رەمەزاندا لە کەناڵەکان پێشاندەدرێت.





# کلیپەکەی باسکاڵ دەدزرێ

**رووداو- ئاژانسەکان**

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی باسکاڵ مەشعەلانی نیگەرانی خۆی دەربڕی لە دزینی کلیپێکی بە ناوی "نبغيک".
باسکاڵ لە پەیجی فەرمیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە رایگەیاند "زۆر زۆر نیگەرانم لە دزینی کلیپەکەم کە لە یوتیوب بڵاوکراوەتەوە و خەڵکێکی یەکجار زۆریش بینیویانە، بۆیە داوا لە بەڕێوەبەرانی یوتیوب دەکەم هەوڵێکی جددی بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە".
هەروەها دەڵێت" ئێستا خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی هەمەڕەنگم کە بە شێوەزاری عێراقی و خەلیجی و لوبنانی و میسری تۆمارم کردووە، هیوادارم بە دڵی هەموو خەڵک بێت".

# بەغدا کوردی هاندا نەوتی خۆی هەناردە بکات؟

## "پارێزەرانی بەغدا لە ئەمریکا کێشەی زۆریان بەرەوڕوو دەبێتەوە ئەگەر بیانەوێت ڕێگری لە کڕینی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەن"


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

کۆمپانیای ڕاوێژکاری "فۆرین ڕیپۆرتز"، بنکەی سەرەکی لە واشنتنە و خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە بازاڕی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش بە حکومەتەکان و کۆمپانیاکان و ناوەندە داراییەکانی جیهان دەکات. فۆرین ڕێپۆرتز ساڵی 1956 دامەزراوە و ڕاپۆرتەکانی زۆر قووڵ و وردن. لە ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێشدا سەبارەت بە دوایین پێشهاتەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان کە 6ی ئەم مانگە لە ژێر ناونیشانی: "ئایا بەغدا حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناچار بە هەناردەکردنی نەوت کرد؟" نووسراوە، زانیاری ورد سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەدرکێنێ.

لەم بابەتەدا فۆرین ڕێپۆرتز باسی ئەگەری فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات و شیدەکاتەوە کە نەوتی هەرێمی کوردستان چۆن چانسێک لەبەردەمی کراوەتەوە بۆئەوەی کە بەبێ ئەوەی لە ئاستی جیهاندا هەرایەکی زۆری لێبکەوێتەوە بفرۆشرێت. هەر بۆیە ڕاپۆرتەکە وەک خۆی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

عومەر ئەحمەد

بەگوێرەی بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق، هەناردەی نەوتی عێراق لە وێستگەکانی باشووری ئەو وڵاتە لە مانگی نیساندا نۆژەنبووەتەوە و لە دابەزینی مانگی ئادار ئاراستەی گۆڕاوە بۆ ڕۆژانە 2.509 هەزار بەرمیل. بەڵام تێکڕای هەناردەکاری نەوتی عێراق لە مانگی نیسان بەراورد بە مانگی شوبات هێشتا ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل کەمترە، ئەوەش لەبەر ڕاوەستانی یەکجاریی هێڵی نەوتی کەرکووک –جەیهان. عێراق لە مانگی شوباتدا ڕۆژانە 2.8 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە.

ڕاوەستانی هێڵی نەوتی کەرکووک- جەیهان دەلاقەیەکی گەورەی لەبەردەم هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کردەوە. ئەو ڕووداوە دەرفەتی دا بە هەرێمی کوردستان کە هێڵە نەوتییەکان بەکاربهێنێت و تورکیایەکی دایە دەست هەرێمی کوردستان کە خوازیاری دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بوو بۆ نەوتی کەرکووک. لەلایەکی دیکەشەوە هاوکات لەگەڵ ڕاوەستانی هێڵی نەوتی کەرکووک، بەغدا بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڕی، بەو پێیەش سەرۆک وەزیران، نووری مالیکی وای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە هەناردەکردنی نەوتی خۆی وەک پێویستییەکی ڕاستەقینە ببینێ.

### باریکە ڕێی باشوور

دیار نییە هێڵی نەوتی کەرکووک- جەیهان کەی بەکاردەکەوێتەوە، لەبەرئەوەش نیگاکان دیسان دەکەونەوە سەر باریکەڕێی باشوور. هەناردەی باشوور لە بەسرەو وێستگەی خۆرەلعەمارە پاش ئەوەی یەکێک لە کەرەستەکانی بارکردنی نەوت بەکەشتی کە بە SPM ناسراوە دادەمەزرا، لە کۆتایی مانگی چواری 2012 دابەزی بۆ ڕۆژانە 1.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەڵام پاش دامەزراندنی ئەو دوو کەرەستەیە، هەناردەکردنی نەوتی باشوور بەرزبووەوە بۆ 2.165 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. هاوینی ڕابردوو و مانگی یەکی ئەمساڵ ئەو ڕێژەیە دابەزی بۆ ڕۆژانە 2.014 هەزار بەرمیل پاش ئەوەی هەندێ کەرەستەی پەیوەست بە سەکۆ نەوتییەکانی ناودەریا دادەمەزران.

لە سێ مانگی ڕابردوودا ئاستی هەناردەکردنی نەوتی باشوور بەرزبووەتەوە بۆ ڕۆژانە 2.462 هەزار بەرمیل.

وەکو بابەتێکی کردەیی، هەناردەی نەوتی باشوور ئەگەری هەیە سنووردار بێت بە ڕۆژانە 2.5 ملیۆن بەرمیل تا ئەوکاتەی کەرەستەکانی ژێرخانی ناوەندی هەناردەکردنی نەوت نۆژەن دەکرێنەوە.

ئەم هەفتەیە فەلاح ئەلخەیات لە گۆڤاری "پلاتز"ی تایبەت بە نەوت و گاز نووسی "بە مەرجێک کەشوهەوا لەباربێت، تێکڕای وێستگەکانی هەناردەکردنی نەوت لە باشوور لە باشترین بارودۆخدا تەنیا دەتوانن بگەنە ئاستی ڕۆژانە 2.5 ملیۆن بەرمیل. ئەلخەیات دەڵێت لە مانگی نیساندا لانیکەم ڕۆژانە 200 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی نەوتی باشوور لە کێڵگەی ئەلحەدەب ڕاوەستا، لەبەر ئەوەی ژێرخانی گونجاوی گواستنەوەی نەبوو.

### هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان

ڕاپۆرتەکانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ئاڵۆز و ناڕوونن، بەڵام وەزیری وزەی تورکیا، تانەر یەڵدز، هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە لە 27ی مانگی نیسانەوە، هەناردەکردنی ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێی بۆڕییەوە دەستپێکردووەتەوە. ئەم هەفتەیە بەرپرسێکی تورک کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، ڕایگەیاند ڕێگە دراوە بە کۆمپانیای تۆپراش کە تەنیا کۆمپانیای تورکیایە بۆ پاڵاوتنی نەوت، بۆئەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بکڕێت. ئەگەر ئاوەها بێت، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان تەنانەت ئەگەر شوێنێکی کەمی کۆگاکردنی هەبێت، دەتوانێت بەردەوام بێت.

بەراورد لەگەڵ کڕینی نەوت لەلایەن هەر کۆمپانیایەکی دەرەوەی تورکیا، پارێزەرانی بەغدا لە ئەمریکا کێشەی زۆریان بەرەوڕوو دەبێتەوە ئەگەر بیانەوێت ڕێگری لە کڕینی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن تۆپراشەوە بکەن. حاڵی حازر فرۆشتنی بەرهەمەکانی پەیوەست بە نەوتی عێراق بەپێی بڕیارێک کە سەرەتا لەلایەن جۆرج بوش لە ساڵی 2003 واژووکراو پاشان لە ساڵی 2013 لەلایەن باراک ئۆباما نوێکراوەتەوە، لە هەرچەشنە بەدواداچوونێکی یاسایی پارێزراون وەک دەستبەسەرداگرتن، دادوەریکردن، بڕیار دەرکردن، داواکردن و هەر چەشنە بەدواچوونێکی یاسایی دیکە.

لەهەر دادگایەکی تورکیاش بەدواداچوونی کڕینی نەوت لەلایەن حکومەتی بەغداوە، بە هەمان چەشن ژانەسەری بەدوادا دێت.

### قەبارەی کۆگاکان لە جەیهان سنووردارن

بەهەر حیسابێک بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان تا کۆتایی مانگی نیسان نزیکەی 1.8 ملیۆن بەرمیل نەوتی عەمبارکراوی لە جەیهان هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە هەناردەکاری نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لە سەرەتای ئەمساڵەوە جاربەجار بووەو بەردەوام نەبووە، کۆمپانیای بۆتاش ڕایگەیاندووە نەوتی هەرێمی کوردستان تەنیا ئەو کاتانە دەتوانرێت بە بۆڕی هەناردە بکرێت کە هیچ نەوتێک لە ڕێی هێڵی کەرکووک- جەیهانەوە هەناردە نەکرێت. ڕوون نییە ئەوە تەنیا پاساوێکی تەکنیکییە یان بە پێچەوانەوە، بەڵام چیدی ئەو پاساوەش ئیعتیباری نەماوە، سوپاس بۆ ڕاوەستانی یەکجاریی هەناردەی نەوتی کەرکووک.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، بۆتاش شوێنی 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کردووە. هەربۆیە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل بەردەوام بێت، چونکە یان دەبێت کۆگاکەی زیاد بکرێت، یانیش دەبێت هاوکات لەگەڵ ناردنی، هەندێ لەو نەوتە بەکاربهێنرێت و لە کۆگاکان بەتاڵ بکرێت.

### هێڵی نەوتی جەیهان- کرک کەلا

ئەگەر تۆپراش ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت لە جەیهانەوە وەرگرێت بۆ پاڵاوگەی 100 هەزار بەرمیلی کرک کەلا، ئینجا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەردەوام بێت لە هەناردەکردنی نەوت بێ ئەوەی ناچاربێت لەڕێی کەشتییەوە نەوتەکەی بفرۆشێت کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەنگەدەنگی زۆر لە ناوەندە جیهانییەکان پەیدا بێت. پاڵاوگەی کرک کەلا لە ڕۆژئاوای ئەنقەرە نەوتی کەرکووک بەڕێی بۆڕییەکی 447 کیلۆمەتری لە بەندەری جەیهانەوە وەردەگرێت.

### گۆڕینی بابەتەکە

کاتێک تانەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا ڕۆژی 29ی مانگی نیسان ڕایگەیاند کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی بۆڕییەوە دەستپێکردووەتەوە، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە کڕینی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ئەجێندای تورکیادا نییە، بەڵام ڕۆژی 2ی مانگی ئایار، گۆڤاری پلاتز لەسەر زاری بەرپرسانی وەزارەتی وزەی تورکیاوە ڕایگەیاند کە ڕێگە بە تۆپراش دراوە ئەو نەوتە بکڕێت.

کەواتە ئەگەر هەناردەکردنی نەوت لە ڕێی بۆڕییەوە بەردەوام بێت، دەبێت هەڵگرتنی ئەو نەوتە لە ڕۆژی سێی مانگی ئایار دەستی پێکردبێت.

### گرێدراوی بە نەوتی کەرکووک

تۆپراش ماوەیەکی درێژە کڕیاری نەوتی کەرکووکە لە بەندەری جەیهان کە زۆربەی بۆ کرک کەلا دەڕوات. لەو کاتانەی کە ئاستی هەناردەکاری نەوتی کەرکووک سنووردار بووە، تۆپراش تەنیا کڕیاری ئەو نەوتە بووە. تۆپراش ڕاستەوخۆ نەوتی سووکی بەسرە لە کۆمپانیای سۆمۆ ناکڕێت، بەڵام هەندێ جار تەندەر ڕادەگەیەنێت بۆ دابینکردنی نەوتی خاوی پاڵاوگەکانی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

لە هەشت مانگی ڕابردوودا پێش ئەوەی نەوتی کەرکووک بەتەواوەتی ڕابوەستێ، تۆپراش ڕۆژانە نزیکەی 135 هەزار بەرمیل نەوتی عێراقی کڕیوە کە دەکاتە نزیکەی 57%ی هەموو نەوتی هەناردەکراوی کەرکووک.

دووەم دابینکاری نەوتی تۆپراش ئێران بووە. تا کۆتایی ئەم مانگە، نازانرێت کە بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی نەوتی کەرکووک، ئایا تورکیا ناچاربووە لەم مانگەدا نەوتی زیاتر لە ئێرانەوە بکڕێت یان نا.

تۆپراش نەوت بە مارجێن (لێوار) دەپاڵێوێت. ساڵی ڕابردوو، مارجێنی پاڵاوتنی تۆپراش بۆ هەر بەرمیل 35% دابەزی و نزمبووەوە بۆ 2.45 دۆلار لە هەر بەرمیلێکدا. توانایی تۆپراش لە فرۆش و بەرهەمهێنان دابەزیوە، هەروەها قازانجی پوختەی ئەو کۆمپانیایە تێکڕای ساڵی ڕابردوو 18% دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا واشنتن گۆشارەکانی زیاد نەکردووە لەسەر تورکیا بۆ ئەوەی قەبارەی نەوتی هاوردەکراوی لە ئێرانەوە کەمبکاتەوە، بەڵام بەراورد بە کڕینی نەوتی هەرێمی کوردستان، تۆپراش ناچارە قورسایی ڕیسکی کڕینی نەوتی زیاتری ئێران لەسەر شانی هەڵگرێت.

#### شڵەژانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

کاتێک ڕۆژی دووی ئایار پرسیار لە مێری هارف، جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرا سەبارەت بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەو خاتوونە شڵەژا. دیاربوو هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نەبوو.

ڕەنگە ئەوە بابەتێک نەبووبێت کە هاوکارانی لە وەزارەتی دەرەوە لێ ئاگادارکرابنەوە.

### دابینکارانی دیکەی تۆپراش

تۆپراش ڕێژەیەکی کەم نەوت لە عەرەبستانی سعودی دەکڕێت و هیچ بڕە نەوتێکی دیکەش لە وڵاتانی دیکەی کەنداو ناکڕێت. سەرچاوەکانی دیکەی دابینکاری نەوتی تۆپراش بریتین لە ڕووسیا و کازاخستان، هەرچەندە پێشتر ڕێژەیەکی کەمیش نەوتی لە لیبیا کڕیوە.

بەغدا دەیتوانی تۆپراش بخاتە ناو لیستی ڕەشەوە ئەگەر هاتوو نەوتی هەرێمی کوردستان بکڕێت، بەڵام بەبێ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک، عێراق ئەو پشکەی کە لە بازاڕی نەوتی تورکیا هەیەتی، مەترسی لەسەرە کە لەدەستی بدات. سەرەڕای ئەوەش تورکیا کڕیاری 6%ی نەوتی عێراقە.

### هەڵبژاردن و دروستکردنی هاوپەیمانێتی

ڕەنگە هەرێمی کوردستان لەو پلەیەدا بێت کە یارمەتیدەر بێ لەپاش خستنی مالیکی ئەوکاتەی کە بیەوێت زۆرینەیەکی پارلەمانی دروستبکات بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق. بەڵام ڕەنگە مانگێک بخایەنێت تا ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە تەواوەتی ڕادەگەیەنرێت، تەنانەت ڕەنگە چەندین مانگ زیاتری پێویست بێت بۆئەوەی کە هاوپەیمانییەکی سیاسی بۆ دروستکردنی حکومەت بێتەئاراوە. بە بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئادار، مالیکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هاندا بۆئەوەی دەرگایەک بکاتەوە کە پێشتر لەبەر چەندین هۆکار نەیکردووەتەوە. ئەگەر بەغدا دەستپێشخەرییەکەی 2014/3/20ی هەرێمی کوردستانی بۆ بەشداریکردن لە هەناردەکردنی ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت پەسەند کردبایە، لە بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئێستایدا دەبوو.

# نەوت و گازی کوردستان، یەدەگ یان سامان؟



د.هاوڕێ مەنسوور بەگ*

چەند ساڵێک لەمەوبەر، کۆمپانیای زەبەلاحی بواری نەوت و گاز Shell، یەکێک لە گەورە بەرپرسەکانی کۆمپانیاکەی لەسەرکار لابرد. هۆکاری لابردنەکەش ئەوە بوو کە ئەو بەرپرسە باڵایە نازانێت جیاوازی بکات لە نێوان یەدەگ (Reserve) و سامان (Resource). کێشمەکێشی نێوخۆیی کۆمپانیای شێڵ لەمەڕ پێناسەی "یەدەگ" و "سامان"، ئابووریناسان و پسپۆڕانی بواری نەوت و گازی لە سەرتاسەری جیهان سەرقاڵ کرد. بە کورتی، ئەوکاتە بە نەوت و گاز دەگوترێت یەدەگ کە زانیارییەکی زۆری زەویناسی لە بەردەست بێت، نەوتی نێو کانەکان بە تەکنەلۆجیای ئێستا بتوانرێت بەرهەم بهێنرێت و بازاڕی ئابووریش گونجاو بێت، بە شێوەیەک کە خەرجی کۆمپانیاکان کەمتر بێت لە داهات. ئەگەر یەکێک لەو فاکتەرانەی ئاماژەمان پێکرد بەرجەستە نەبێت، نابێت زاراوەی یەدەگ بەکار بێت و نەوت و گازی نێو کانەکان وەک سامان ئاماژەی پێدەکرێت. لە هەندێک شوێنی زەوی، بوون و نەبوونی نەوت وەکو یەکە، چونکە لە سەردەمی ئێستادا ئەو تەکنەلۆجیایە لە ئارادا نییە کە بتوانێت نەوتەکە بەرهەم بهێنێت و تێچووەکانی هێندە زۆرە، بە لەبەرچاوگرتنی نرخی نەوت و بازاڕی جیهانی، ئەم نەوتە هیچ سوودێکی ئابووری نابێت، کەسیش خۆی لە قەرەی پرۆژەی دەرهێنانی نادات. بۆنموونە لە هەندێک لە کێڵگەکانی نەوتی بن زەریاکان، ئەوانەی کە دوورن لە کەنارەکانی بەرازیل، خەرجییەکی زۆر سەرسوڕهێنەریان دەوێت بۆ ئەوەی نەوت بەرهەم بهێنرێت. لە هەندێک شوێن، قووڵیی دەریاکان دەگەنە دوو کیلۆمەتر، دوای ئەو دوو کیلۆمەترە، پێنج تا شەش کیلۆمەتر بیر هەڵکەندن پێویستە، کە ئەمەش تەکنەلۆجیایەکی لە ڕادەبەدەر پێشکەوتووی دەوێت و هێزێکی مرۆیی زەبەلاحی پێویستە. هەندێک لەو پلاتفۆرمانەی کە بەزمانی پیشەسازیی نەوت بە Oil Rig ناسراوە، خەرجییان دەگاتە یەک ملیۆن دۆلار، تەنها لە یەک ڕۆژدا! ئەو پلاتفۆرمانە چەندین ساڵ دەمێننەوە تاکو کێڵگەیەکی نەوت دەکەوێتە کارو بیرە نەوتەکان بە تەواوی لێدەدرێن، تێچووی گەشەپێدانی کێڵگەکانی نەوت و گاز تا بەکارخستنیان و بەرهەمهێنان، دەیان و سەدان بلیۆن دۆلار سەرمایەیان دەوێت. هەرکاتێک نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دادەبەزێت، بەرهەمهێنانی نەوت لەم شوێنە دژوارانەی سەر زەوی دووچاری مەترسی و زیانی گەورە دەبێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کێڵگانە تەنها لەکاتی تەندروستبوونی باری ئابووریی جیهان دەبنە سەرچاوەی گەشەی وڵات و قازانج بۆ کۆمپانیاکان مسۆگەردەکەن. بۆی هەیە نەوت و گازی وڵاتێک لە سەردەمێکی ئابووریی دیاریکراو "سامان" بێت و لە سەردەمێکی دیکە "یەدەگ" بێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەوەی ئەوڕۆ یەدەگە، ڕەنگبێت سبەینێ پاشەکشە بکات و ببێتەوە بە سامان. وڵاتان و کۆمپانیاکان هەمیشە لە پێشبڕکێدان بۆ زیادکردنی یەدەگی خۆیان و گۆڕینی "ستەیتەس"ی نەوت و گازی وڵات لە سامانەوە بۆ یەدەگ. هەڵبەتە ئەم گەمە تێکهەڵکێشە ئابووری و تەکنەلۆجیە لەسەر خام و کاڵاکانی دیکەش جێبەجێ دەبێت. بڕێکی زۆری نەوت و گازی کوردستان، لەسەردەمی ئێستادا، بە یەدەگ هەژمار دەکرێت، چونکە لەڕووی زەویناسی، تا ڕادەیەکی باش دەزانین نەوت و گازی کوردی چۆن دروستبوون و چۆن لە کانەکان پارێزراون. هەروەها کێڵگەکانی نەوت و گازی کوردستان لەسەر وشکانی دۆزراونەتەوە، بە پێچەوانەی بەرازیل و دەریای باکووری نەرویج و بەریتانیا، خەرجی دەرهێنانی کەمترەو نەوت و گازی کوردستان بەرگەی گۆڕانکاری و قەیرانەکانی ئابووریی جیهانی تا ئاستێکی باش دەگرێت. هەندێک ناوچەی کوردستان هەن کە لەڕووی زەویناسییەوە، ناوچەی زۆر ئاڵۆزن و شیکردنەوەی زۆریان پێویستە، بۆ ئەوەی نەوت و گازی ژێر خاکەکەیان لە باری سامانەوە بگۆڕین بۆ باری یەدەگ. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەت بە شێوەیەک دابڕێژێت کە خۆشمان هاوشانی کۆمپانیا نەوتییەکان توێژینەوەی ورد لەسەر یەدەگ و سامانی نەوت و گازی کوردستان بکەین. سەنتەرەکانی توێژینەوەی نەوت و بەشە زانستییەکانی زانکۆکانمان هان بدەین کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زەویناسی و وزە بن و بە هاوکاری سەنتەرەکانی توێژینەوەی وزەی جیهانی داتاو پلان و بەرنامەی ستراتیجی تۆکمە بخەنە بەردەست حکومەت و سەرکردایەتی کورد و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانیان پیشەگەرانە بخەنەڕوو. نابێت وڵات تەنها پشت بە داتاو ئامارەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ببەستێت. ڕەنگبێت هەندێک جار، دید و تێڕوانینی ئایندەو پلانی ستراتیجیمان وەک نەتەوە، جیاواز بێت لەگەڵ دیدی کۆمپانیا جیهانییە سەرمایەگوزارییەکان. لەکاتی تەنگژەی کۆمپانیای شێل کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، چەندین ڕاپۆرتی ئابووری بڵاوبوونەوە کە هەندێک لە بەرپرسانی کۆمپانیای ناوبراو ژمارەیەک چەواشەکارییان دەربارەی یەدەگی نەوت و گازی کۆمپانیای ناوبراو خستووەتەڕوو، هەروەها لە ڕاپۆرتەکان جیاوازی نەکراوە لە نێوان یەدەگ و سامان. ئەم جۆرە زانیاریانە، زیانی گەورە بە پشکدارە ئابوورییەکان دەگەیەنێت و هەموو لایەک، بەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنانیشی لێ دەکرێت، لە تاریکیدا دەمێننەوەو دووچاری مەترسی گەورە دەبن.

*پسپۆڕی بواری وزە



# 2420 تووشبووی سالاسیمیای گەورە لە کوردستان تۆمار کراون



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

ئاسۆ عوسمان، 24 سـاڵ، ئامادە نییە بە بیانووی هەڵگری سیفەتی سالاسیمیا پەشیمان ببێتەوە لە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشیدەوێت "هیچ شتێک ناتوانێت لە یەکدیمان دووربخاتەوە". پزیشکێکیش نەک پشکنین بۆ ئەو گەنجە بە پێویست دەزانێت، بەڵکو دەڵێت دەبێ هەموو کەسێک لە تەمەنی 15 ساڵی پشکنین بکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە هەڵگری ئەو نەخۆشییەیە یان نا.

سالاسیمیا، نەخۆشییەکی بۆماوەیی خوێنە، کەسی تووشبوو تووشی تێکشکان و شێبوونەوەی خڕۆکە سوورەکانی خوێنی دەبێت. ئەمەش لەلایەکەوە تووشی کەمخوێنی دەکات و دەبێت ناوبەناو خوێنی تێبکرێت، لەلایەکی دیکەوە بڕێکی زۆری ماددەی ئاسن لە شانەکانی لەشیدا (دڵ و گورچیلە و کوێرە رژێنەکان) کۆدەکاتەوە و پەکیاندەخات.

نەخۆشییەکە زیاتر لە وڵاتان و گەلانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاستدا بڵاوە کە کوردستانیش دەکەوێتە ئەم ناوچەیە. ساڵی 2010 لەسەر ئاستی جیهاندا 18 هەزار کەس بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستداوە.

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئاماری سالاسیمیا لە هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "2210 کەس لە هەرێمی کوردستان لە سەنتەرەکانی سەر بە وەزارەتەکەماندا وەک تووشبووی سالاسیمیای گەورە تۆمار کراون، ئەمە جگە لە 100 کەس لەناو ئاوارەکانی سووریا و 210 تووشبووی دیکەش لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە کە لای ئێمە تۆمارکراون".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیش، لە سەنتەری سالاسیمیا و نەخۆشییە بۆماوەییەکانی خوێنی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکەدا 1074 حاڵەتی سالاسیمیای گەورە تۆمارکراون. لەساڵی رابردوودا سەنتەرەکە 12082 جار پێشوازی لە نەخۆشانی سالاسیمیا کردووە و چارەسەری پێشکەش کردوون.

سالاسیمیا سێ پلەی هەیە: گەورە و مامناوەند و بچووک. ئەوانەی سالاسیمیای گەورەیان هەیە، ئەستەمە بگەنە تەمەنی پێگەیشتن و لە دەیەکانی سەرەتای تەمەنیاندا گیان لەدەستدەدەن. مامناوەندەکانیش ماوە نا ماوەیەک تووشی کەمخوێنی دەبن و کەمتر بەرگەی حاڵەتە پڕ فشارەکانی وەک سکپڕی و هەوکردن دەگرن. هەرچی تووشبووانی سالاسیمیای بچووکن، ئەوە بە "هەڵگری سالاسیمیا" دەناسرێن و هەست بە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی ناکەن، بەڵام ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکەی هەڵگردا بکەن، ئەوا 50% ئەگەری هەیە منداڵەکانیان تووشی سالاسیمیای گەورە ببن. بۆیە گرنگە بەر لە هاوسەرگیری پشکنینی خوێن بۆ هەردوو هاوسەرەکە بکرێت تا بزانرێت هەڵگری سالاسیمیان یان نا.

## هەمووان دەبێت پشکنینی سالاسیمیا بکەن

کلینیکی راوێژکاری هاوسەرگیری، سەنتەرێکی تەندروستیی حکومییە و پشکنین بۆ ئەو کچ و کوڕانە دەکات کە بە نیازی هاوسەرگیرین. وەک پزیشکانی سەنتەرەکە دەڵێن، کاری ئەوان نییە هاوسەرگیریی خەڵکی رەت بکەنەوە، بەڵکو تەنیا رێنمایی پێشکەش بەوانە دەکات کە هەڵگری سالاسیمیان و هۆشدارییان پێدەدات کە لە داهاتوو ئەگەری هەیە منداڵەکانیان وەک تووشبووی سالاسیمیا لەدایک ببن.

"باشترە هەموو کەسێک لە تەمەنی 15 ساڵی و بەر لە بڕیاری هاوسەرگیری پشکنین بکات و بزانێت، کە ئاخۆ هەڵگری سالاسیمیایە یان نا، چونکە بڕیارێکی ناخۆشە دوو کەس بڕیاری هاوسەرگیری بدەن و دواتر بزانن منداڵەکانیان لە مەترسیدا دەبن". د.نەجمەدین حەسەن پزیشکی پسپۆڕی تەندروستی کۆمەڵ لەو سەنتەرە وای بە (رووداو) گوت.

وەک ئەو پزیشکە دەڵێت پشکنینی پێشوەختەی سالاسیمیا بۆ هاوسەرەکان لە سەنتەرەکەی ئەواندا، ژمارەی منداڵە تووشبووەکانی کەمکردووەتەوە "لە ساڵی 2011 لە سلێمانی 18 حاڵەتی سالاسیمیای گەورە لە منداڵاندا دەستنیشانکران، کەچی لە ساڵی 2012 رێژەکە دابەزی بۆ تەنیا 5 حاڵەت".

ئەو ئەزموونەی د.نەجمەدین باسی دەکات، چیرۆکی سەرکەوتنی چەند وڵاتێکی دیکەیە بەسەر سالاسیمیادا. بە نموونە لە قوبرس لە هەر 158 منداڵ یەکێکیان سالاسیمیای گەورەی هەبوو، کەچی دوای جێبەجێکردنی پلانی پشکنینی پێشوەختەی سالاسیمیا لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، رێژەکە تەواو نزیکبووەوە لە سفر و بەدەگمەن حاڵەتی سالاسیمیای گەورە لەو وڵاتە تۆمار دەکرێت.

لە ئاماری ساڵی 2013 ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیدا هاتووە کە لەو ساڵەدا و لەناو شاری سلێمانی تەنیا دوو حاڵەتی سالاسیمیای گەورە تۆمارکراون، کەچی لە ناوچەکانی دەرەوەی شاردا پێنج حاڵەت تۆمار کراون. رەنگە هۆکارێکی ئەمەش ئەوە بێت لە ناوچە دوورە دەستەکاندا هۆشیاری تەندروستی نزمتر و ئامرازی پشکنینی پێشوەختیش وەک پێویست نەبن. هەروەها هاوسەرگیری لەگەڵ خزم و کەسانی نزیکیش بڵاوترە، هاوسەرگیری لەگەڵ خزم و کەسی نزیکیش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە بۆماوەییەکانی وەک سالاسیمیا زیاد دەکات.

بەڵام د.نەجمەدین ئەوانەش بێهیوا ناکات کە هەڵگری سیفەتی سالاسیمیان و هاوسەرگیرییان کردووە. ئەو گوتی "ئەگەر هەردوو هاوسەرەکە هەڵگری سالاسیمیا بن، دەبێت هەر کاتێک منداڵ دروستدەکەن، پشکنین بۆ کۆرپەی ناوسکی دایک بکرێت و بزانرێت ئاخۆ ئەو منداڵە تووشی سالاسیمیای گەورە بووە یان نا". پزیشکە پسپۆڕەکە گوتی ئێستا کلینیکەکەی ئەوان لەگەڵ تاقیگەی پسپۆڕی ئێرانیدا رێککەوتووە پشکنین بۆ کۆرپەی ناوسکی دایک بکات و حکومەتیش تێچوونی پشکنینەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

---



**دکتۆر ئیکرام حوسێن**
Ikram_dent@yahoo.com

## خەریکە بەکتریا دەبێتە دایناسۆر

کێشەکە هەر پێکهێنانی حکومەتی سفرە فراوان نییە، ئەوە چەند وەزیر و کابینە دێن و دەڕۆن، هەر لەبەر خاتری خواش یەکێکیان قسەیەکی خێری بۆ بەرژەوەندی ئەو خەڵکە و دەرمانی دژە بەکتریا نەکرد.

دەسەڵاتداران، خەڵک و وەفدی وڵاتانی دیکەش ناچار بە درۆ دەکەن، کاتێک وەفدێکی تەندروستی سەردانی ئێرە دەکات هەمیشە دەڵێن وەفدی میوان بارودۆخی تەندروستی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند، دواتریش کە رۆشتنەوە نوکتەی لەسەر دەکەن، یان لەوانەشە ئەوان وڵاتانی وەک سۆماڵ و ئەفغانستانیان بینیبێت و حاڵی ئێرەیان پێ لەوێ باشتر بێت.

بینرا، بیسترا، سەلمێنرا، ئەو رێکارانەی گیرانە بەر بەرامبەر کۆنترۆڵکردنی دەرمان و رێکخستنی، ئەگەر دۆخەکەی خراپتر نەکردبێت باشتری نەکردووە، جگە لەوەش بازاڕی دەرمانی گەرمتر کردووە، لەلایەنی زانستیشەوە، خەڵکی لەگەڵ دەرمان و دژە بەکتریاکان بوونەتە خزم و عیلمیش بێگانە ماوەتەوە، ئەوەی کەس بە پوولێکی قەڵبی ناگۆڕێتەوە رەچەتەی پزیشکە، پشکنینی تاقیگەیە، تەنها بڕۆ دەرمانخانەو داوای هەر دەرمانێکی دژە بەکتریا بکە و دەتدەنێ، ئەوە لە شارەکان، ئەگەرنا لە قەزاو ناحییەکان بەس خوا خۆی دەزانێت چی دەگوزەرێ.

لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا، هیچ پزیشکێکیش دژە بەکتریای دەستناکەوێ ئەگەر رەچەتەی پێ نەبێت، ئەوە بۆ دژە بەکتریا سووکەکان، بۆ قورسەکانیش بەبێ پشکنینی تاقیگە، هەرگیز چاوت پێی ناکەوێ، هێشتاش دەزگای تەندروستیی ئەو وڵاتە هەر هاواریەتی و دەڵێ دژە بەکتریای ناپێویست دەدرێت بە نەخۆش و پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی زیاترە، لێرەش بچیە لای هەر کۆلکە تەندروستکارێک یان دوکانی دەرمانێک یان بۆ لای باجی حەبێی دراوسێ، نەخۆشیت تێدا بدۆزێتەوە یان نەدۆزێتەوە، راستەو راست کەپسولی ئیلتیهاباتت بۆ دەنووسێ.

خوا هەڵناگرێ، دەستی رەحمەتی خەڵکی ئێمە گەیشتووەتە ئەورووپاش، خۆشییەکەی ئەوەیە هەندێک خەڵک راستییەکەش دەزانن، هەر دایکێک کچەکەی بە شوو دابێتە کوڕە کوردێکی ئەورووپا، کاتێک زاواکەی دەڕواتەوە چەند پاکەتێک حەبی قورگئێشە دەهاوێتە جانتاکەیەوە، بە شیعرێکیش پێی دەڵێ، لەوێ ناتاندەنێ لە نەخۆشخانە با ئەمانەتان هەر هەبێت بۆ تەنگانە.

کاتێک سەرۆکی حکومەت دەڵێ سیستمی تەندروستی ئێمە فەشەلی هێناوە ئیتر هیچ نامێنێتەوە بۆ گوتن، بەڵام کە ئەو بڵێ فەشەلە، ئەی کێ چاکی بکات؟ هەر لە ژێر سێبەری ئەو فەشەلەدا خەریکە بەکتریا دەبێتە دایناسۆر، زۆربەی خەڵکی هێندە دژەبەکتریایان بەکارهێناوە ئیتر بەکتریاکان بەرگرییان وەرگرتووە، رۆژ دوای رۆژ کاریگەری دەرمانە دژە بەکتریاکان لاواز دەبن و هێزو کاریگەری خراپی بەکتریاکانیش زیاتر دەبێت، لەسەر پاکژکەرەوەی دەستیش لە نەخۆشخانەکاندا نووسراوە، تکایە تەنها بۆ پزیشک و ستافی پزیشکییە، وەک ئەوەی بەکتریا تەنها بە دەست و مەچەکی ئەوانەوە بنووسێت، کاتێک حکومەت گەیشتووەتە قەناعەت کە دەرمانی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت، با خەڵک کۆنترۆڵ بکات و لە جیاتی سەرقاڵکردنی مێشکی خەڵک بە باسکردنی بەردەوام لەو کۆبوونەوە زۆرە ئیجابییە نەزۆکانەدا، مێشکیان بە بەکارنەهێنانی دژە بەکتریاکانەوە سەرقاڵ بکات.

ئاخ بۆ دڵسۆزێک هەڵمەتێکی راگەیاندنی گەورە لە پێناوی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی دژە بەکتریاکان دەستپێبکات.

---

# کرمی ئەسکاریس

**دکتۆر زاهیر سووران***

ئەسکاریس یەکێکە لەو کرمانەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاوە بە کوردستانیشەوە. هۆی سەرەکی بوون و بڵاویی کرمەکە لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان نزمیی ئاستی رۆشنبیریی دانیشتووان، نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر کرمەکە لەلایەن دەزگاکانی تەندروستییەوە، هەروەها بایەخنەدان بە چۆنیەتی خۆپاراستن لە کرمەکە و کەمتەرخەمی لە پاکوخاوێنیدا.

### شێوەی کرمەکە:

کرمی ئەسکاریس لە ریخۆڵە باریکەدا دەژی. مێیەی گەورەترە لە نێرەی. درێژییەکەی لە نێوان 15- 30 سانتیمەتردایە. مێیەکان ژمارەیەکی زۆر هێلکە دادەنێن، پاش ئەوەی هێلکەکان هەڵدێن و گەورە دەبن توانای ئەوەیان هەیە تا ساڵێک بەرگەی شلەی نێو ریخۆڵە بگرن و بژین.

کرمی ئەسکاریس کۆئەندامی هەرسی تەواو (دەم و 3 لێو و کونی پیسایی) هەیە.

### رێگاکانی گواستنەوە:

کەمتەرخەمی و گوێنەدان بە پاکوخاوێنی. هێلکەکانی کرمەکە زەوی، ئاو، سەوزە و میوە پیس دەکەن. پاشتریش مرۆڤ لە رێگای خواردنەوەی ئاوی پیس یان خواردنی سەوزە و میوەی پیسبوو بە هێلکەکان تووشی کرمەکە دەبێت.

ماوەی قوتدانی هێلکەکە تا دەرکەوتنی کرمێکی تەواو دەگاتە 2 مانگ. کرمێکی تەواو نزیکەی دوو ساڵ لەنێو ریخۆڵەدا دەژیت.

### جۆر و نیشانەکانی:

نیشانەکانی هەوکردنەکە بەپێی جۆر، قۆناغ و توندێتی هەوکردنەکە.

### ئەسکاریسی سییەکان:

گرنگترین نیشانەی سەرجێگەیی ئەسکاریسی سییەکان بریتییە لە وشکە کۆکە، تەنگەنەفەسی، ژانکردنی قەفەزەی سنگ لە کاتی کۆکیندا.

نەخۆش (تا) یەکی مامناوەندی لێدێت و تف و بەڵغەمی خوێناوییە و گۆڕانکارییەکانی پێستیش دەبینرێت. وێنەی تیشکی سنگ زۆر گرنگە لەبەرئەوەی پاش چەند رۆژێک گۆڕانکارییەکانی سەر وێنەی تیشکی سییەکان نامێنن. ئەم نیشانانە نزیکەی 1-2 هەفتە دەخایەنێت و پاشتر نیشانەکان دەرەوێنەوە. ئەم ئەسکاریسە لەو شوێنانەدا دەبینرێت کە ژمارەی دانیشتووان زۆرە و چڕە.



### ئەسکاریسی ریخۆڵە:

نیشانە گرنگەکان بریتین لە: نەمانی ئارەزووی خۆراک، ژانەسەر، هێڵنجدان و هەستکردن بە رشانەوە، سکچوون یان قەبزی. کرمە گەورەکان دەتوانن بگەنە نێو زراو و پەنکریاس و پاشتر دووبارە دەتوانن خۆیان بگەیەننەوە نێو ریخۆڵە.

### دەستنیشانکردن:

دەستنیشانکردنی کرمەکە یان هێلکەی کرمەکە (بە رێگەی چاندن) پیسایی نەخۆش زۆر ئاسانە و هاوکات دەتوانرێت هێلکەی تروکاو لە نەتروکاو جیا بکرێتەوە.

### چارەسەرکردن :

چارەسەری ئەو نەخۆشییە جۆرە حەبێکە کە پێیدەگوترێت حەبی (مێبێندازۆل). رۆژانە 2 جاران 200 میلیگرام بۆ ماوەی 3 رۆژ، ئەنجامێکی زۆرباش دەدات بە دەستەوە.

### خۆپاراستن :

پێویستە بە باشی سەوزە و میوە بشۆردرێتەوە و ئەو سەوزانەی کە بە پیسایی دانیشتووان ئاو دەدرێت، دەبێت باش بکوڵێنرێت پێش ئەوەی بخورێت.

***پسپۆڕی نەخۆشییە درمەکان و گشتییەکان**

---

# تووشبووانی رەبۆ ئاگاداری رۆژەکەیان نەبوون

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

ساڵی رابردوو رێکخراوی تەندروستی جیهانی، رۆژی 6ی ئایاری دەستنیشان کرد وەک رۆژی جیهانیی ئەوانەی تووشی نەخۆشیی رەبۆ دەبن کە ئێستا ژمارەیان لە جیهاندا 235 ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە.

بەڵام لە کوردستان وەکو بۆنە تەندروستییەکانی دیکە، ئەم رۆژەش بەبێدەنگی تێدەپەڕێت و تەنانەت تووشبووانیش ئاگاداری نەبوون.

کاکە حەمە عەلی، یەکێک بوو لەو نەخۆشانەی لەبەردەم ژووری پزیشک لەریزدا وەستابوو بۆئەوەی دەرمان وەربگرێت، ئەو 8 ساڵ دەبێت تووشی نەخۆشیی رەبۆ بووە، گوتی "من ئەم نەخۆشییەم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە، ئەویش هەمان گرفتی هەیە، بۆیە نەخۆشیەکەی من زیاتر بۆماوەییە".

کاکە حەمە ژیانی خۆی بە "ژیانێکی تاڵ" وەسف دەکات، چونکە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆی بێت. ئەو بە بێزارییەوە گوتی "لەم وڵاتەدا زۆر زەحمەتە بتوانی ئەوەی پزیشک پێتدەڵێت جێبەجێی بکەیت".


ئاڤان ئاراس، یەکێکی دیکەیە لەوانەی کە تووشی نەخۆشیی رەبۆ بووە. ئەو هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەی ئەو نەخۆشییەیان نییە، بەڵام دوای چەند جارێک لە تەنگەنەفەسی، پزیشک پێیگوت کە رەبۆی هەیە "ئەو کاتەی کە پزیشک وای پێگوتم زۆر دڵتەنگ بووم ،چونکە زۆر قورسە. بەردەوام دەبێت ئاگات لە خۆت بێت بە تایبەت بۆ من کە خوێندکارم". ئاڤان گوتیشی "تا ئێوە نەتانگوت، نەمزانی ئەمڕۆ رۆژی جیهانیی رەبۆیە".

پزیشکەکان دەڵێن بۆڕی هەوای تووشبووانی رەبۆ، کاردانەوەی توندی دەبێت بۆ پیسبوونی هەوا و نائارامیی دەروونی. بۆڕی هەوا بەخێرایی تەسک دەبێتەوە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت، رەنگە مەترسی لەسەر ژیانی تووشبوو دروست بکات.

دکتۆر نزار عەبدوڵڵا چنارەیی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی سنگ دەڵێت، ئەم نەخۆشییە نەخۆشییەکی درێژخایەنە، دوو هۆکار هەیە بۆ تووشبوونی نەخۆش: هۆکارێکیان ناوماڵ و هۆکارەکەی دیکەیان دەرەوەی ماڵە.

ئەوانەی ناو ماڵ، ئەو ماددانەی کە لە ماڵەوە بەکاردێن وەکو سۆپا و ئامرازەکانی دیکەی گەرمکردنەوە، ئەو هۆکارانەی دەرەوەی ماڵیش وەکو پیسبوونی ژینگە هۆکارێکی سەرەکین بۆ نەخۆشیی رەبۆ.

دکتۆر نزار دەڵێت "ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیی رەبۆ دەبێت ماوەیەک باشە و ماوەیەک خراپە، ئەو ماوەیەی خراپە کۆکەی وشکی دەبێت، خیزەی سنگی دەبێت و سەرسنگی توند دەبێت".



بەپێی قسەی ئەو پزیشکە، نەخۆشیی رەبۆ روو لە زیادبوونە "نەک هەر لە وڵاتی خۆمان، بەڵکو بەگشتی لەسەر ئاستی جیهاندا ئەم نەخۆشییە روو لە زیادبوونە".


جگە لە دەرمانی پزیشکی، بەشێکی گرنگی چارەسەر بریتییە لە هۆشیارکردنەوەی تووشبووان و کەسانی نزیکیان. کە ئەوەش دەبێت لە دامەزراوە پەروەردەیی و ئاینی و ئەکادیمییەکاندا و لەسەر ئاستی جیاواز کاری بۆ بکرێت.

بەپێی ئاماری سەنتەری راوێژکاریی رەبۆ و حەساسیەت لە سلێمانی، ساڵی رابردوو 2432 تووشبووی رەبۆ سەردانی سەنتەرەکەیان کردووە، ژمارەی ئەو تووشبوانەش کە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵ سەردانیان کردووە، 852 کەس بووە.

دکتۆر عادل کەریم، بەڕێوەبەری سەنتەری راوێژکاری رەبۆ و حەساسیەت دەڵێ "زۆر گرنگە خەڵک هۆشیارییان هەبێت لەبارەی ئەم نەخۆشییە، بۆ ئەمەش دەبێت راگەیاندنەکان هاوکاربن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک".

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی رەبۆ و حەساسیەت گوتیشی "ئێمە زیاتر لەناو سەنتەرەکەدا نەخۆشمان رێنمایی کردووە و لە دەرەوەی سەنتەر هیچ رێنماییەکمان نەبووە".

# شیعرێکی دۆزراوەی گەورەترین شاعیری ئیسرائیل بۆ "لاوی پێشمەرگە"یە



**لازار بێرمان**
**ڕووداو - ئۆرشەلیم**

"لاوی پێشمەرگە" شیعرێکی دۆزراوەی هایم هەفەرە کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا نووسراوە و تێیدا ڕەخنەی توند لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگرێت بەهۆی پشتگوێخستنی کورد.

کەم کەس هێندەی هایم هەفەر کاریگەرییان لەسەر کەلتووری گەلی ئیسرائیل داناوە. بۆ ملیۆنان ئیسرائیلی، شیعر و بەستەکانی هەفەر وەک سیمبولی نەوەی دامەزرێنەری ئەو وڵاتە دەمێننەوە کە لە پێناو سەربەخۆیی و شێوەگرتنی دەوڵەتی جولەکە تێکۆشاون. وشەکانی کە بە عیبرییەکی پاراو و ناوازە نووسراون، ئێستاشی لەگەڵ بێت لەلایەن پیر و گەنجەوە دەکرێنە گۆرانی و بەردەوام لەسەر زارانن.

دالیا یوحەننا، پسپۆڕی ئەدەبی ئیسرائیلی دەڵێ "هەفەر بە نووسینەکانی بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ بەشدار بووە لە بنیاتنان و پێشخستنی ئیسرائیل. زۆر لە هەڵبەست و شیعرەکانی بوونەتە کەنزی کەلتووری کە هۆشیاریی گشتییان لەبارەی بنیاتنانی وڵاتەکەوە دروستکردووە".

بەڵام سۆز و دەروونی ئەو شاعیرە تەنیا سنووردار نەبووە بە ئیسرائیلەوە. لە شیعرێکدا بە نێونیشانی "لاوی پێشمەرگە" کە لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی کورد لە نێوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان نووسراوە، هەفەر نیشانی دەدات کە چ سۆزێکی قووڵی هەبووە بەرامبەر دۆزی کورد. ئەو بەرهەمە بەم دواییانە دۆزرایەوە کە لە "ڕەنەواڵ" ، زمانحاڵی کۆمەڵەی کوردی ئیسرائیل لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا، بڵاوکراوەتەوە.

لەوکاتەدا کە پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان لە دژی سەددام شەڕیان دەکرد، هەفەر گۆشەیەکی لە هەفتەنامەی ئیسرائیلی "Yedioth Ahronoth" تەرخانکردبوو بۆ جەنگاوەرانی کورد و ڕەخنەی توندی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگرت بەهۆی بە تەنیا هێشتنەوەی کورد لە جەنگی سەربەخۆییدا. ئەو شیعرە بە ستایلی "مەقاما" نووسراوە کە ئەو شاعیرەی پێ ناسراوەتەوە و بریتییە لە هۆنینەوەی پەخشانی سەروادار بە ستایلی شاعیرانە.

"لاوی پیشمەرگە" زۆر سیمبولی شیعری تایبەتمەندی هەفەر لەخۆدەگرێت - سۆز بۆ ئەو جەنگاوەرانەی لەپێناوی دۆزێکی مەزندا دەجەنگن، بەکارهێنانی ئاماژەی ئینجیلی، هەروەها سەروای کورت و خێرا بە عیبرییە پاراوەکەی.

## "لەدوای منەوە" و خوازەیەک لە ئیسحاقەوە

هەفەر وشە و میتافۆرگەلێک بەکاردەهێنێ کە لە ڕێیانەوە خوێنەری ئیسرائیلی بە ئاسانی دەتوانێ تێکۆشانی کورد پەیوەست بکاتەوە بەوەی ئیسرائیلەوە. زاراوەی عیبری "Ahara" واتا "لەدوای منەوە"، ئەمە شیعاری ئەو ئەفسەرە ئیسرائیلییەیە کە دەبێ پێشڕەوی سەربازەکانی بکات لەبەرەی پێشەوەی جەنگ.

ئەم زاراوەیە لە شیعرەکەدا دوو جار بەکارهێنراوە، جارێک لەسەر زمانی فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە دەکەوێت، جارێکیش لەسەر زاری جەنگاوەرێکی لاو. دووبارەکردنەوەی زاراوەکە شێوازی هەفەرە بۆ لێکچواندنی پێشمەرگە بە سەربازانی ئیسرائیلی.

هەروەها هەفەر لاوی پێشمەرگە پەیوەست دەکات بە ئیسحاقی نێو ئینجیل. "رم ، دار و ئاگر هەڵدەگرم" قسەی جەنگاوەرێکی لاوی نێو شیعرەکەیە کە لە ئینجیلەوە وەرگیراوە.

بەراوردکردنی پێشمەرگە لەگەڵ ئیسحاق دوو ڕەهەندی نوێ بۆ لاوی نێو شیعرەکە زیاد دەکات. هەفەر لاوەکە وا وێنادەکات کە لەسەر خواستی خۆی دەبێتە قوربانیی دۆزی کورد، خۆبەخشانە ئەو ئامرازانە هەڵدەگرێت کە ئیسحاق بۆ قوربانیکردن هەڵیگرتوون - تەختە، ئاگر، هەروەها چەقۆ. لاوی پێشمەرگە، بەم بەراوردکارییە، پێگەیەکی ئەفسانەیی وەردەگرێت، فیگەرێکی نموونەیی کە وەک مۆدێلێک و وانەیەک دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

ئەی ئەو لاوی پێشمەرگەیە کە بابەتی شیعرەکەیە دەربڕی چییە؟ بە ڕستەی "لاوی پێشمەرگە هێشتا زیندووە" هەفەر وەک مێتافۆرێک بەکاریدەهێنێ هەم بۆ تێکۆشانی کورد بۆ سەربەخۆیی و هەم بۆ خودی نەتەوەی کورد. سەرەڕای ئەو زیانە گەورانەی بەدەستی عێراقییەکان خواردوویانە، وەک هەفەر دەڵێت، تێکۆشان بەردەوام دەبێت، خەڵکی کوردیش لەبەرچاو ون نابێت. دەجەنگن تاوەکو ئاگری نەورۆز هەموو گوندێکی ئازادی نێو چیا بەفراوییەکانی کوردستان ڕووناک دەکاتەوە.

لە شیعرەکەدا، هەفەر ڕەخنە لە وڵاتانی خۆرئاوا و یەکێتی سۆڤیەت دەگرێت. ئەو تێبینییە دەخاتەڕوو کە هێزەکانی سەددام کۆپتەری فەرەنسییان بەکارهێناوە، لەگەڵ فڕۆکەی جەنگی و مووشەکی سۆڤیەتی. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک کۆمەڵێک دوو ڕوو نیشاندراون کە هوتافی وەکو "مافی بڕیاردانی چارەنووس" و "ئازادی"، دواتریش چاویان دادەخەن لە ئاست تێکشکاندنی ڕەوتی سەربەخۆیی لەلایەن دیکتاتۆرێکی دڕندەوە کە ئەو وڵاتانە پشتگیریی دەکەن. "Vive La Liberte"ی فەرەنسی، بە واتای "بژی ئازادی" هەروەها "Mir I Druzhba"ی ڕووسی، بە واتای "ئاشتی و ئازادی" بە تەنیشت خێزانە کوردەکانەوە دەمرن، مۆنۆمێنتێکی دڕندانە بۆ ئەو بیرۆکە بێ گیانانە لەبارەی ئازادی و ئاشتی، وەک هەفەر دەڵێت.

ئەو وڵاتە عەرەبیانەش کە پشتگیریی سەددامیان دەکرد، لە ڕەخنەی هەفەر دەربازیان نابێت. ئاماژە بەو زاراوانە دەکات کە ئەو وڵاتانە لە دژی ئیسرائیل بەکاریانهێناون "خاکی داگیرکراو" و "تەنێکی نامۆ لە جیهانی عەرەبیدا" کە بەسەر کورددا جێبەجێ نابن. شاعیر مشتومڕی دژ بە زایۆنیزم ڕەتدەکاتەوە و دەیەوێ بڵێت "هەرچەندە ئەگەر دژایەتی ئێوە بەرامبەر ئیسرائیل قبووڵ بکات، ئەوە هیچکام لەو ڕەخنانەتان بەسەر کورددا جێبەجێ نابن، کەواتە چ پاساوێکتان هەیە بۆ دژایەتیکردنی تێکۆشانیان بۆ ئازادی؟"

هەفەر ساڵی 1925 لە پۆڵۆنیا لەدایک بووە، لەلایەن وانەبێژێکی تایبەتەوە فێری عیبری کراوە. ساڵی 1936 خێزانەکەی کۆچدەکەن بەرەو فەلەستینی ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا و لە 13 ساڵیدا دەست دەکات بە نووسین.

هەفەر گرووپی میوزیکی پالماک دادەمەزرێنێ. بۆ چەندین گۆرانیبێژی گەورەی ئیسرائیلی گۆرانی نووسیون، چەندین شانۆنامەی وەرگێڕاونەتە زەر زمانی عیبری، شیعری وای نووسیون کە بوونەتە بەشێک لە کەلتووری گەلی ئیسرائیل. یەکێک لە کارە بەنێوبانگەکانی "خوێندنەوەی ناوی کەوتووان" ە کە مەبەستی کوژراوانی جەنگی شەش ڕۆژەی ساڵی 1967ە. هەفەر وای وێنا کردووە کە سەربازە کوژراوەکانی ئیسرائیل دوای جەنگ لە بە هەشت کۆبوونەتەوە، پێدەکەنن، گاڵتە دەکەن، فریشتەکانیش گوێ بۆ بەسەرهاتەکەیان دەگرن و خوداش بەنێویاندا تێدەپەڕێ و برینەکانیان ماچ دەکات.

لە ساڵانی 1975-1977 وەک پسپۆڕێکی کەلتووری ئیسرائیلی لە ئەمریکا خزمەتی کردووە. دالیا یوحەننا دەڵێت "دەستنیشانکردنی ئەو دەریدەخات کە لەو ڕۆژانەدا هەفەر چەند گرنگ بووە بۆ کەلتووری ئیسرائیل".

هەفەر ساڵی 1983 گەورەترین خەڵات لە ئیسرائیل وەردەگرێت لە بەرامبەر خزمەتەکانی بە بواری میوزیکی ئیسرائیل. مانگی سێپتێمبەری 2012، دوای ململانێیەکی درێژ لەگەڵ نەخۆشی، لە تەل ئەبیب لە تەمەنی 86 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

یوحەننا دەڵێت "گۆرانییەکانی هەفەر لە دڵەوە خۆشەویستن، ئێستاش بەردەوام لە بۆنە و یادەکاندا بە درێژایی ساڵ لێدەدرێن و دەگوترێنەوە".

## لاوی پێشمەرگە

**(وەک ڕێزێک بۆ تێکۆشانی نەتەوەی کورد لەپێناو سەربەخۆیی)**

ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەورەیە بۆ باڵندە ڕاوکراوەکان
تانکەکان بەنێو دۆڵەکەدا ڕەت دەبن، تۆپەکان بێ پسانەوە دەتەقن
ئاسمانی ئێوارە ڕۆشنبۆتەوە بە بڵێسەی سووتانی گوندەکان
شەش ڕەوە سەربازی عێراقی بەرەو لووتکەی تەپۆڵکەیەک هەڵدەکشێن
گرمەی تەقینەوە لە نێو چیادا بەدەم دەنگدانەوەوە کپ دەبێت
سەنگەرەکان دەکەون، لە ڕێڕەوەکانەوە ڕاکەڕاکی پاشەکشەیە
گردۆڵکەیەکی دیکە گیرا، لووتکەیەکی دیکە لەدەست چوو- توانا نەما،
بەسە
بەڵام لاوی پێشمەرگە هێشتا زیندووە
ژنان منداڵانیان بەرەو ئەشکەوتەکان هەڵدەگرن
خانووەکان بوون بە تۆز، ئاژەڵان قڕانیان کرد
ئێم ئای جی ناپاڵم بەردەدەنەوە، کاتیۆشاکان گوللەکانیان دەهاوێژن
چیا بەفراوییەکانی کوردستان بەدەست کەللەپووتی ڕەشەوە هەراسان
بوون
دەستەیەک جەنگاوەر باوەش بە بەرددا دەکەن، هێشتا بەردەوامە
هاوەنێک دەکەوێتە خوارەوە، یەکێک دەکەوێت، دواتر یەکێکی دی، پاشان
یەکێکی دی
لێرە دەنگی ئەو فەرماندەیە کپ دەبێت کە هاواری دەکرد " لەدوای منەوە!"
بەڵام لاوی پێشمەرگە هێشتا زیندووە
خەڵکی کورد نە "خاکی داگیرکراو" و نە "بزووتنەوەی بەرەنگاری" یان نییە
بە نێوی زایۆنیزم
"تەنێکی نامۆ"ش نییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی عەرەبیدا
تەنیا بۆ ئازادی دەجەنگێ و
ئامادەیە ژیانی ببەخشێ
بۆ شتێکی سادە کە پێیدەگوترێ "بڕیاردانی چارەنووس"
بەڵام تانکی T-62 گەیشتۆتە نێو گوند، ڕەوەی سیخۆ نزم دەبنەوە
سەربازانی نێو کۆپتەرێکی فەرەنسی دڵڕەقانە پیاو و منداڵ و ماڵ و کۆختە
و گەوڕ و ئەسپ لەنێودەبەن
لە مەیدانی مەرگدا
دایک و جەنگاوەر
پیر و گەنج
چاکەکار و گوناهکار
هەموویان
هاوشانی "Mir I Druzhba" و " Vive la Liberte" ڕاکشاون
لاشەکان کەڵەکە بوون، یادەوەرییەکی مەزن، مۆنۆمێنتێک، بۆ "جیهانی
ئازاد" بۆ "جیهانی سێیەم"، بۆ "ئاشتی و دۆستایەتی" بۆ " ئازادی، یەکسانی،
برایەتی"
سەربازانی عێراقی هەڵدەکشێن و گۆشتی زیندوو پارچە پارچە دەکەن
بەڵام لاوی پێشمەرگە هێشتا زیندووە
نەتەوەی کورد کۆمەڵکوژ دەکرێت، سەرزەمینیان دەبێتە فەوزا
بەڵام لاو دەڵێت "ئەگەر شەو ڕەش بێت، منیش ڕەش هەڵدەگەڕێم، بە
نیازێکی سەخت و سامناک بۆ دوژمنانم دەچمە دەرەوە،
تاوەکو ئەو کاتەی نە شەو دەناسنەوە و نە ڕۆژ
بە نارنجۆک و بۆمبەوە بۆیان دەچمە دەرەوە
رم، دار و ئاگر هەڵدەگرم
بۆیان دەبمە کێڵگە و شاخ و تەپۆڵکە و ئەشکەوت
دەبمە کابووس و ئارەقەی سارد بۆ داگیرکەران
دەبمە دەنگی ئەو هەڵۆیەی جارێکی دیکە دەڵێ "لەدوای منەوە!"
دەمبە مەرگی باوک و براکانیان، مەرگی ئەوانیش دەبێتە ژیانی من
تاوەکو ئەو ڕۆژەی بڵێسەی ئازادی جارێکی دی گوندەکەم ڕۆشندەکاتەوە
تاوەکو ئەو ڕۆژەی بەفری پاک چیاکانم سپی دەکاتەوە
ئاوا دەڵێ لاوی پیشمەرگە، لاو هێشتا زیندووە



هایم هەفەر لەگەڵ گرووپی میوزیکی پالماک لە ساڵی 1949



کامەران محەممەد عەزیز*

# گۆڕان چی دەگۆڕێ؟

ئایا بزووتنەوەی گـۆڕان تەنیا بە گۆڕینی کەسـەکان و وەرگرتنـی کۆمەڵێـک وەزارەت دەتوانـێ بونیـادە کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی بگۆڕێ؟ زۆر بە سـادەیی، نەخێر. لەبەرئەوەی تا ئێستا لە دیسکۆرسـی (گـۆڕان)دا نەهاتووە کە ئەوەی ڕەگوڕیشـەی نەهامەتییەکانە خودی بونیادە جێگیرەکانی کۆمەڵگای کوردییە، بەڵکو تەنیا فۆکەسـی ڕەخنەکانی ئاراسـتەی بکەرەکانی کۆمەڵگای کوردی (پارتی و یەکێتی) کردووە. خـۆ ئەمە بەشـێکی ڕاسـتە، بەڵام تـەواوی کاریگەری بونیادە جێگرەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی کە بووەتە سـەرچاوەی بیرکردنەوە و سیاسـەتکردن و حیزبایەتی و گرتنە دەستی دەسـەڵات و پۆلێنکردنـی بەرژەوەندییـەکان و کۆمەڵێـک بابەتی دیکـە، زۆر بێئاگایانە و مەترسیدارانە پشتگوێخراوە. قسەی من لەسەر ئـەوە نییە ئایـا بزووتنەوەی گـۆڕان دەتوانێ کاری بـاش بـکات یـان نـا، ئاخـۆ دەتوانێ ئـەوەی پێیدەڵێن "سیاسـەتی نەوتی هەرێم" بگۆڕێ؟ یان بتوانێ ستراتیژ و چوارچێوەیەکی نەتەوەیی دابنـێ بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردسـتان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسـێ؟ قسـەی من لەسـەر ئاسـتێکی ترە، بونیادە جێگـر و بڵاوەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی کە سەرچاوەی زۆر لە کێشەکانن.

بونیـادە جێگـرەکان دەبینرێـن و هەسـتپێدەکرێن و لەمـس دەکرێـن. ئـەو بونیادانـە هەم پێشـوەختە هـەن و هەمیش تاکـەکان دووبـارە ڕەوایەتییـان پێدەدەنەوە (reification). لە هەموو چرکەساتەکانی سیاسـەتکردندا لـە هەرێمی کوردسـتان ئەو بونیادانە ئامادەییان هەیە. بەو شـێوەیە وەک ریتچارد ئاشلی دەڵێ، گۆڕان دەبێ بریتی بێت لـە پاراسـتنی ئازادیی مرۆڤەکان لە دەسـت بونیـادە بینراوەکان کە ڕێگـەی لە مرۆڤەکان گرتـووە ئێسـتا و داهاتوویـان بەوشـێوەیە بنووسن کە دەیانەوێ.

لە مێشـکی هەمووماندا، گۆڕانی ڕیشەیی لـە کۆمەڵگەدا تەنیـا لەڕێی شۆڕشـەوە، لە ڕێی گۆڕینی تەواوی سیسـتەمی سیاسییەوە دەکرێ. بێ گوێدانە ئەوەی من دەیڵێم و ئەوەی چ ئەکادیمییـەک دەیڵێـت، وێنـەی گۆڕان لە مێشکی خەڵکانی نارەزای سەرشەقام و تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و مەیدانەکان ڕەنگدانەوەی خواست و خەون و هیوای ئەوانە و نابێ هەوڵی ئەوان لە هیواخواسـتن بـۆ داهاتووی خۆیان وەلاوە بنـرێ. لەو شـوێنەی هـەر فۆرمێکی ناعەدالەتـی بوونـی هەبـێ، لەوێـدا هیـوای گۆڕانکاری دەبێتە هۆی دووبارە کێشـانەوەی وێنەی سیاسەت و کۆمەڵگا بێ گوێدانە ئەوەی زەحمەت و ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕان چەند و چۆن بن. بەڵام مەرجەکانی گۆڕانکاری چین؟ دەبـێ خەڵک هۆکارێکی هەبـێ بۆ گۆڕان کە بوونـی هەیە لـە کوردسـتاندا، دەبێ خەڵک کارامەیـی و توانـای هەبێ بـۆ گۆڕانکاری کە کـەم و زۆر ئـەوەش هەیـە، دواترینیان دەبێ دەرفەتێـک یان بوارێک هەبێت بۆ گۆڕانکاری. هەمـوو ئەوانە هەن، بەڵام ئەوەی بوونی نییە بریتییـە لـە هەسـتنەکردن بـەوەی زۆربەی کێشـەکانی ئێمـە بونیادیـن و کەلتووریـن و مێژوویەکیان هەیـە و ڕۆچوونەتە نێو تەواوی بەشەکانی کۆمەڵگاوە.

پرسـیاری ئـەوەی ئایـا گۆڕانـکاری لـە کۆمەڵگـەدا تەنیـا لـە گۆڕانـی بونیادەکانی کۆمەڵگاوە دێت یاخود لە گۆڕینی تاکەکانەوە، هەروەهـا ئەوەی کە ئەگـەر تاکەکان بوونیان نەبێ بونیادەکانی کۆمەڵگا بوونیان دەمێنێ؟ هەمـوو ئەم پرسـیارانە چەندین سـەدەیە لە هزری سیاسـیدا وەکو کێشەیەک سەیر کراون کە دەبـێ چارەسـەرێکی ئۆبجێکتیڤانەی بۆ بدۆزرێتـەوە. لەگـەڵ ئەو هەموو گەشـتە پڕ بایەخە هزری و فەلسەفیانە، تائێستا وەڵامێکی دیاریکـراو نەدۆزراوەتەوە. ئەسـتەمە بتوانی گشـتگیری بکەی، بەڵام دەتوانی بڵێی زۆر لە لایەنگران و تەنانەت ئەندامە پێشکەوتووەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیش نەیانپرسیوە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا مانای چی دەگەیەنێ و کۆمەڵگا لە چ بارێکدا گۆڕانی بەسـەردا دێت لە تەواوی جومگە و کایەکانییەوە.

ئایـا لەڕاسـتیدا گۆڕانـکاری پرۆسـەیەکە پەیوەندی بە مومارەسەی دەسەڵاتەوە هەیە، یاخـود پرۆسـەیەکی عەقڵانـی درێژخایەنە؟ پرۆسـەیەکی عەقڵانییە هەروەک (شتراوس) دەڵێـت: مەبەسـتی هەموو کارێکی سیاسـی یان بۆ هێشـتنەوەیە یان بـۆ گۆڕینە. کاتێک خواستی کارە سیاسییەکان بۆ گۆڕان بوو، ئێمە هیوا دەخوازین ڕێگە لە هەر گۆڕانێک بگرین بۆ خراپە و کاتێک مەبەسـتی کارە سیاسییەکان بریتی بێت لە پاراستن و هێشتنەوە، ئەوە ئێمە هیوای گۆڕانێکی باشتر دەخوازین.

پێموایـە ئێمە دەبـێ لـە بەریەککەوتن و پەیوەندیی‌نێوان‌بونیادوبکەرەوە‌دەستپێبکەین کـە چـۆن بونیـادەکان دەبنە هـۆی دووبارە وێناکردن و نەخشاندنی ڕەفتارە سیاسییەکانی هەر تاکێک، بەو شێوەیەش خودی ئەو کاتەیە لەڕێی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بونیادەکانەوە لەڕێی زمان و کەلتوور و پراکتیزە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانـەوە جۆرێک لـە ڕەوایەتی و ناڕەوایەتـی، بەردەوامـی و نـا بەردەوامی بە بونیـادە جێگرەکانـی کۆمەڵگا دەبەخشـێ. تێگەیشـتن و خوێندنی کاریگەریـی بونیاد و بکـەرەکان لـە گۆڕانکاری سیاسـیدا، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاسـتی تێگەیشتنمان لە ڕەفتارەکانـی (گـۆڕان)دا. ئێمـە ناتوانین لە بونیادە جێگرەکانی هەر کۆمەڵگایەک تێبگەین ئەگەر نەزانیـن تاکەکانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بونیادانە دەکەن، بەهەمانشێوەش ناتوانین لە ڕەفتاری تاکەکان تێبگەین بەبێ گرنگیدان بەو کۆنتێکسـتەی کە تاکـەکان تێیدا جووڵە دەکـەن. بەو شـێوەیە دەتوانین ئەو شـتانە بدۆزینەوە کە لە شیکردنەوەی ئەوانی دیکەدا ون بوون.

گرنگ وەسـفکردنی دیـاردەی گۆڕان نییە کە چۆنە، گرنـگ ئەوەیە چۆن ئەو دیاردەیە بەو شـێوەیە دەرکەوتووە. ئێمە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی دەبینین نەوەک بەو شـێوەیەی کـە هەیە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە پێمانگوتراوە. بۆیە دەبێ بزانین چۆن گۆڕانکاری لە هەندێ بەشی کۆمەڵگای کوردییەوە دروسـتبووە، لە هەندێکی دیکەدا نەبووە. (گۆڕان) ئەگەر کار لەسـەر گۆڕینی بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵـگای کـوردی نـەکات، نـەوەک هـەر (نایگۆڕێ)، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات خودی بزووتنەوەکـە و داواکانی لە نێو بونیادەکاندا دەتوێنـەوە. گۆڕانکاری کاتێک ڕوودەدات کە بونیـادەکان بەیەکدادەچن و وە بکەرەکانیش وەکو ئامادەبوویەکی ئەو گۆڕانکارییانە دەبێ بە هێز و دیار دەربکەون.

گۆڕان لە مـەودای کورتدا دەکرێ بگوترێ دەبێتە هۆی‌نائارامی‌و‌نادڵنیایی‌لە‌کۆمەڵگادا. لەگـەڵ ئەوەشـدا داواکاری و داخوازییەکانی لایەنگرانی (گۆڕان) دەبێ بە جددی ببینرێ و کاری لەسەر بکرێ، ئەگەر گۆڕان بریتی بێت لە هێنانەئـارای دامەزراوە و بونیادی نوێ لە کۆمەڵگادا لە ژێر ڕۆشنایی و هیوای عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا، ئەوە دەبێ بە هەند وەربگیرێ، بەهەندوەرگرتـن بە مانای ئەوە نا سـەرۆکی پەرلەمـان دەبـێ بگۆڕدرێ بـۆ گەنجێک. لە ڕاستیدا چیرۆکی یوسف محەممەد سادق وەک چیرۆکی گۆڕانێکی ڕیشـەیی لـە کۆمەڵگای کـوردی و کاری پەرلەمانـی لە کوردسـتاندا زیاد لە پێویست گەورەکراوە. بەڵکو گۆڕینی بونیادەکانـی چـواردەوری پەرلەمانەکـە دەبـێ مەبەسـتی (گـۆڕان) بێت. هـەوڵ و بەرنامەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراواندا، بۆ من بەشـێوەیەک دەردەکەوێ کە بە ئاگا و بێ ئاگا مەبەسـت تێیدا پاراسـتنی بونیاد و هەلومەرجە بڵاو و باوەکانی سیاسـەتکردنە (status quo) لەهەرێمی کوردستان، نەوەک گۆڕانی بونیادی و ڕیشـەیی. (گـۆڕان) بۆ ئـەوەی "بیگۆڕێ" دەبـێ دووبـارە ڕەگوڕیشـەی بونیادەکانـی سیاسـەتکردن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا لێکهەڵبوەشێنێتەوە و تێکیانبشکێنێ. دەبێ دووبـارە هەوڵـی دەرخسـتنی ناڕەوایەتـی و ناسروشـتیی ئـەو بونیادانـە بـدات کە بە جۆرێـک بوونەتـە سـەرچاوەی ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتـی. ئـەو کارەش، پێـش ئـەوەی پێویسـتی بـە پرۆژەیەکی سیاسـی هەبێ، پێویستی بە پرۆژەیەکی عەقڵییە. پێویستی بە ئاشتکردنەوەی تاکی کوردە لەگەڵ چەمک و مانای گۆڕان.

*ماسـتەر لە بواری ئاسـایش لە زانکۆی کیڵ لە بەریتانیا
مامۆسـتا لە زانکۆی سەلاحەددین، بەشی زانستە سیاسییەکان



کامیل مەحموود

# پارتی، بزووتنەوەی ئیسلامی بچووک کردەوە

ڕاسـتە بزووتنـەوەی ئیسـلامی لەمـاوەی تەمەنی کاری سیاسـی خۆیدا کێشـەو شەڕی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ دروست نەبووە وەک ئەوەی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانیدا چەندین خولی شـەڕی دەستەویەخەی تووش بووە، نەک هەر ئەوە لەچەند خولێکی شـەڕی ناوخۆشـدا بزووتنەوە و پارتی لەسەنگەرێکدا شـەڕی یەکێتی نیشـتمانییان کردووە و دوای ئەوەش بزووتنەوە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی پارتی بووە لەکاتی پاشەکشـەی لە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی و ناوچـەی هەڵەبجـە و شـارەزوور و هەورامان. مامۆسـتا مەلا عەلی عەبدولعەزیزی ڕابەری کۆچکردووی بزووتنەوەی ئیسـلامی بەشـێوەیەکی پۆزەتیڤانـە ڕۆڵـی لەچاودێـری و پاراسـتنی ئـەو پەیوەندیانەدا هەبووە و پێشـتریش مامۆستا مەلا عوسمانی ڕەحمەتی لەسـەر بنەمایەکی ڕاست و دروست هەر ڕەچاوی ئەو پەیوەندیانەی کردووە.

لـەدوای ڕووداوەکانی ناوخـۆی بزووتنەوەو جیابوونـەوەی برایانـی کۆمەڵـی ئیسـلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی زیاتر برەوی دا بەئاستی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پارتـی و لەگـەڵ یەکێتیشـدا کێشـەکانی تەواو سـفر بوونەوە، ئەویش هەندێ هۆکاری زاتی و مەوزوعی خۆی هەبووە کە بەشێکی بۆ یەکێتی و بەشێکیشی بۆ بزووتنەوەو بەشـێکی تریشـی بـۆ غەیری هەردووکیان دەگەڕێتەوە.

قسـەمان لێـرەدا لەسـەر پەیوەندییەکانی پارتـی و بزووتنەوەیـە بەتایبەتـی. ئـەو پەیوەندییە لەدوای وەفاتی مامۆستا مەلا عەلی باڵانسـی ئاسـایی تێپەڕاند و گومانی لەسـەر سـەربەخۆیی کار و بڕیاری بزووتنەوە دروست کـرد، ئەمەش زیانێکی گەورەی لەبزووتنەوەی ئیسـلامی دا لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و جەماوەری. بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا زیادەڕەوی کرا لە بەکارهێنانی ئەم کارتە دژی بزووتنەوەی ئیسـلامی و ئێمەش سـەرکەوتوو نەبوویـن لەڕەواندنـەوەی گومانـەکان و بـەو هۆیـەوە باڵانسـی دەنگەکانمـان بەتـەواوی هاتەخـوارەوە. ئـەم شکسـتە لەچوونـە ناو لیسـتی هاوپەیمانـی و حکومەتەکـەی پارتی و یەکێتییەوە دەسـتیپێکرد و لەدوو کورسـی پەرلەمانـەوە بزووتنـەوەی هێنایە سـەر یەک کورسـی و ئێسـتاش دەنگەکانـی بزووتنەوە کەمترە لەبەهای کورسـییەک و ئایندەشـمان لەسـەر خوێندنەوەی سیاسەتی ڕابردوومان و بەخۆداچوونەوەی جددی ڕاوەستاوە.

لەمـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا باجی زۆرمـان داوە لەسـەر دۆسـتایەتی پارتـی و بەشداریی ڕووکەشانە لە کابینە حکومییەکانی و بەشـدارینەکردن لەخۆپێشـاندان و ناڕەزایەتییەکانـی شـەقام و بێدەنگیمـان لەبەرامبەر زۆر سیاسەتی هەڵەی دەسەڵات کە شەقام و لایەنە کاراکان دژی وەستاونەتەوە.

تەنانـەت لەبەرامبـەر ئـەو هەمـوو پێشـێلکاریانەی مافەکانمـان لەلایـەن پارتی دەسـەڵاتداری سـەرەکییەوە کـە پارتییـە، هەڵوێست و کاردانەوەمان نەبووە.

بـۆ نموونـە بودجـە دوو ملیۆنییەکـەی بزووتنـەوە بـە ڕابردوویەکی شۆڕشـگێڕانەی شـاخ و دوو کورسـی ناو پەرلەمانەوە نیوەی بودجـەی حیزبێکی بێ ڕابردووی بێ کورسـی ناو پەرلەمانە. تەنانەت پارتی کە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان زەوی و موڵکی بەهەندێـک حیزبـی عەرەبی و زۆر بەرپرسـی سیاسی عێراقی داوە، تا ئێستا بستێک زەوی بە بزووتنەوەی ئیسـلامی نەداوەو بارەگاکانی ڕابـەر و مەکتەبـی سیاسـی و مەڵبەنـد و ئۆرگانەکانـی لەنـاو خانـووی کرێـدان، دوای ئەوەی دەسـت بەسـەر بارەگاکانیـدا گیرا کە بەخوێن لەسوپای بەعسی گرتبوو.

> **بەئەزموون دەرکەوتووە نزیکیی لە پارتی و خولانەوە لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئەو حیزبەدا دوورکەوتنەوە لەشەقام و لەدەستدانی متمانە و دەنگی جەماوەری بەدوادا دێت**

چەندیـن جـار بەڵێنی بەرپرسـانی پارتی و شەخسـی کاک نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی حکومـەت بـە چارەسـەرکردنی کێشـەکانی بزووتنـەوە و پێشـێلکارییەکانی مـاف و ئیسـتیحقاقەکانی ئـەم حیزبـە دراوە و تەنها قسـەو موجامەلـەی نـاو کۆبوونـەوەکان و نووسینی سەر کاغەز دەرچوون و بزووتنەوەش هـەر ڕەچـاوی پاراسـتنی پەیوەندییەکانـی کردووە و هەڵوێستی نەبووە کە دەبوو زۆر زوو کاردانەوەیەکی پێشـان بدایـەو بەلای کەمەوە و بەپاسـاوی ڕێککەوتنـی سـتراتیژی و هاوپەیمانێتی بووە پاڵپشـتی سیاسـەتەکانی پارتی و لەدرێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سـەرۆکی هەرێمدا پشتی ئەو حیزبەی گرت و ڕووی لە زۆرێک لە جەمـاوەرو دەنگدەرەکانی خـۆی وەرگێـڕا و لـە هەڵبژاردنەکـەی 21ی ئەیلولی پەرلەمانی کوردسـتاندا باجی ئەوەی دا، بـەڵام لە هـەردوو هەڵبژاردنی پارێزگاکان و پەرلەمانـی عێراقـدا بەشـێک لەدەنگەکانی خـۆی گێڕایـەوە بەهۆی گۆڕینی سیاسـەت و هەڵوێسـت و گوتـاری یەکێتییـەوە بەرامبەر بە پارتی بـا بۆ پروپاگەنـدەی هەڵبژاردنیش وەزیرەکەی لەو حکومەتەدا بکێشـایەتەوە کە پارتی سەرۆکایەتی دەکات.

بەئەزموون دەرکەوتـووە نزیکیی لە پارتی دیموکراتـی کوردسـتان و خولانـەوە لەنـاو بازنـەی بەرژەوەندییەکانـی ئـەو حیزبـەدا دوورکەوتنەوە لەشەقام و لەدەستدانی متمانە و دەنگی جەماوەری کوردستانی بەدوادا دێت. یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان کەوتـە ناو هەمـان ئەزموونی بزووتنەوەی ئیسـلامییەوە بوو‌بێت. تەنانەت بزووتنەوەی گۆڕانیش باجی ڕێککەوتننامـەی 17ی نیسـانی نێوان خۆی و پارتـی داو کاریگەری خراپی لەسـەر ئاسـتی دەنگەکانـی کـرد لـەم دوو هەڵبژاردنـەدا کە خەڵکی چاوەڕوانی موفاجەئەی گەورە بوون.

یەکێتی نیشتمانی باجی پشتگیریی پارتی و ڕەچاوکردنی پەیوەندی و هاوپەیمانێتییەکەی خـۆی داو بەوهۆیـەوە دەنگی دابـەزی، بەڵام پارتی هەرزوو پشـتی یەکێتی بـەرداو لەگەڵ گـۆڕان و حیزبـە ئۆپۆزسـیۆنەکاندا کەوتـە شـیرینی خواردنەوە کە مـن پێموایە لەڕووی سیاسـی و ئەخلاقیشـەوە زوو بوو پارتی بەو خێراییـە پشـتی هاوپەیمانەکـەی بەربـدات. بزووتنـەوەی ئیسـلامی دەمێکە ئـەو تاڵاوەی یەکێتی نۆش دەکات و پارتی هەر لەسەرەتاوە پشـتی نەگرتـووە تا گلەیـی بەردانی بکەین، بـەڵام یەکێتـی زوو فریـای خـۆی کـەوت و بزووتنـەوەش تا ئێسـتا لەسـەر سیاسـەتی باجدانـی خۆی بەردەوامەو ئەم باجدانەش ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکی دەکاتەوە.

پێویسـتە بـۆ لەمـەودوا بزووتنـەوەی ئیسـلامی چاو بەسیاسەتەکانی خۆی و گوتار و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پارتـی و هەمـوو حیزبـەکان و حکومەتیشـدا بگێڕێتـەوەو ئەو پەیوەندیانـە لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنەکان لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی هاوبـەش و بەشـێوەیەکی هاوسـەنگ بنیـات بنێتەوە کە سـوودەکەی تەنها بۆ گیرفانـی غەیری خۆی نەبێت.

* ئەندامـی سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی ئیسلامی



زانا بەهرام
zana_bahram@yahoo.co.uk

# چەند پرسیارێکی ئابووری بۆ سەرۆکی حکومەت

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردوو، نێچیرڤان بارزانی بەڵێنی ئەوەی بە دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان دا کە لە ئایندەدا لە داهاتی نەوت مانگانە برێک پارە بە هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەدەن. ئەوکات من و ڕەنگە زۆر خەڵکـی دیکەش پێمان وابوو‌بێت کە ئەوە بەشـێکە لە بانگەشـەی هەڵبـژاردن، بەڵام لە دوایین دیداری تەلەڤزیۆنیدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تەلەڤیزیۆنـی ڕووداو، هەمان بەڵێنـی دووبارە کردەوە کە ئەوان سـوورن لەسـەر ئەو بەڵێنە و گوتی ئێمە بەڵێنی شتێک نادەین کە نەزانین دەتوانین جێبەجێی بکەین.

بەشـداریکردنی ڕاسـتەوخۆی خەڵـک لـە سـوودوەرگرتن لـە داهاتـی سـەرچاوە سروشـتییەکانی وڵات ئەگەرچـی لـەڕووی مەعنەوییـەوە دەکرێـت ببێتـە هۆکارێـک بۆ گێڕانـەوەی متمانـەی خەڵـک بەو سیاسـەتە ئابوورییـەی کە حیزبی دەسـەڵاتدار پەیڕەوی دەکات و وەڵامدانەوەیەکیـش بێـت بـۆ ئـەو پرسـیارەی کە خەڵک هەیانـە لەبارەی داهاتی ئـەو نەوتـەی ڕۆژانـە دەیبینـن بـە تانکـەر بـە بەرچاویانـەوە دەڕوات، دەکرێـت ئـەوە دەسـتکەوتێکی سیاسـیش بێت بـۆ پارتی و خودی نێچیرڤـان بارزانی، بەڵام ئەگەر لەڕووی زانستی ئابوورییەوە لێکدانەوەی بۆ بکەین ئەوە ڕەنگە لە کۆتاییدا ئەو یارمەتییە ڕاسـتەوخۆیە بە زیانی خەڵک و حکومەت بشکێتەوە! بۆچی؟

سـەرەتا خۆزگە جەنابی سەرۆکی حکومەت ڕوونکردنەوەی زیاتری دەدا لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئـەو هاوکارییە هەموو خەڵـک دەگرێتەوە بـێ جیاوازی یـان چۆن؟ بۆ نموونـە: هەژار و دەوڵەمەند؟ خەڵکی بێ ئیش و خەڵکی خاوەن کار؟ خەڵکێـک کـە کەمترین مووچـەی هەیە لەگـەڵ خەڵکێک کـە زۆرترین مووچەی هەیە؟ ئایا ژمارەی ئەندامانی خێزان لەبەرچاو دەگیرێت کە ئەگەر خێزانێک 3 کەس بن لەگەڵ خێزانێک کە 9 کەسن؟...

چونکـە ناکرێـت حکومەتێـک مەبەسـتی هاوکاریکردنـی خەڵکـی وڵاتەکـەی بێـت لەو داهاتەی کە دەسـتیدەکەوێت، بەڵام دابەشـی بکاتە سـەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە یەکسـانی! مـن لە بەڕێزیان دەپرسـم: ئایا ئەگەر کەسـێک لە پلەی وەزیری، بەڕێوەبەری گشـتی، پەرلەمانتار، یان سـەرمایەدار بێت لە کوردستان، دەکرێت هەمان یارمەتی و بڕە پارە وەربگـرێ کە بڕیارە بدرێتە کەسـێک تازە ژنی هێنـاوە و مووچەکەی چەند سـەد هەزارێکە و کرێچییە؟ لە کوێی ئەو دونیایە بووە خەڵکێک سـەرمایەدار بێت، بـەڵام حکومـەت هاوکاری مانگانـەی بۆ ببڕێتەوە؟ لـە کوێی ئەو دونیایە شـتی وەها هەیە کـە وەزیرێک مووچەکەی 10 ئەوەنـدەی کارمەندەکەی بێت (بێگومان ئەوە لە کوردستان هەیە)، بەڵام وەک یەک هاوکاری بکرێن لەلایەن حکومەتەوە؟

یەکێـک لـە کۆڵەگـە هـەرە گرینگەکانی بنیاتنانـی وڵاتێکی پێشـکەوتووی بەرهەمهێن بریتییـە لـە چۆنیەتـی داڕشـتنی سـتراتیج و سیاسـەتی ئابـووری لەلایـەن حکومـەت، نـەک شـاندادانە سـەر دەوڵەمەندیـی وڵات لـەڕووی سـەرچاوەی سروشـتی و شـتی تر، بـەڵام بەداخـەوە دوای 22 سـاڵ لـە حوکمی خۆبەڕێوەبەریی کوردسـتان هێشتا نەبووینەتە خاوەن سیاسـەتێکی ئابووری و زانستیی وەها کـە بتوانین بەرگەی دوو مانـگ بڕینی بودجە بگرین لەلایەن بەغداوە، چونکە ئەو سیاسـەتە ئابوورییەی تا ئێستا پەیڕەوکراوە لە کوردستان، سیاسەتێک نەبووە ڕەچاوی هەموو لایەنەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردبێت و بەدوور بووبێت لـە میزاج و بەرژەوەندیی شەخسـی و حیزبی. باشـترین نموونەش: کردنی نیوەی کۆمەڵگایە بە مووچەخـۆری حکومەت! بێگومان ئەو ڕێژە زۆرە لە فەرمانبەری حکومەت هەموو ئەوانەش دەگرێتـەوە کە خاوەنی کاری خۆیانن و داهاتی ڕۆژانەشیان زۆر باشترە لەو مووچەیەی مانگانە لە حکومەتی وەردەگرن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە سەدان گەنج بەبێ ئیش دەسووڕێنەوە و هیچ مووچەیەکیان نییە کە زۆربەیان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن!

بەڕێز سەرۆکی حکومەت: ئایا ئەو سیاسەتە ئابوورییەی لە داهاتی نەوت بڕە پارەیەک بدرێتە هەموو خێزانێک لە هەرێمی کوردسـتان، ئەوە دووبارەبوونـەوەی هەمان سیاسـەتی ئابووری نییە کە پارتی و یەکێتی لە 10 ساڵی ڕابردوودا پەیڕەویـان کرد لە مەسـەلەی کردنی کۆمەڵگا بە مووچەخۆری حکومەت؟ کە ئێسـتا بوونەتە بارێکی زۆر قورس بەسەر حکومەتەوە و نازانن چۆن دەربازتان بێت لێی؟

ئایا باشـتر نییە لەو بـڕە پارەیەی مانگانە دەتانەوێـت بیدەنە خەڵـک، کارگە و کۆمپانیا و پـرۆژەی بازرگانیـی گـەورە و بچووکـی پێ لەشـار و قەزا و ناحییەکان بکەنەوە تا خەڵک ئیشیان تێدا بکەن نەک لە ماڵەوە پاڵ بدەنەوە و چاوەڕوانی سـەری مانـگ بکەن بۆ مووچەی حکومەت؟

ئایـا دەکرێـت لـە وڵاتێـک کـە سـامانە سروشـتییەکەی ئەوەندە زۆر بێت هەموو دونیا چاوی تێببڕن، بەڵام نەتوانێت هیچ شـتێک لە ناوخۆ بەرهەم بهێنێت، تەناتەت ماستی یۆنانی و تورکی مونافەسەی ماستی هەولێر بکەن؟ یان خەیار و تەماتەکەی لە وڵاتانەوە بۆ بێت؟

بەڕێـز جەنابـی سـەرۆک وەزیـران: بـەو بـڕە پارەیـەی کـە بڕیـارە مانگانـە بیدەنـە دەوڵەمەندەکانی کوردستان، دەتوانن بەشێک لە کەرتی کشتوکاڵ ببوژێننەوە.

## ئەزموونی وڵاتانی کەنداو

ئەو وڵاتانەی هەمان سیاسـەتی ئابوورییان پەیـڕەو کـردووە بریتین لـە وڵاتانـی کەنداو. ئەوانیـش ئـەو سیاسـەتی تەمبەڵکردنـەی کۆمەڵگایان پەیڕەو کـرد، بەڵام دوای زیاتر لە نیو سەدە، تازە بە ئاگا هاتوونەتەوە کە بۆچی خەڵکەکـەی خۆیان ئیش ناکـەن و وڵاتەکەیان پڕبـووە لە خەڵکـی بیانی، ئـەو وڵاتانەی کە وەک ئێمە تەنیا داهاتیان نەوت غازە و زۆربەی کەرتەکانی دیکەیان پشتگوێ خستووە.

بەڕێـز سـەرۆکی حکومەت: ئەو سیاسـەتە ئابوورییە ڕەنگە کاریگەری ئەرێنی بەشێوەیەکی کاتـی لەسـەر ژیانـی بەشـێک لـە خەڵکـی کەمدەرامەت دابنێ و ڕەنگە سـوودی سیاسـی بەدوادا بێت بۆ بەڕێزتان و پارتەکەت، بەڵام ئەوە دەبێتە هۆکارێکیش بۆ بێ تواناکردنی گەنجانی کوردسـتان و لە دەرئەنجامدا کۆمەڵگایەکی بێ ئـەرک و بـێ بەرهـەم و دروسـت دەکات. من دڵنیام ئەوە خواستی تۆ نییە نەوەیەک دروست بن لە کوردستان کە بۆ پاککردنەوەی پاشماوەی خۆشـیان پێویستیان بە بەکرێگرتنی کرێکاری بیانـی هەبێت، وەک ئـەوەی لە وڵاتانی کەنداو دەیبینین.

## ئەزموونی نەرویج:

جەنابی سەرۆکی حکومەت: ئەگەر بەڕاستی دەتانەوێـت خەڵکی کوردسـتان سـوودمەند بـن لە داهاتی نەوت، کـە دڵنیام ئەوە نیەتی بەڕێزتانـە، باشـترین ڕێگا بـۆ هاوکاریکردنی خەڵکـی هـەژار و کـەم دەرامـەت ئەوەیـە سیسـتەمی سۆشـیال پەیڕەو بکـەن، چونکە کاتێک کە حکومەت هاوکاری خەڵکەکەی خۆی دەکات، دەبێـت بە پلان بیـکات و بزانێ ئەو هاوکارییـە دەچێت بۆ کێ و چەندە کاریگەری هەیە لەسـەر باشتربوونی ژیانی ئەو خەڵکەی کە ئەو هاوکارییەیان پێویستە.

سیستەمی سۆسیال بریتیە لە هاوکارییەکی حەفتانە کـە دەکرێت مانگانەش بێت، بۆ ئەو خەڵکانەیە کە کەمدەرامەتن یان ئەو خەڵکەی بێ ئیشن، بەڵام بە شێوەیەکی جددی بەدوای ئیشـدا دەگەڕێـن. یارمەتیەکـەش بریتییە لە شـوێنی نیشـتەجێبوون و بڕێـک هاوکاریـی دارایی.

یەکێـک لـەو دەوڵەتانەی کە سیسـتەمی سۆشـیال پەیـڕەو دەکات نەرویجـە. لەگـەڵ ئـەوەش کە نەرویج خاوەنی سـامانێکی زۆری سروشتی وەک نەوت و غازە و یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانـی ئەوروپـا و نـەوت و غاز بە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا دەفرۆشێت، بەڵام ڕاستەوخۆش یارمەتی دارایی ناداتە هەموو خەڵکێـک، تەنانەت هیچ هاوکارییەکی خەڵکی خاوەن کار ناکات، تەنیا سیسـتەمی سۆشیال پەیـڕەو دەکات وەک هـەر وڵاتێکـی دیکـەی ئەورووپی کە هیچ سـەرچاوەیەکی سروشتییان نییـە. بۆیـە خەڵکەکەی وا ڕاهێنـاوە کە بچن لـە سـێکتەرە جیاوازەکانـدا ئیش بـۆ خۆیان بدۆزنـەوە و ببنە هاووڵاتییەکـی بەرهەمهێن و پشت بە خۆیان ببەستن بۆ بژێوی ژیانیان.

بۆیە پێویستە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروسـت و بەرهەمهێن، چاو لە ئەزموون و سیاسەتی ئابووریی نەرویج بکەین نەک وڵاتانی کەنداو.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەنجامی دەنگدانی تایبەت!

ئەو گرێکوێرەی ئەمڕۆ کەوتووەتە نێو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت (کە لەسەر بەشداریی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پەکیکەوتووە)، ڕەنگبێ بەشی هەرە زۆری بریتی بێت لە ڕوانگای ئانتی دیموکراتیکی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ئەو باکگراوندە خوێناوییەی کە حیزبەکانی کوردستان لە مێژووی دوور و نزیکی کوردستاندا هەیانە.

عەقڵیەتی حیزبی کوردی هێشتا تۆتالیتارە، خۆ ئەوەی کە هێزی چەکداری نییە لەوە نییە کە باوەڕی پێی نەبێ، پێی نەکراوە، دەنا ئەویش لەشکرێکی دروست دەکرد. دەڵێین دیموکراسی و سندووقی دەنگدان، بەڵام هێشتا حیساب و کتابی هەموو حیزبەکان لە مەسەلەی سەنگ و تەرازوویان لە کوردستاندا لەسەر ئەنجامی ئەو چەند سەد هەزار دەنگەیە کە ئاسایش، پێشمەرگە، پۆلیس و مروور دەیدەن. وڵاتێک کە پتر لە دوو ملیۆن دەنگدەری تێدا بێت، شوورەییە حیزبەکانی ستراتیژی و سیاسەتەکانیان لەسەر ئەنجامەکانی کەمینەیەک بنیات بنێن و دواییش بە شان و باڵی دیموکراسی و دەنگی کۆمەڵانی خەڵکدا هەڵبڵێن!

کەم کەم لە ژێر ناوی ئیستیحقاق بێت یان شەرعیەتدا، درۆی حیزبە سیاسییەکان و بەڵێنەکانی هەڵبژاردنیان ئاشکرا دەبێت، کەس لە خەمی ئەوەدا نییە کە دەتوانێ لە ڕێگەی وەزارەتێکەوە (تەنانەت بەڕێوەبەرایەتییەکیش بێت) چەندە خزمەت بە میللەت بکات بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەوە، دەردیان ئەوەیە کە چەند چەک و چەکداریان لەبەردەست دەبێت! بۆئەوەی بتوانن هەژموونی خۆیان بپارێزن یان بسەپێنن.

لە هیچ شوێنی دنیا نەمبیستووە (یان ئەگەر هەبێتیش لانیکەم من نایزانم) لە دوای هەڵبژاردن ئەو هەموو بگرە و بەردەیە بە سندووق بکرێ و لەوە زیاتریش دەنگی کەمینەیەکی چەکدار هێندە بەنرخ بێت کە ناوی بنێن "تایبەت"! ئەدی ئەو هەموو خەڵکەی دەنگی داوە چین؟ دەنگی ئەوان بۆ قیمەتی نییە، لەکاتێکدا حیزبەکان لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا روویان لەو (خەڵکە بەشەرەفە)یە و یەک دونیا وەعدیان پێدەدەن؟

هەردوو دەزگای ئاسایش و پێشمەرگە، دەبێ دوو دەزگای نیشتمانی بن و هی خەڵک بن، نەک ئامرازێک بن بۆ بەرەنگاربوونەوە و سەرکوتکردنی خەڵک، بەڵام لە کوردستان حیزبەکان (بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەوە) عەودالّی ئەوەن ئەو دەزگایانەیان لەبەردەستدا بێت و یەکێک لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی ئەو حەز و ئارەزووەش ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستان بزانن نفوزی حیزبەکەیان لەناو ئەو دوو دەزگایەدا چەندە. لێگەڕێ لەوەی کە هیچ کەسێک تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەگەر بابەلباب پارتی یان یەکێتی نەبێ بۆی نییە لە دەرگای ئەو دەزگایە بدات، بەڵام کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە هەست بکەن ئەو دوو دەزگایە هی ئەوانیشن، زەحمەتە بەو بیرکردنەوەیە دروست بێت.

توێژەرێکی ئێرانی زۆر باشی بۆ چووە کە دەڵێ، جیاوازیی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەوەیە لەکاتی شۆڕشدا لە ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە یەکەم دەزگا کە پەلاماری دەدرێ بنکەکانی ئاسایش و پۆلیسن! ئەوە ڕێک ئەوە دەردەخات کە ئینتیمای هێزە چەکدارەکانی وڵات پتر لەوەی بۆ گەل و نیشتمان بێت بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکانە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەوە ڕاست بکرێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەگەر بیرکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان لە کوردستان لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە کێ لەناو هێزی ئاسایش و پێشمەرگە چەند دەنگی هێناوە! و بەوپێیە داوای ئیستیحقاقی خۆیان دەکەن، با لەمەودوا لە جیاتی هەڵبژاردنی گشتی هەڵبژاردنی تایبەت بەڕێوە بچێت و لە سۆنگە و ئەنجامی ئەو دەنگدانەشەوە نەخشەی سیاسی و ئیداری وڵات دابڕێژن و ئەو خەڵکەش بەو هاشوهووشە ماندوو نەکەن!.

بە نەهێشتنی دەنگدانی تایبەت، یان لانیکەم جیانەکردنەوەی دەنگەکانیان لە دەنگی هاونیشتمانیان دەکرێ هەنگاوی یەکەم لە تێکەڵکردنەوەی دەزگا ئەمنی و نیزامییەکان بە خەڵک بنرێ، چونکە ئەگەر ئەوان کوڕی ئەو میللەتەن دەبێ دەنگیشیان تێکەڵی دەنگی ئەو میللەتە بکرێتەوە، هەر جۆرە جیاکردنەوەیەک هێندەی دیکە لە میللەت دووریاندەخاتەوە.

تێبینی: تکایە بەکارهێنانی ئاڵای کوردستانیش لە هەڵبژاردنەکاندا قەدەغە بکرێت، چونکە ئەویش موڵکی هیچ حیزبێک نییە!



سەلاح سالار

# موراجەعەی تەراجوع وا نابێت

هەڵبژاردنەکان وەک نەخۆشیی مەلاریا لەرز و تا بۆ لیست و کیان و حیزبەکان دێنێت، بۆیە دەبینین سەرەتای بانگەشەکان لەرزێکی باش بەردەداتە کەوڵی حیزبەکان و کۆتاییەکەشی (تا)یەکی بەهێز بۆ هەموویان نا، بەڵکو بۆ هەندێکیان بە دیاری بەجێدەهێڵێت. سروشتی (تا)ی بەهێزیش وایە نەخۆشەکە زۆرجار تووشی وڕێنە و جۆرێک لە بێئاگایی دەکات.

ئەم لەرزوتایە کاڵا نییە بە باڵای یەک گرووپدا بڕابێت، بەڵکو جۆرە پەتایەکی تایبەتە و دەگوازرێتەوە و هەرجارە و وەک بەڵای ناگەهان سەرودڵی تاقمێک دەگرێت.

من دەمەوێت قسە لەسەر وڕێنەی (تا) کە بکەم نەک لەسەر خودی ڤایرۆسی نەخۆشییەکە، چونکە جاری وا هەیە بابای تاگرتوو بەهۆی بەرزیی پلەی گەرماکەیەوە تەواوی رازی مەحرەمەکانی و هەندێک نهێنی پەنگخواردووی ناو دڵ و دەروونی خۆی دەدرکێنێ کە لە باری ئاسایی تەندروستیدا نەیویستووە بەیانیان بکات.

ئەگەر زۆر لەسەری نەڕۆین و خوێنەریش دوور نەخەینەوە، دەتوانین نموونە بە وتارێکی کاک مەحموود یاسین کوردی بهێنینەوە کە هەفتەی رابردوو لە ژمارە (308)ی هەفتەنامەی (ڕووداو) لە 2014/5/5 بڵاوی کردەوە.

کاک مەحموود یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە دیار و زۆر حیزبییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی و دڵسۆزێکی تەواوی ئەو حیزبە و بە تایبەت خودی ئەمینداری پێشوو (مامۆستا سەلاحەدین).

کاک مەحموود وتارەکەی لەسەر پاشەکشەکەی یەکگرتووی ئیسلامی نووسیوە و پەنجەی لەسەر زۆر خاڵی لاوازی حیزبەکەی داناوە و هۆکاری شکست و پاشەکشەی یەکگرتووی ئیسلامیی تا ڕادەیەک بۆ ڕای گشتی ڕوونکردووەتەوە کە کارێکی باشە بۆ پێداچوونەوەی هەردوو بڕگەی وتارەکەی (تەراجوع و موراجەعە). بەڵام سەیرم پێدێت کاک مەحموود دێت باری لاسەنگی یەکگرتوو بە حیزبێکی دیکە پارسەنگ دەکاتەوە و دەیەوێت پلار بهاوێتە قەڵای بەرزی حیزبێکی تر کە تازە هێندەی تر باڵای کردووە.

کاک مەحموود سەبارەت بە پاشەکشەی دەنگی برایانمان لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەڵێت:

(ئەنجامە بەرایییەکانی دەنگی یەکگرتوو کارەسات و شۆکە، چونکە یەکگرتوو حیزبێکی سەرتاسەرییە و دەنگ و پێگەی جەماوەری لە زاخۆوە تا کفری هەیە، بەڵام نەبردنی هیچ کورسییەکی پەرلەمانی عێراق لە هەولێر، یەکگرتووی کردە حیزبێکی مەحەلی و ناوچەیی. ئەمەش زەنگێکی ترسناکە، سەرکردایەتی ئەو حیزبە نایەوێ ددان بەو ڕاستیەدا بنێ چونکە یەکگرتوویان کردووەتە کۆمپانیایەک بۆ باشترکردنی بژێویی چەند بەرپرسێکی باڵا کە هەر چوار ساڵ جارێک کۆمەڵێک خەڵک سوودمەند بن).

ئەمە ڕاستیی پاشەکشەی دەنگەکانی حیزبێکە کە کادرێکی چالاکی خۆی دەیخاتەڕوو، بەڵام نووسەر بەوەوە ناوەستێ و هەندێک ڕاستیی تاڵتر دەخاتەڕوو کە چۆن دەنگەکانیان لە کزیی دا. لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەبێژێت: (لەم هەڵبژاردنەدا یەکگرتوو بەرنامەو پلانی نەبوو، هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر چەند بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری تیڤی!، ئەمیندار و سەرکردایەتی لە جیاتی کۆکردنەوەی دەنگ و گەڕان بەناو گەڕەکە هەژارنشین و لادێ و قەزا دوور لە خزمەتگوزارییەکان و دەستپێشخەری لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی یەکگرتوو، سەرقاڵی پەیامی یوتوب و پۆستی فەیسبووک بوون).

تا دەگاتە ئەوەی بەناچاری بڵێت: (کادیرە ئیعلامییەکانی یەکگرتوو بە سکی برسی و کرێچیەتی بانگەشەیان دەکرد. ئەم بەڕێزانەی ئەسڵی مەشروعی ئیسلامیی یەکگرتوویان ون کردووە، بەشێکی زۆریان مەشروعی شەخسییان هەیە و مۆرکی خاکیبوونیان کاڵ بووەتەوە و ناچنە ناو جەماوەر.

بەپرسەکانیش بە ئۆتۆمبێلی بەرزو مووچەی ڕاوێژکاری، عەسران سەرێکیان لە بارەگاکانی حیزب دەدا).

ئەمە هەندێک هۆکارن کە مەحموود دەیانخاتەڕوو، تا ئێرە ئەو باس لە شکستی سەرکردە و ڕێکخستەکانی دەکات و ئینجا دێتە سەر هۆیەکی تری شکستەکەی یەکگرتوو، کە میدیای حیزبە. دەربارەی کەناڵی ئاسمانیی (سپێدە) قسەی توند و زبر دەکات و دەڵێت: (یەکگرتوو بە کەناڵێکی مردووی بێ ناوەڕۆک و گوتارێکی دووبارەبووی دوور لە واقیع موخاتەبەی دەنگدەری دەکرد، پێشتر ئومێدمان بە دەنگی خۆڵەمێشی و بێلایەن هەبوو، کەچی ئەم ئومێدەش نەما و قازانج سەری مایەی خوارد).

تا ئەم پەرەگرافە وا دەزانیت نیگەرانیی نووسەر لەوەیە کە یەکگرتووی ئیسلامی نەیتوانیوە ململانێی پارتی و یەکێتی و گۆڕان بکات و وا هەست دەکەیت لەوە زیزە کە یەکگرتوو هەرچی دەکات ناگاتەوە بە حیزبە یەکەم و دووەمەکان، بەڵام ئەم پەرەگرافەی دواتر پێماندەڵێت شیوەنی کاک مەحموود بۆ ئەوەیە کۆمەڵ گەشەی کردووە و یەکگرتوو پاشەکشە. ئەوەتا زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت: (لە زۆربەی کوردستاندا دەنگەکانی یەکگرتوو کەمی کردووە (جگە لە بادینان)، تەنانەت لە سلێمانیش کۆمەڵ تاوی بۆ یەکگرتوو هێناوە، لە کەرکووکیش بارودۆخەکە شڕە و نیوەی دەنگەکان کەمی کردووە).

ئەمە ئەو حەسرەتەیە لە دڵی کاک مەحموودی داوە. ئینجا ئەزیزم کۆمەڵ بۆچی تاوی بۆ یەکگرتوو هێناوە؟ بۆچی دەبێت تۆ بەسەرکەوتنی براکانت نیگەران بیت؟ لە جیاتی ئەوە باشتر نەبوو دەنگی هەردووکیان و بزووتنەوەش کۆبکەیتەوەو بڵێیت هێشتا ئەوەندە دەنگمان هەیە.

کاک مەحموود و هەر بەڕێزێکی تر مافی خۆیەتی ئازادانە بنووسێت و کارێکی باشیش دەکات کە لە ئاستی هەر لاوازییەک لە حیزبەکەیدا بێدەنگ نەبێت، من بۆخۆم چەندین جار ڕەخنەم لە سەرکردایەتی و هەر پرۆژەیەکی کۆمەڵ گرتووە کە بە پەسەندم نەزانیوە و بە سنگفراوانیش لێم وەرگیراوە، بەڵام نەهاتووم تۆمەت بخەمە پاڵ کەسی تر بۆ ئەوەی ئاوێک بە دڵ و دەروونی خۆم و براکاندا بکەم، چونکە بەو کارە نەک ئاسوودەیی بۆ خۆم و هاوڕێکانم مسۆگەر ناکەم، بەڵکو باری سەرشانیان سەنگینتر دەبێت.

کەچی کاک مەحموود ناڕەوایانە ڕێگە بەخۆی دەدات و دەڵێت: (هەڵبژاردنی 30ی نیسان گورزێکی کوشندە بوو بۆ پووکانەوەی ڕەوتی میانڕەوی ئیسلامی و هیلالی سوننی لە بەرامبەر مەدی شیعی و ئێرانیزم، بێ پلانی و بێ پرۆژەی سیاسیی یەکگرتووە کە وای کردووە ئەم ڕەوتە لە کوردستان پاشەکشێ بکات و لە بەرامبەردا ئیسلامی جیهادی (لە سووری متبووندا) بەهێزتر بووە، ئەمەش نەک هەر بە زیانی یەکگرتووە، بەڵکو بە زیانی کۆی پرۆسەی سیاسی و کرانەوەیە).

من ئەم پەرەگرافە بە وڕێنەی ئەو (تا)یە دەچوێنم کە لە سەرەتاوە باسمکرد، زۆرجار کەسێک بۆ خۆدزینەوە لە قسەیەکی ناپەسەند کە کردوویەتی دەبێت بە هەرشێوەیەک بووە پینەی بکات، ئەگەر ئەو ڕێگەچارەیەی دۆزیویەتیەوە بۆ کەسێتی خۆی نەنگیش بێت.

دەڵێن جارێک حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی خۆی دەگۆڕێت و دەچێتە بازاڕ و لە کەسێک دەپرسێت حەجاج چۆن پیاوێکە؟ دەڵێت خوا گیانی بکێشێت، وەڵا ستەمکارە. حەجاج دەڵێت: تۆ من دەناسیت؟ کابراش دەڵێت: نەخێر، نازانم تۆ کێیت.

دەڵێت: من حەجاجم! کابرا تف لە گەروویدا وشک دەبێت و بەپەلە بیرێک دەدۆزێتەوە و دەڵێت: ئەی قوربان تۆ من دەناسیت؟ دەڵێت نەخێر. دەڵێت: من بەندەی فلانکەسم، مانگی (3) ڕۆژ (فێ)م لێ دێت، ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی فێ لێهاتنەکەم بوو. من وای بۆدەچم کاک مەحموودیش هەمان ڕێچکەی ئەو بەندەیەی گرتبێتەبەر و بیەوێت بەو تۆمەتەی بۆ کۆمەڵ و بەو پاساوەی، بیری ئەندامانی یەکگرتوو بۆ شوێنێکی دیکە ببات.

دەنا دەڵێم کاک مەحموودی بەڕێز کامەیە مەدی شیعەگەری و ئێرانیزم و لە کوێ سەری هەڵداوە و لە کوێ بنجی داکوتاوە، تا گەشە بکات؟! ئەگەر مەبەستت پەیوەندیی کۆمەڵ بێت لەگەڵ ئێران کە هەموو حیزبەکانی دیکەش بە یەکگرتووی ئیسلامیشەوە هەیانە، ئەوە دەبێت سەرەتا لە خودی خۆتەوە دەستپێبکەی، چونکە کۆمەڵ هێندەی یەکگرتوو، پەیام هێندەی سپێدە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ئێراندا، مەبەستم پەیوەندیی دیبلۆماسی و میدیاییە. تۆ ناترسیت زۆر لەسەر ئەو قسەیە بڕۆیت و ئەو تۆمەتەی بۆ خەڵکی تری دادەڕێژیت ڕێک ملی خۆتان بگرێتەوە؟ چونکە وەک گوتم ڕادەی پەیوەندیی کۆمەڵ لەگەڵ ئێران وەک یەکگرتووە و ڕەنگە کەمتر و کاڵتریش بێت.

پرسێکی دیکە ئەوەیە کێیە نوێنەرایەتی سوننە دەکات، یەکگرتوو یان کۆمەڵ؟ خۆ خۆتان باش دەزانن کۆمەڵ لەسەر ئەو جەور و ستەمەی حکومەتی مالیکی بەرامبەر سوننە لە عێراقدا دەیکات یەکەم کەس بوو واژۆی لێسەندنەوەی متمانەی لە مالیکی خستە سەر کاغەزی سپی، کە باجی ئەوەشی دا و خەڵکی دیکەش بە یاریکردن بە زەمەن دۆخەکەی بەڕێ دەکرد. کۆمەڵ ئەو سیاسەتەی گرتەبەر کە نایەوێت لەگەڵ مەڕ شین بکات و لەگەڵ گورگیش گۆشت بخوات. بۆیە ئەو شێوەنەکەی هەڵبژارد و گۆشتخواردنەکەی ڕەتکردەوە. هێشتا زۆر تێنەپەڕیوە کە کۆمەڵ پرۆژەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستانی ڕاگەیاند، کە نەک ئێران، ڕەنگە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دژی بوەستنەوە، ئەمیری کۆمەڵ بوو لە شاری ئامەد لە باکووری کوردستان گوتی: کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت و خەبات دەکەین تا دەگەینە ئەو مافە ڕەوایەی خۆمان.

بەڵام ئەو کاتە ئێوە لە دیوەخانی ئەردۆغان دادەنیشتن و بانگهێشتنامە بۆ ئێوە دەنێرێت و بە بیانووی لەبیرچوون کۆمەڵ بانگهێشتی کۆنگرەکەی حیزبەکەی ناکات. تەنانەت ڕستەیەکی تۆ هەمان بەرنامەی ئەردۆغانە کا باسی کرانەوە دەکەیت: (ئەمەش نەک هەر بە زیانی یەکگرتووە، بەڵکو بە زیانی کۆی پرۆسەی سیاسی و کرانەوەیە).

کاک مەحموود کاتێک دەگاتە کۆتایی نووسینەکەی پێیەوە دیارە باری دەروونیی ئاسایی بووەتەوە و دەچێتەوە سەر ڕەوتی سەرەتای نووسینەکەی و دیسانەوە دەڵێت: (سەرکردایەتی ئێمە خوێندنەوەی سەرپێیی و سادەیان بۆ ڕووداوە ئیقلیمی و ناوخۆییەکان هەیە. پاشان دەڵێت: ئەم برادەرانە هەڵەن کاتێک نزمبوونەوەی دەنگی یەکگرتوو لە هەولێر بە مەلایەکی ڕکابەرەوە دەبەستنەوە، ئەی لە سەنتەری شاری سلێمانی و هەڵەبجە و سەیدسادق بۆ دەنگمان کورتی هێناوە؟

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە گوتم تای هەڵبژارنە و بەرز و نزم بە فشاری مرۆڤ دەکات و باری دەروونی توند دەکات و زۆرجار شتەکانی پێ تێکەڵ دەکات.

دەنا من بە کاک مەحموود دەڵێم دیارە بۆچی دەنگەکانی سەیدسادق کەمی کردووە، ئیتر تۆش بۆخۆت بگەڕێ بەدووی هۆکارەکانی دیکەدا.

نووسەر لە کۆتایی نووسینەکەیدا هۆیەکی دیکەی پاشەکشەی دەنگەکانی یەکگرتوو بۆ چوونە دەرەوەی دوو کەسایەتی حیزبەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "چوونە دەرەوەی دوو کەسایەتی بەهێزی وەکو مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین و د.هادی عەلی دیسپلینی حیزبی و وەرگرتنی بڕیاری یەکلاکەرەوەی لاواز کردووە".

بەڵام دیارە ئەم برایەمان زۆر وردەکاری نەکردووە، دەنا دەبوو ئەوەی بزانیبا یان نووسیبایە کە ئەو دوو کەسایەتییە بە ئاشکرا سیر و پیاز بوون و بۆچوونی هەردوو بەڕێزان زۆر دژ بەیەک و ناکۆک بووە و ناکرێت دوو بۆچوونی جیاواز بکاتە هۆکاری دابەزینی متمانەی دەنگدەر بە یەکگرتوو، یان بگاتە ئەوەی نەخۆشیی ئەمینداری نوێ بکاتە هۆکاری کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوو لە دەڤەری سۆران.

کاتێک تۆ سەرکردایەتی حیزبەکەت بە بازرگان و کۆمپانیا وێنا بکەیت و لە پایتەخت بە دۆڕاو باسی بکەیت و گەیشتبیتە ئەو بڕوایەی حیزبەکەت بووەتە لۆکاڵی، ئیتر خۆت هۆکارەکەت نووسیوە و پێویست ناکات سەر و دڵی کەس بگریت. ئەوەشت گوتووە کە بردنەوەی بادینان دۆڕانی پایتەخت قەرەبوو ناکاتەوە. منیش هەروا دەڵێم، لە هەموو جیهاندا پایتەخت سەنگ و قورسایی و ئایندەی حیزبەکانە.



قەرەنی قادری

# پرۆژە نەزۆکەکەی پژاک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە (2014/5/5)دا پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، لەژێر ناوی "کۆمەڵگەی دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - کۆدار"، "سیستەمێکی سیاسیی حوکمڕانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ڕاگەیاند. ئەم "بەرنامە"یە لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی PKK و ڕاستەخۆ لەلایەن (پژاک)ەوە ئامادە کراوە. بەرنامەی (کۆدار) لە 11 خاڵ پێکهاتووە و لە بەشێکیدا دەڵێت: "بانگ لەسەرجەم گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کورستان و ئێران دەکەین کە بە بەشداری خۆیان، خاوەنداریەتی لە ناسنامەی دیموکراتیکی خۆیان بکەن. هاوکات بانگ لەسەرجەم سازی، ڕێکخستن، پارت، ڕووناکبیران و کەسایەتیە ئازادیخوازەکانی کورد دەکەین کە پشتگیری و بەشداری لە سیستەمی KODAR بکەن."

ئەم بەرنامە سیاسییە بۆ "خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، هەر لە سەرەتادا تەواوی کاروبارەکانی لەلایەن (پژاک)ەوە ئامادە کراوە و دوو هاوسەرۆک کە ئەوانیش لەخۆیانن، بۆ "کۆمەڵگەی دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵات" دیاری کراون. بەوپێیە هەر حیزب یان ڕێکخراوێک کە بچێتە ژێر باڵی ئەو پرۆژەیەوە، دەبێ لە ژێر سەرکردایەتی (پژاک)دا بێت. ئایا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەن بچنە ژێر "سەرکردایەتی"ی پژاکەوە؟

هەر لە سەرەتای بەیاننامەکەدا ئاماژە بە "شەڕی جیهانیی سێهەم" کراوە و هاتووە: "دەتوانین بڵێین کە شەڕی جیهانی سێهەم لە ئارادایە. ئەم شەڕە، لە بواری پانتایی و مەودادا، لە هەر دوو شەڕی جیهانی ڕابردوو، قووڵتر و درێژخایەنترە." ئاماژەکان هیچ باس لەوە ناکەن کە هەر ئێستا شەڕی سێیەمی جیهانی لە ئارادا بێت، کە بێی باس لە "قووڵتر و درێژخایەنتر"ی شەڕی سێیەمی جیهانی بکەیت. ئەم "هەڵسەنگاندن"ەی دۆخی ئاڵۆزی جیهان لەلایەن پژاکەوە، زۆر ساویلکانەیە و ناشارەزایی ئەوان دەگەیێنێت.

لە شوێنێکی دیکەدا بە دروستی ئاماژە بە چەمکی "دەوڵەت- نەتەوە" لە ئێراندا کراوە کە کێشەی بۆ نەتەوەکانی دیکە ناوەتەوە، گەرچی بەر لە پژاکیش باس لە شۆڤێنیستبوونی (دەوڵەت — نەتەوە) کراوە، بەڵام کە دێت باس لە "گەلی کورد" دەکات، دەڵێت: "گەلی کورد و بزووتنەوە شوناسخواز و ئازادیخوازیەکەی بە ساڵانە بۆ پاراستنی هەبوون و ئازادی، تێکۆشان دەکات. بەپێی ئەزموونی مێژوویی خۆی، دەوڵەت- نەتەوەگەرایی تێپەڕاندووە و..."

سەقەتیی ئەم ڕستەیە لەوەدایە کە چەندان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. یەکەمین خوێندنەوە ئەوەیە کە "گەلی کورد" خاوەنی "دەوڵەت — نەتەوە" نەبووە تا ئەم قۆناغەی تێپەڕاندبێت!

هەر لە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی (کۆدار)دا باس لەوە کرا: لەداهاتوویەکی نزیکدا پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) سەبارەت بە دامەزراندنی سیستەمی کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵات "کۆدار" هەڵوێستی فەرمی خۆی ڕادەگەیەنێت". هەر لە بنکە و بارەگای ئەوان، بە هێز و سەرکردایەتیی ئەوانەوە بۆ داهاتووی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" سیستەمێکی سیاسی دامەزرێندراوە، ئەی ئەم هەرایە چییە دەیگێڕن کە لە داهاتووشدا پژاک "هەڵوێستی خۆی" ڕادەگەیێنێت؟

دامەزرێنەری "سیستەمی کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵات — کۆدار" خودی (پژاک)ە، ئەوە نییە دوو هاوسەرۆکەکەی (کۆدار)، ئەندامی سەرکردایەتی پژاکیشن. دوو هاوسەرۆک کە خاوەنی دوو پۆستیشن! (کۆدار) هەڵوێستی سیاسیی پژاکە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات پەنا بۆ هەڵخەڵەتاندنی هاووڵاتیان بەرن. گواستنەوە لە حیزبێکی چەکدارەوە بۆ دانانی سیستەمێکی سیاسی کە گۆیا پژاکیش "بەشێک" بێت لەو سیستەمە سیاسییە، دەبێ باس لەوە بکات، پژاک بە شێوەی پێشوو کە کاری چەکداری دەکرد، ئیتر باوی نامێنێت، چونکە بە تەنیا نەیتوانی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

لەوانەیە (کۆدار) ڕێگەیەکی دیکە بێت بۆ کۆکردنەوەی هێز لە دەوری "پلاتفۆرمێکی سیاسی" کە بنچ و بنەوانەکەی لە دەست پژاکدایە و ئەمەشیان بەشێکە لە پرۆژەکەی PKK بۆ زاڵبوونی بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستاندا. (پەیەدە)یەکی دیکە، بەڵام لە دۆخێک و قۆناغێکی دیکەدا!

پژاک هەر بە نەفەس و کولتووری (PKK)وە کاروباری سیاسی بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێنێت. بەرنامەکان دەنووسێت، سەرۆکیان بۆ دیاری دەکات و دوایی داوا دەکات لەبەر "بەرژەوەندیی کورد" یەک بگرن! پژاکیش ڕێک ئەو کولتوورەی پەکەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان گواستووەتەوە، بەڵام بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیەوە، بەرپەرچی کولتووری خۆسەپاندن و بەکەمزانینی ئەوانی دی دەداتەوە.

"سیستەمە حوکمڕانییەکەی پژاک" تەنانەت خاوەنی ئاڵای تایبەت بە خۆیەتی و "داربەڕوو" لە زەمینەیەکی سەوزدا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان کراوە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە (کۆماری کوردستان 1946- 1947)ەوە تا ئەمڕۆ یەک ئاڵای هەیە و بووەتە سامان و پێناسەی نەتەوەیی لە کوردستاندا. یەکێک لە ئامانجەکانی (کۆدار)یش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "سڕینەوە"ی سامان و مێژووی ئەو پارچەیەی کوردستانە.






هێمن عەبدوڵڵا

# پارتی ببێتە ئۆپۆزیسیۆن

لەدوای راپەڕینەوە پارتی لە سلێمانی لە هیچ دەنگدانێکدا حیزبی براوە نەبووە، بەڵام قەتیش نەیتوانیوە ئۆپۆزیسیۆن بێت. ئەو رەوشە سیاسییە نوێیەی دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی رابردوو لە کوردستان دروستبوو، هەلی زێڕینی بۆ پارتی رەخساند کە ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک لە سلێمانی. وەک چۆن یەکێتی بەلایەوە قورس بوو لە حیزبی هەمیشە حوکمڕانەوە ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، ئاواش پارتی لە ئایندەدا ئەوەی بۆ قورس دەبێ و پێویستی بەوەیە لەئێستاوە پرۆڤەی بۆ بکات.


لە گۆشەی هەفتەی رابردوودا پێشنیازم کردبوو یەکێتی لە سلێمانی ببێتە ئۆپۆزیسیۆن و لە هەولێر بەشداربێت لە حکومەتی کوردستاندا، یان لە سلێمانی بەشداری بکات لە حوکمڕانیدا و لەسەر ئاستی نیشتمانیدا ببێتە ئۆپۆزیسیۆن. بۆ پارتی لە هەولێر بژارەکان کەمترن، چونکە لەسەر ئاستی نیشتمانی ئەو حیزبە نابێتە ئۆپۆزیسیۆن و لەئێستاوە رێککەوتنەکانی کردوون بۆ پێکهێنانی "حکومەتی کۆدەنگیی نیشتمانی"، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی پارتی دوو رێگەی لەپێشە: یان بچێتە هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ گۆڕان و لایەنی دیکە، یانیش ببێتە ئۆپۆزیسیۆن.

لە ئەورووپا هەندێک لە پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانیدا حوکمڕانن، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەندێک شوێن دەبنە ئۆپۆزیسیۆن. لە تورکیاش پارتی داد و گەشەپێدان-ی ئەردۆغان لە زۆر ناوچەدا ئۆپۆزیسیۆنە. لە کوردستان ئەو تێگەیشتنە بۆ ئۆپۆزیسیۆنبوون نییە. بۆیە کە حیزبێک هاتە دەسەڵاتەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئاستی لۆکاڵیدا هەر دەسەڵاتدارە و ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنیش بوو هەمان شت دەکات. ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە کاتێک شکستی هێنا خراپ دەشکێت و کە بردییەوە چاک دەیباتەوە!

بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی بەهۆی ئۆپۆزیسیۆنبوونەوە توانیی گەشە بکات. میدیای گۆڕان لەلایەکەوە دەسەڵاتدارە رکابەرە لۆکاڵییەکەی خۆی دەشکاند، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو قسانەی دەکرد کە خەڵکی سلێمانی دەیانەویست لەسەر کەموکورییەکان بکرێن و بیبیستن. کەچی پارتی لە سلێمانی نە ئەوەی کرد کە ئۆپۆزیسیۆن دەبێ بیکات و نە بەکردەوەش دەسەڵاتی هەبوو ئەوە بکات کە دەسەڵاتدار دەبێ بیکات.

پارتی زۆر حەزدەکات لە سلێمانی رەوشی باشتربێت، بەڵام هیچ ناکات بۆئەوەی بیگۆڕێت. سەرکردەکانی ئەو حیزبە پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە لە شەستەکانەوە کار لەسەر پەراوێزخستن و دزێواندنیان دەکرێ لەو ناوچەیەدا. جەماوەرەکەشیان ئۆباڵی کەمجەماوەرییان دەخەنە ئەستۆی سەرکردەکانیان. رەنگە ئەمە بەشێکی راست بێت، بەڵام گرنگتر لەو فاکتەرانە ئەوەیە کە ناکرێ حیزبێک چاوەڕوانی دەنگی زۆری شارێک بکات و هیچیشی بۆ نەکات. یارمەتیدانی خێزانێکی هەژار و برینەوەی مووچە بۆ چەند هەوادارێک ئیش نین، هەوڵدان بۆ خۆشترکردنی ژیان لە شارەکەدا ئیشە. جا لەبەرئەوەی پارتی لە سلێمانی دەسەڵاتدار نییە و هاوپەیمانێتیکردنیشی لەگەڵ گۆڕان و لایەنەکانی دیکە بچووکی دەکاتەوە نەک گەورە، باشترە لە چوار ساڵی داهاتوودا وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک دەرکەوێت. ئۆپۆزیسیۆنێک کە دەنگدەری سلێمانی قایل بکات دەنگی بداتێ و لە حکومەتی لۆکاڵیدا بیگەیەنێتە دەسەڵات.

بەهەمانشێوەی پارتی، گۆڕان و یەکێتیش دەتوانن لە هەولێر و دهۆک ئەو ستراتیژەیان هەبێت. چونکە راستە کوردستان پێویستی بە "حکومەتی کۆدەنگیی نیشتمانی"یە، بەڵام حکومەتە لۆکاڵییەکانمان بەپێچەوانەوەن و پێویستیان بە دەسەڵاتی ئیشکەر و ئۆپۆزیسیۆنی چارەسکەرە.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# پرۆسەی سپیکردنەوەی ئۆجەلان

ماوەیەک لەمەوبەر دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە پارتی دیموکراسی گەلان، ئۆجەلان کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریی تورکیا. بێگومان کەس چاوەڕێی ئەوە ناکات مانگی ئابی ئەمساڵ ئۆجەلان ببێتە سەرۆک کۆمار، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەوە پێشاندەدەن کە لە چەند ساڵی داهاتوودا سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێتە یەکێک لە بەهێزترین کەسایەتییەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا. ئەگەر دەپرسن چۆن؟ بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵێک لەمەوبەر کە ئۆجەلان لەناو رای گشتی تورکیادا بە "بکوژی منداڵانی ناو بێشکە" ناودەبرا و نەک ئەنجامدانی دانوستاندن لەگەڵی، بەڵکو مافی ژیانیشی لە زیندانی ئیمراڵی جێی پرسیار بوو. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی دانوستاندنەکان، هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی، پرۆسەیەکی دیکە بەبێ ناولێنان بەڕێوە دەچێت کە پرۆسەی ئاشتکردنەوەی رای گشتیی تورکیایە لەگەڵ ئۆجەلان، یان بە واتایەکی دیکە "پرۆسەی سپیکردنەوەی ئۆجەلان" پاش ساڵانێکی درێژ لە رەشکردنی لەبەرچاوی رای گشتی. ئەوەتا "سەردەستەی تیرۆرستان"ی دوێنێ بووەتە "ئەندازیاری ئاشتی"ی ئەمڕۆ و تەنانەت باسوخواسی ئەوە هەیە کە ببێتە پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک کۆماری. راستە ئێستا یاساکانی تورکیا رێگە بەوە نادەن، بەڵام ئەگەر بە وردی بڕوانین لە خێرایی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتکردنەوەی رای گشتی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلان، بە روونی دیارە ساڵەکانی داهاتوو زۆر شتمان پێشان دەدەن کە تائێستا تەنانەت بیرلێکردنەوەشیان لەناو تورکیا بڤە بووە.

پەروین بوڵدان، ئەندام پەرلەمانی پارتی دیموکراسی گەلان رۆژی 2014/5/8 هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ رۆژنامەیەکی تورکی سازکرد. وەرن با پێکەوە شرۆڤەی لێدوانەکانی ئەو پەرلەمانتارە بکەین. بوڵدان جیاواز لە یەکەم لێدوانی دوای کۆبوونەوەکەی 2014/4/26 لەگەڵ ئۆجەلان، ئەمجارە رایگەیاند کە دڵخۆشە بە دوا پێشهاتەکان و ئومێدی زۆری هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی. 26ی مانگی پێشوو کاتێک لەگەڵ سری سورەییا ئۆندەر و ئیدریس باڵوکەن لە دوورگەی ئیمراڵی گەڕانەوە، پەیامی ئۆجەلانیان راگەیاند کە دەیگوت: "خەسڵەتی قۆناغەکە لە گۆڕاندایە، هەر وەک توانای قووڵکردنەوەی چارەسەر هەیە، لە هەمان کاتدا ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕیش هەیە. هەنگاوەکانی حکومەت یەکلاکەرەوە دەبێت لە نەهێشتنی ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕ و فراوانکردنی چارەسەر لە فۆرماتێکی نوێدا". بێ لە دڵخۆشی و ئومێد بە ئایندەی پرۆسەی ئاشتی، پەروین بوڵدان ئەوەشی خستەڕوو کە ئۆجەلان لەگەڵ شاندی دەوڵەت رێککەوتوون لەسەر تێپەڕاندنی دوو یاسای پەیوەندیدار بە دانوستاندنەکان و هاوکات ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکرێت سەرۆکی بەندکراوی PKK لەگەڵ بەشیر ئەتەڵای، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا و ئەفکان ئالا، وەزیری ناوخۆ و بەکر بۆزداغ، وەزیری داد کۆببێتەوە.

ئەم لێدوانانە کۆمەڵێک پەیامی زۆر وردیان تێدایە کە پێویست بە لێکۆڵینەوە و شیکاری زۆر دەکات. پێش هەموو شتێک، لێدوانەکەی 26ی نیسان کە باس لە ئەگەری دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەکات، تای یەکەمی تەرازووەکەیە. ئۆجەلان بیری دەوڵەت و گەلی تورکیا دەخاتەوە کە ئەگەر هەنگاوەکانی حکومەت لە ئاستی داواکانی نەبێت، ئەوە جارێکی دیکە درامای ناردنەوەی تەرمی سەربازانی تورک بۆ شارەکانیان دەستپێدەکاتەوە. ئەمە خاڵێکی زۆر هەستیارە بۆ ئەردۆغان، چونکە وەستانی شەڕ و نەهاتنەوەی تەرمی سەربازان، بنەمای بەشێکی زۆر لە کەمپینی هەڵبژاردنی پارتەکەی پێکدەهێنێت. ئەردۆغان ئەوە بە سەرکەوتنی حکومەتەکەی دەزانێت کە "چیدی خوێن نارژێت" و "دایکان فرمێسک نارێژن". با بێینە سەر تای دووەمی تەرازووەکە، پەیامەکانی رۆژی 2014/5/8ی پەروین بوڵدان، باس لە رێککەوتنی ئۆجەلان دەکات لەگەڵ شاندەکانی دەوڵەت بۆ تێپەڕاندنی دوو یاسا لە پەرلەمانی تورکیا. ئەمە خۆی لە خۆیدا، گۆڕانکارییەکی ریشەییە، هێندەی ئەوەش سەیر و سەمەرەیە. تا ئێستا نەبینراوە پرۆژە یاسا لەلایەن کەسێکەوە کە بە تۆمەتی کوشتنی هەزاران کەس سزای زیندانی هەتاهەتایی دراوە، لە زیندانەوە ئامادە بکرێت و بنێردرێت بۆ پەرلەمان و لەوێ بە زۆرینەی دەنگ تێپەڕێنرێت. دەمەوێت لەسەر ئەم خاڵە بوەستم، لەگەڵ دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لەگەڵ ئیمراڵی، بە شێوەیەکی کرداری ئۆجەلان بووە سەرۆکی هەر دوو BDP و HDP. سەرکردەکانی ئەم دوو پارتە مانگێک دوو مانگ جارێک بەناوی دانوستاندن دەچنە ئیمراڵی و لە راستیدا لەوێ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەکەن و بڕیارەکانی سەرۆک دەهێننەوە ناو پەرلەمانی تورکیا. لەم حاڵەدا بە ئاسانی دەتوانین بڵێین حکومەتی تورکیا داماوە بەدەست ئۆجەلانەوە لە ناو زینداندا و ئازادبوون و هەڵبژاردنی بە سەرۆکی BDP یان HDP بە فەرمی زۆر زیاتر لە بەرژەوەندیی ئەو حکومەتەیە. چونکە ئێستا بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە چاوپۆشی لەوە دەکات کەسێکی "تاوانبار" لە زیندانەوە پارتێکی سیاسی بەڕێوە بەرێت. بەڵام ئەگەر زەمینەیەکی یاسایی بسازێ بۆ دەرچوونی ئۆجەلان لە زیندان و دادگاکان بڕیار لەسەر بێتاوانیی بدەن، ئەوکات بەشداریکردنی لە کاری سیاسی سەرەتاییترین مافی ئەو دەبێت. مەڵێن قەت شتی وا روونادات! ئیلکەر باشبوغ، سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای تورکیا بە هەمان تۆمەت سزای زیندانی هەتا هەتایی درا، بەڵام دوای تەنیا دوو ساڵ و دوو مانگ لەناو زیندان بە هەموارکردنەوەی یاسایەک ئازادکرا.

دەرئەنجامی شیکاری ئەم لێدوانانە لە یەک رستەدا ئەوەیە کە PKK بە دەوڵەتی تورکیا دەڵێت "ئەگەر ئاشتیتان دەوێت ئۆجەلان ئازاد بکەن و با سیاسەت بکات، ئەگەر شەڕیشتان دەوێت ئەوە ئێمە ئامادەین". هەموو ئەم قسانە تا ماوەیەک لەمەوبەر تابووی سیاسی بوون لە تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە من ناوی دەنێم "پرۆسەی سپیکردنەوەی ئۆجەلان"، ئەمڕۆ رێگەیەکی زۆر بڕدراوە لە ئاشتکردنەوەی رای گشتیی تورکی لەگەڵ ئۆجەلان و راهێنانی شەقامی تورکی لەگەڵ ریالیتەی پارتی کرێکارانی کوردستان. گەیشتنی ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بێگومان ماوەیەکی زۆری دەوێت. ئەگەر هەموو شتێک باش بڕوات و پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو نەخولقێ، پێدەچێت 5 ساڵی داهاتوو هەموو ئەم بابەتانە یەکلاببنەوە و لە کۆتایی ئەو ماوەیەدا بەفەرمی ئۆجەلان وەک ئەندام پەرلەمانی تورکیا ببینین.



دەیڤد رۆمانۆ

# ئومێد و تێچووی هەڵبژاردنەکانی عێراق

لە پاش کشانەوەی سوپای ئەمریکا لەساڵی 2011دا، نرخی ئەم هەڵبژاردنەی عێراق و هەڵبژاردنەکانی رابردووش هەمیشە بەرز بووەتەوە. زیاتر لە پێنچ هەزار سەربازی ئەمریکی و هاوپەیمانانی لە عێراق کوژران. ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە سەرباز و پۆلیس و هاووڵاتی عێراقی لە 10 ساڵی رابردوودا کوژراون.

عێراقییەکان شایەنی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردن کە تێیدا ئەو سەرکردانەی یارمەتی وڵات و خەڵکەکەیان دەدەن دەسەڵات بگرنە دەست. زۆربەی ئەو عێراقیانەی کە قسەم لەگەڵ کردوون حەزیان بە سیاسەتی ترس و کینەی تایفی نییە. عەرەبەکان لە کوردستان پێشوازییان لێدەکرێت و پەرۆشی فێربوونی زمانی کوردین. وانە کوردییەکان لە بەغدا بەشی ئەو هەموو ژمارە فێرخوازە ناکات. عەرەبە سوننەکان خەریکە دەگەنە ئەو بڕوایەی کە کوردیش وەکو ئەوان هەست بە ترسی پەراوێزخستنیان لە لایەن حکومەتی بەغداوە دەکەن. هەروەها پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کوردستان و تێگەیشتنیان لە فیدراڵیەت بۆ وڵات بەرەو پێش دەچێت. لە رابردووشدا سەرکردە ئاینییە شیعەکان هەرگیز فشاری حکومەتیان بۆ دەرکردنی فەتوا لە دژی کورد قبوڵ نەکردووە، تا ئەمڕۆش دۆزینەوەی هێمای رق و شۆڤێنیەت لەنێویاندا لە دژی کورد ئەستەمە. سوننە و شیعەکان ژن و ژنخوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، ئەو تورکمانانەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا قسەم لەگەڵ کردوون، دەڵێن لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا ئاسوودەن. مەسیحی و ئێزدی و کاکەییەکان لە 10 ساڵی رابردوودا رووبەڕووی کێشەی زۆر گەورە بوونەتەوە، بەڵام ئەوانیش دان بەوەدا دەنێن کە توندوتیژییەکانی دژیان لەلایەن هەندێک خەڵکی کەمەوە کراون.

بەڵام بۆچی سەرکردە عێراقییەکان هەمیشە خەون و ئاواتەکانی خەڵک ژێرپێ دەنێن؟ ئایا بەهۆی ئەو پارە زۆرەی بەردەستیانە. سەرەتا هاوکاری ئەمریکا و ئێستاش پارەی نەوتە کە وای لێکردوون راستگۆیی و دادپەروەری بە ئەستەم بزانن؟ ئایا دەستتێوەردانی وڵاتانی دەرەکی و گرووپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە سیاسەتمەدارە عێراقییەکانی کردووەتە خوێنڕێژێکی هاوشێوە لە وڵاتێکی خاوەن سەرورەریدا؟ ئایا داکوتانی رەگوڕیشەی بیروباوەڕی بەعسی و حکومەتە دیکتاتۆرەکانی پێشوو وای کردووە هەزمکردنی دیموکراسییەت بۆ عێراقییەکان ئەستەم بێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە نازانم، بەڵام دڵنیام کە وەڵامی مالیکی لە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی و کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان چارەسەر نییە بۆ کێشەکانی وڵات. عێراقییەکان لە هەشتا ساڵی رابردوودا ئەو رێچکەیەیان تاقیکردووەتەوە و هەمیشە دەرئەنجامەکەی کارەسات بووە. زۆر لە عێراقییەکان جگە لە کورد، نایانەوێت وڵاتەکەیان دابەش بکرێت.

چارەسەرێکی واقیعی بۆ کێشەی عێراق راگرتنی باڵانسە لە سەنتەردا، هەرێمەکان و پارێزگاکان. هەروەها راگرتنی باڵانس لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و یاسایەک کە رێگری لە تاک یان پارتێک بکات لە قۆرخکردنی هەموو دەسەڵاتەکان. پاراستنی باڵانسێکی لەوجۆرە پێویستی بە سازش و رێککەوتن هەیە کە ئەوەش جیاواز دەبێت لەو رێککەوتنانەی لەسەر دابەشکردنی وەزارەت و پۆستەکان دەکرێت، لەبری ئەوە دەبێت رێککەوتنێک بێت مانای پارێزگاری بێت لە یەکێتیی وڵات، رێککەوتنێکی لەو جۆرە دەکرێت ئەگەر لایەنەکان سازش بکەن.

وادەردەکەوێت زۆر کەس ئەوەیان لەبیر کردبێت کە ئەو باڵانسەی لەسەر بنەمای رێککەوتن و سازش لەسەر ئاستی باڵا باسی دەکەن نۆ ساڵ لەمەوبەر کرا و ناوی دەستووری عێراقە. نزیکەی 80%ی عێراقییەکان دەنگیان دا بەو گرێبەستە کۆمەڵایەتی و سیاسییە. زۆر لەو عەرەبە سوننانەی لەو کاتەدا دەنگیان بە "نەخێر" دا ئێستا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی دەستوور قبوڵ بکەن. رێککەوتن و سازشکردن لەمە سادەتر و ئاسانتر نابێت، بە تایبەت لە وڵاتێکی وەک عێراقدا. دەستوور باڵانسی دەسەڵاتەکانی کردووە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکان و پارێزگاکان و دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەت لە بەغدا تا هیچ کەس نەتوانێت هەموو پۆست و دەسەڵاتەکان پاوان بکات.

کەواتە چی روویدا؟ دەسەڵاتدارانی نوێ هەر کە دەسەڵاتیان گرتەدەست، کەوتنە پێشێلکردنی دەستوور و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خۆیان. دەنگدەرە شیعەکان بە زوویی لەبیریان چوو کە ژێردەستەیی و جیاکاری چ ژانێکی هەیە، لەبری ئەوە خۆشییان دەگێڕا کاتێک ئەو بەڵێنانەی بە کورد و سوننە و لیبراڵ و عەلمانییەکان و چەندین گرووپی سیاسی دیکە درابوون، یەک لە دوای یەک دەشکێنران.

ئەم هەڵبژاردنە دەریدەخات، ئەو پرۆسەیەی لەژێر ناوی یەکێتیی عێراق جێبەجێ دەکرێت، بەردەوام دەبێت، یان نا.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# ژینگەی عێراق و هێڵی هەژاری

بەپێی راپۆرتێکی دەزگای ناوەندیی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی نێودەوڵەتی عێراقی، دەرکەوتووە کە حەوت ملیۆن عێراقی لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین. ئەمەش دەکاتە رێژەی 23%ی دانیشتووانی عێراق کە هێڵی هەژاری تێیدا بە 77000دینار بۆ هەر تاکێک لە یەک مانگدا دیاری کراوە.

لەلایەکی دیکەوە، رێژەی بێکاری هێشتا لە ئاستی 15% دایە ئەگەرچی ئەم رێژەیە لەساڵی 2003دا نزیکەی (28%) بوو.

لەبارودۆخێکی ئاواشدا زۆر زەحمەتە قسە لەسەر ژینگەو گەشەپێدان بکەین، چونکە پاراستنی ژینگە وەک چەمکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیان و ... هتد، پێویستی زۆری بە کۆمەڵگەیەک هەیە کە لای کەمی پێداویستییە سەرەکییەکانی لە ژیاندا دابین کرابێت. هەر لەبەر ئەمەشە دەڵێن: دیموکراسی پەیوەستە بە بووژانەوەی چینی ناوەند لە نێو کۆمەڵگەدا، چونکە ناکرێت زۆرینەی کۆمەڵگە هەژار و نەخوێندەوار بن و لە هەمان کاتیشدا دیموکرات بن و لە چەمکە نوێیەکان تێبگەن.

پێناسەی زۆریش بۆ هەژاری کراوە لەلایەن توێژەرانەوە کە دواجار لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گوتراوە: "هەژاری بارودۆخێکی سەختی ژیانە لە نەبوونی و کەمدەرامەتی و بەدخۆراکی و نەخوێندەواری و نەخۆشی و ژینگەی داڕووخاو و تێکڕای بەرزی مردنی منداڵانی شیرەخۆر و تێکڕایەکی نزمی تەمەن".

دیاردەی هەژاری دەرئەنجامی زۆر هۆکاری وەک بێکاری، کەمیی کرێی کار، جیاوازیی گەورەی نێوان مووچەکانە.

بەپێی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، لەکۆی (10) گرفت و لەمپەری بەردەم پاراستنی ژینگە، هەژاری بە پلەی یەکەم دێت و هەروەها لەکۆی خاڵەکانی پێشنیازکراو بۆ چارەسەری پیسبوونی ژینگەش، هەر کەمکردنەوەی رێژەی هەژاری بەپلەی یەکەم دێت.

هەژاران وەک ئەنجامدەری پیسبوونی ژینگەن لەبەر نەبوونی و نەخوێندەواری، هەر خۆشیان قوربانیی یەکەمی پیسبوونی ژینگەن، چونکە هەژاری وەک ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارە، لە هەمان کاتیشدا هۆکارە بۆ کۆمەڵێک ئەنجامی دیکەی نەخوازراو.

هەروەها کە هاوسەنگیی نێوان توێژەکانیش تێکدەچێت، بەجۆرێک کە کاتێک زۆرینە هەژاربن، ئەوا کەمینەیەکی کەمیش زۆر دەوڵەمەند دەبن و لەبەر قازانجی بێسنوور گوێ بە ژینگەو هەژاران نادەن و بە کارگەو بەرهەمەکانیان ژینگە پیس دەکەن.

دیارە کە مەسەلەی هەژاری و بێکاریش پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە قۆناغی دوای تەواوبوونی جەنگی ساڵی 2003و ئاکامەکانی لەرووی ژینگەییەوە، بەتایبەت مامەڵەکردنی بازرگانی بەپاشماوەکانی جەنگ لەبەرنەبوونی هەلی کارو کەمیی هۆشیاری لەبواری زانیاری لەبارەی پاشماوەکانی جەنگ بەگشتی و ماددە تیشکاوەرەکان بەتایبەتی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ماددانە لە زۆر دروستکراو و دامەزراوەی سەربازی و مەدەنیدا و هەروەها لە خراپ بەکارهێنان و هەڵگرتنی ئەم ماددانەدا و لە لاوازیی چاودێریکردنیدا، زۆر کارەساتی مرۆیی گەورە کەوتوونەتەوە بە درێژایی ساڵانی رابردوو.

ئەمڕۆ بە پەلەو بێ دواکەوتن پێویستە بارودۆخی هەژاران چاک بکرێت و خوێندەوار بکرێن و تواناکانیان بەگەڕبخرێن، شوێنی نیشتەجێبوونی تەندروستیان بۆ دابین بکرێت، چونکە هەژاری هەڕەشەیە لە ئاسایشی ژینگەو دواتریش لە ئاسایشی نیشتمانی، بۆیە پێویستە چارەسەر ئەمە بێت:

یەکەم: - نەهێشتنی هەژاری پێش هەموو شتێک، بەباشکردنی دەرامەتی تاک و خزمەتگوزاری و ریفۆرمی ئابووری.

دووەم: - پەلەکردن لە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی جەنگ و دووبارە شیاندنی زیانلێکەوتووانی بواری جەنگە زۆرەکانی عێراق.

سێیەم: - کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ هۆشیاریی ژینگەیی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ پاشماوەکانی جەنگدا.

چوارەم: - زیادکردنی چینی ناوەند، چونکە هەژاری نەدار و دەوڵەمەندی لە رادەبەدەر هیچیان لەبیری پاراستنی ژینگەدا نابن، هەژاران لەبەر نەبوونی و دەوڵەمەندانی گەورەش لەبەر قازانج!.

پێنجەم: - چوونە نێو رێککەوتننامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان و ئیمزاکردنیان لەلایەن عێراقەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانە و هی دیکەشدا، دەتوانین لەعێراقدا بایەخی زیاتر بە پاراستنی ژینگە بدەین و دەست بکەین بە بنیاتنانی تواناکان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاریی ژینگەیی.

*** نووسەر و رۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



بەهجەت یەحیا:

## کلیپ بووەتە بازاڕێک بۆ هەڕاجکردنی هونەر

10

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سالَح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

www.farukmedicalcity.com




چاودێریکردنێکی پزیشکیی بێ وێنە

لە شاری پزیشکیی فاروق، تەندروستیی نەخۆشەکانمان ئەرکی سەرەکیمانە. وە بە نوێترین شێوە و بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە و بە شارەزایی و پسپۆڕیی تواناداری کادرە پزیشکییەکانمانەوە کۆشش دەکەین کە بەرزترین رادەی خزمەتگوزاریی چرووپڕی پزیشکایەتی بۆ نەخۆشەکانمان دابین بکەین.

شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، سلێمانی، کوردستان، عێراق | +964 (0) 770 900 0000

fmc
FARUK MEDICAL CITY

SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

بۆ رێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی

RÛDAW

RÛDAW
FM & MUSIC



پەیوەندی بکە بە:

